# گوڵان

ساڵی بیست و هەشتەم (١٣٠٦)- (٢١)ی شوباتی ٢٠٢٢

## بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی دژی یاسای نەوت و گازی کوردستان

# کۆتایی سیستمی فیدراڵی و گەڕانەوەیە بۆ سەنترالیزم

”بە سیاسیکردنی دادگای فیدراڵی و دەرکردنی بڕیارێکی نادروست لە ڕووی یاساییەوە لەم کات و ساتەدا، خۆی لە خۆیدا کێشەیەکە و دەمانخاتە بەردەم مەترسییەکی گەورەوە“

”بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی بڕیارێکە بە مردوویی لەدایک بووە و هەر بە مردوویش دەمێنێتەوە“






# پێویستە یەکڕیزی و بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی کورد بپارێزین

٧

پەیوەندییەکانمان لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکە لە سەردەمی شۆڕشی گوڵاندا هەوراز و نشێوی زۆری بینیوە، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا سیاسەتی ئێمە دروستکردنی پەیوەندی بووە لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی بەرامبەر و پاراستنی سەربەخۆیی لە بڕیاری سیاسیی خۆمان بووە و هیچ کات ڕێگەمان نەداوە خەڵکی تر بتوانن کارێک بکەن پارتی لە بنەما و پرەنسیپ و ئامانجەکانی پاشگەز ببێتەوە، ئێمە خۆمان خاوەنی دۆزێکی ڕەوا بووین، ڕێگە و ئامانجمان دیار بوو، لەبارەی پەیوەندییە کوردستانیەکانیشەوە هەمیشە هەوڵەکانمان بۆ یەکڕیزی بووە و هەوڵمانداوە ئەزموونەکانی خۆمان لەگەڵ لایەنەکانی دیکە بەش بکەین، جێگەی داخە لە قۆناغی شۆڕشی گوڵاندا لەبەر هۆکاری جۆراوجۆری ناوخۆیی و دەرەکی پیلانگێڕییەکانی ناحەزانی گەلی کورد کۆمەڵێک گیروگرفت و ڕووداوی ناخۆش لە نێوان لایەنە کوردییەکان ڕووی دا. بەڵام شوکر بۆ خودا، ئەو گیروگرفتانە تێپەڕین و دواجار هەموو لایەک هاتنە سەر ئەوەی کە پێویستە یەکڕیزی و بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی کورد بپارێزین، ئەمانە هەمووی ئەزموونی تاڵن و باسکردنیان بۆ ئەوەیە کە ڕاستییەکان بۆ نەوەی ئێستا و ئایندە ڕوون ببێتەوە و بشبێتە ئەزموونێک بۆ ئەوەی بە هەموومان ڕێگە لە دووبارەبوونەوەیان بگرین.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، قۆناغی شۆڕشی گوڵان قۆناغێکی زێڕینی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بووە و کرانەوە بوو بە سەر خۆی و بە سەر جیهانی دەرەوەدا و دەرفەت و هەلی گەورەش بۆ گەلی کوردستان هاتە ئاراوە.

## چاپکراوی نوێ




(أحمد سالار ... أيقونة المسرح الكردي... دراسة توثيقية) لە نووسینی (دکتۆر عەلی محەمەد هادی ئەلروبەیعی) بە زمانی عەرەبی چاپکراوە و لەم ماوەیەدا لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتدا بەسەر نووسەر و ڕۆشنبیر و هونەرمەند و خوێنەراندا دابەشکرا.

نووسەری کتێبەکە بە تێرو تەسەلی باس لە ژیاننامە و داهێنان و خزمەتکردنی (ئەحمەد سالار)ی هونەرمەند و مرۆڤ دەکات بەدرێژایی ئەو هەموو ساڵەی تەمەنی، ئەو دەڵێت ساڵانێکی زۆر هەموو ئەو نووسین و لێدوان و دیدارانەم کۆکردووەتەوە کە لەسەر ئەو هونەرمەندە لە ڕۆژنامە و میدیاکان بڵاوکراونەتەوە، زۆربەی ئەوانەی کە دەستیشم کەوتوون بە زمانی کوردی نووسرابوون، بەڵام من کۆڵم نەداو توانیم کە دڵۆپێک لە دەریایەکی ئەفراندن و خزمەتی ئەم کەڵەهونەرمەندە کۆبکەمەوە.

ئەم کتێبە خستنەڕووی مێژوویەکی ڕەسەنی زیاتر لە پەنجا ساڵەی ئەحمەد سالارە لە بواری نووسینی دەقی شانۆیی و نواندن و دەرهێنان، کتێبەکە لە پێنج بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم قۆناغەکانی ژیاننامەی ئەحمەد سالارە، لە بەشی دووەمدا گرنگی بە هەواڵ و ڕیپۆرتاژە ڕۆژنامەنووسییەکان دراوە کە باسی هونەرمەندیان کردووە، بەشی سێیەم بریتییە لەو دیدارانەی لەگەڵیدا کراون و لە دەزگاکانی میدیادا بڵاوکراونەتەوە، بەڵام بەشی چوارەمی کتێبەکە سەرجەم ئەو وتارە ڕەخنەئامێزانەی لەخۆ گرتووە کە نووسەرانی عەرەب و کورد سەبارەت بە کاری شانۆیی هونەرمەند نووسراون، دوا بەشی کتێبەکەش ئەو توێژینەوانەن کە بریتین لە چالاکییەکانی شانۆیی هونەرمەند. دەستخۆشی لە نووسەری کتێبەکە دەکەین و تەمەن درێژیش بۆ هونەرمەندی ناسراوی گەلەکەمان ئەحمەد سالار دەخوازین.




## گرنگیی بەشداریی کوردستان لە ٥٨ەمین کۆنفرانسی میونشن بۆ ئاسایشی جیهانی

دکتۆر فازڵ نەبی :



### دەبێت ستراتیژییانە بیر بکەینەوە و بکەوینە دانوستاندن و سوود لەو کاتە وەربگرین کە لە بەردەمماندایە

پرۆفیسۆر د. محەمەد شەعبان :



### بوونی کاری ڕەش بۆ بیانییەکان وای کردووە کار بێ بەها بێت

ستیڤن بلانک :



### بە هۆی قەیرانی ئۆکرانیاوە ڕووسیا دووچاری گۆشەگیری و سزای زیاتر دەبێت





■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێیان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی / شەقامی ٤٠ مەتری

*Web: www.gulanmedia.com*

دکتۆر سەباح سوبحی حەیدەر :



## لە عێراقدا بـارودۆخێکی ئاڵۆز و سیسـتمێکی شکستخواردووی سیاسی لە ئاردایـە


ماوۆستا هەستی :



## بە ئارام گرتن و قەناعەت هێنان بە دەوروبەرم توانیم بەربەستەکان ببەزێنم



## داتاشۆکان جێگای تـیڤی پڕ دەکەنەوە



## کێ پێویستیی بە ژەمی چوارەمی ڤاکسینی کۆڤید هەیە؟



کالێ رەئوف :

## یانەکان بارودۆخیان باش نییە دەڵێن بۆچی بە خۆڕایی تیپ دروست بکەین

برادەر :

## هونەر تەنیا بە پارە و ڕیکلام پێش ناکەوێ



هونەرمەند یەکبوون :

## وەک ئەرک دخوازم پیتر لسەر زمانێ خوە کار بکەم



# گرنگی و کاریگەریی پەیوەندییە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان بۆ ئاسایشی نەتەوەیی..

## ڕۆڵی سەرۆک بارزانی بە نموونە بۆ هەرێمی کوردستان

**هیچ هاودژییەک نییە لەنێوان هاوپەیمانی هەرێمی و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی، بە پێچەوانەوە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان زۆر پاڵپشتیی هاوپەیمانی و پەیوەندییە هەرێمییەکان دەکات**

**لە ڕوانگەی ئەزموونی پەنجا ساڵەی سەرۆک بارزانی لە بواری دیپلۆماسیەت و پەیوەندییە هەرێمی و نێودەڵەتییەکاندا، دەتوانین دەستنیشانی هەندێ بابەت بکەین**

باسکردنی پەیوەندییە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان زۆر فراوانە، کە تەنیا لایەنە یاساییەکە ناگرێتەوە، بەڵکو لایەنە ئابووری و سیاسییەکەش دەگرێتەوە، بۆیە پەیوەندییە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان دەکەونە خانەی دیپلۆماسیەتەوە، هەروەها دەکەونە خانەی دەرەوە و میکانیزمەکانی ئابووری و بازرگانی بۆ ڕێکخستنی نێودەوڵەتی، تەنانەت هەندێ بابەتی فیکریش دەگرێتەوە، وەك بابەتەکانی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤ و پێوەرەکانی دیموکراسی و چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکان و سیستەمە سیاسییەکان. هەر چۆن بێت تێگەیشتن لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان ئەوەیە کە ئەم بابەتە گرنگە بۆ جیهانی ئەمڕۆ بۆ قەوارەکانی سیاسی و دەستووری و نێودەوڵەتی و هەر قەوارەیەکیش ناتوانێت بە جیا لەگەڵ ئەم جیهانەدا بژی، واتا لەگەڵ ئەو کۆمەڵگە نێودەوڵەتییە کە خۆی لە (١٩٢) دەوڵەت دەبینێتەوە، جگە لە چەندین قەوارەی دیکە کە واقیعی نێودەوڵەتیی دیفاکتۆیان هەیە، بۆیە دەبێ ئەم قەوارانە لەنێو ئەو کۆمەڵگەیانەدا بژین، میکانیزمەکانی ژیان خۆی لە ڕێکخستنی نێودەوڵەتی دەبینێتەوە، ئەم ڕێکخستنەش بە پلەی سەرەکی لە جیهانی ئەمڕۆدا بریتییە لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، واتا ئەم ڕێکخراوە کە ماوەیەکی درێژە هاتووەتە ئاراوە و لە دوای جەنگی دووەمی جیهان لە ساڵی ١٩٤٥ دروست بووە، ئامانج و پرەنسیپ و ڕێکخستنی پەیکەریی هەیە، وەك کۆمەڵەی گشتی و ئەنجومەنی ئاسایش و ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و دادگای نێودەوڵەتی و ئەمینداریێتیی گشتی.

باسکردنی پەیوەندیی نێوان نەتەوە یەکگرتووەکان و ئاسایشی نەتەوەیی لەو ڕوانگەوەیە کە نەتەوە یەکگرتووەکان هەوڵ دەدات بۆ دابینکردنی ئاسایش و ئاشتیی نێودەوڵەتی، کە پرەنسیپە سەرەکییەکانیەتی، واتە قەدەغەکردنی جەنگ و پەلاماردان و ئەم شتانە، ئەمەش کاریگەریی هەیە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی ئەو دەوڵەتانەی لەژێر چەتری ئەم ڕێکخراوە کاردەکەن، شتێکی دیکە هەیە کە پەیوەستە بە ئاسایشی نەتەوەیی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە، ئەمەی دواییش دوو جۆرن، هەیانە ڕێکخراوی حکوومین کە پێیان دەڵێین ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی پسپۆری کە زۆربەیان سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانن، هەشیانە ناحکوومین، هەردووکیان ڕۆڵ دەبینن، ئەوانەی حکوومین بە پلەی سەرەکی ڕۆڵی ڕێکخستنی بوارەکانی ئابووری و زانستی و تەکنەلۆجی و بازرگانی دەبینن، ئەوانەی دووەمیش



**د.نەژدەت ئاکرەیی**

پسپۆر لە ئاسایشی نەتەوەیی

بۆ گوڵانی نووسیوە

ڕۆڵیان هەیە لە بوارەکانی مافی مرۆڤ و چاودێریکردنی پێوەری شەرعییەتی سیستەمە سیاسییەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بە هەر حاڵ هەردوو جۆریان ڕۆڵی سەرەکی و گرنك و کاریگەریان هەیە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی ئەو قەوارانەی کە لەگەڵ ئەم ڕێکخراوانەدا کار دەکەن. جیهانی ئەمرۆش بریتییە لە کۆمەڵێك دیکیۆمێنتی نێودەوڵەتی کە بە یاسا ڕێکخراوە و پەیوەستە بە پەیوەندیی دیپلۆماسی و کونسولگەری و ئاو و ئاسمان و زۆر مەسەلەی دیکە، هەر چۆن بێت ئەو دیکیۆمێنتە نێودەوڵەتییانە و پەیوەندییە کونسولگەری و نێودەوڵەتییانە کاریگەرییان هەیە لەسەر ئاسایشی نێودەوڵەتی قەوارەکان، بە تایبەتی کە لە بواری یاسای نێودەوڵەتی وای بۆ دەچن کە دەبێ جۆرە چارەسەرێکی هاوسەنگییانە هەبێت، لە نێوان مافی ئەو باڵیۆزخانە و کونسولگەرییانە لە کارکردن و مافی دەوڵەت لە پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی خۆی، چونکە زۆر لە گرفت و کێشە هاتوونەتە ئاراوە، ئەوەش لە ڕێککەوتننامەکانی ڤیەننای ساڵی ١٩٦٣، کە دەربارەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان ڕێکخراوە، سەبارەت بە کێشەکانی ئاو، ئەویش گرنگە لە ڕووی ڕووبار و کەناڵە نێودەوڵەتییەکان، ئەمەش لە ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتیی جنێڤی ساڵی ١٩٥٨ ڕێکخراوە، دواتر کاراکاس ساڵی ١٩٨٢، لەسەر ئەو ئاستەی هاوسەنگیی نێوان بەرژەوەندیی ئاسایشی نەتەوەیی ئەم دەوڵەتانە و بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی.

ئەگەر بێینە سەر جۆری دووەمی پەیوەندییەکان، کە پەیوەندیی هەرێمین، زۆر پێوەر هەن بۆ دەستنیشانکردنی ئەم پەیوەندییانە، ئایا دراوسێتیی جوگرافییە؟ ئایا پێکهاتەیەکی هاوبەش لە ئایین و نەتەوە و زمانە، یان پەیوەندیی هاوبەشن؟ پێوەر زۆرن، کە بەم پێوەرانە ئەم قەوارانە حەز دەکەن بچنە ناو ئەو پەیوەندییە هەرێمییانەوە، کە بەم هۆیەوە ئاسایشی نەتەوەیی خۆیان دەپارێزن، نموونەی ئەمانە زۆرن، یەکێتیی ئەورووپا و کۆمکاری عەرەبی و ئەنجومەنی هاریکاریی کەنداو نموونەی دیارو بەرچاون، لە ئەمریکای لاتین و شوێنەکانی دیکەش لەم ڕووە هەن.

هەڵبەتە پەیوەندییە هەرێمییەکان دەکەونە خانەی لایەنەکانی ئابووری و ئەمنی و سەربازی بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەو قەوارانەی کە دەچنە ژێر باڵی ئەو وڵاتە، واتا هیچ هاودژییەك نییە لەنێوان هاوپەیمانی هەرێمی و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی، بە پێچەوانەوە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان زۆر پاڵپشتیی هاوپەیمانی و پەیوەندییە هەرێمییەکان دەکات،

**ئەنفال و جینۆساید دەرفەتێک بوو بۆ ئەوەی دیپلۆماسیەتی کورد جارێکی دیکە چالاک بێت، بەتایبەتی لەگەڵ دەوڵەتانی ڕۆژئاوا و ئەمریکا و بەریتانیا و فەرەنسا، گەیشتە ئاستی ئەوەی کە کۆنگرەی نێودەوڵەتی لە پاریس لە ساڵی ١٩٨٩ بەسترا دەربارەی کەیسی کورد**

**دوای گۆڕانکارییەکانی ساڵی ٢٠٠٣و ڕووخانی ڕژێمی پێشوو، دیپلۆماسیەتی عێراق کەوتە دەست بەڕێزێکی کورد کە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە ڕێکخستنەوەی ئەم دیپلۆماسییەتە، ئەویش کاک هۆشیار زێباری بوو**



سەرۆک بارزانی پێشوازی لە باڵیۆزی ئەمەریکا لە عێراق دەکات

**دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ و هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و دامەزراندنی کابینەکانی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی هەرێمی کوردستان و دامەزراوەکانی دیکە، دەرگای دی کردەوە بۆ جۆرە پەیوەندیی دیپلۆماسی و کونسوڵگەری و هەرێمی، بەتایبەتی کردنەوەی نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێم لە وڵاتان**

چونکە باری سووك دەکات لە بواری پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی و هەرێمی، لە هەمان کاتدا پێویستە ئامـاژە بـە پەیوەندییە دوو قۆڵییەکان بکەیـن لـە نێـوان دوو قـەوارە و پەیوەندییەکانیـان، چونکـە زۆرجـار دەکەوێتـە خانـەی سـەربازی و ئەمنـی و ئابـووری و هاوکاریـی نێـوان یەکـدی و بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکان، ئەویـش گرنگـە بـۆ ئاسایشی نەتەوەیی قـەوارەکان، بـەڵام ئـەوەی زیاتـر ڕۆڵ دەبینێـت هەرێمییەکـە و نێودەوڵەتییەکەیـە.

لـە دەرئەنجامـدا دەگەینـە ئـەوەی کـە پەیوەندیی هەرێمـی و نێودەوڵەتـی و دوو قۆڵیـی هەیـە و میکانیزمـی ڕێکخسـتنی ئـەم پەیوەندییانـە دیپلۆماسـییەت و سیاسـەتی دەرەوەی قەوارەکانـە بـۆ ئـەم مەسـەلەیە، واتـا هـەر قەوارەیـەك لـە ڕوانگـەی بەرژەوەندییەکانـی ئاسایشـی نەتەوەیـی خۆیـەوە کـە زینـدوون، مامەڵـە لەگـەڵ ئـەو پەیوەندییـە هەرێمی و نێودەوڵەتی و دوو قۆڵییـەدا دەکات.

دێینـە سـەر هەرێمـی کوردسـتان، ئێمـە بـە نموونـە ڕۆڵ و دیپلۆماسـییەتی سـەرۆك بارزانـی لـەم بـوارەدا وەردەگریـن، لـە ڕاسـتیدا لـە ڕوانگـەی ئەزموونـی پەنجـا سـاڵەی سـەرۆك بارزانـی لـە بـواری دیپلۆماسـیەت و پەیوەندییـە هەرێمـی و نێودەوڵەتییەکانـدا، دەتوانیـن دەستنیشـانی هەنـدێ بابـەت لـەم بـوارەوە بکەیـن، بەتایبەتـی دوای ڕێککەوتننامـە شـوومەکەی جەزائیـر لـە سـاڵی ١٩٧٥، شۆڕشی کورد هەستی بەوە کرد کە پلانە نێودەوڵەتییەکـە پێویسـت بـەوە دەکات، کار بکرێـت لەسـەر ئاسـتی هەرێمـی و نێودەوڵەتـی، جگـە لـە شۆڕشـی چەکـداری، دیپلۆماسـیەتی شۆڕشـی هەرێمـی و نێودەوڵەتـی هاتـە کایـەوە، بەتایبەتـی ئەگـەر بزانیـن کـە کوردسـتان جوگرافیای سیاسی و پێگـەی جیۆپۆلێتیکـی هەمەجـۆر لەگـەڵ ئـەم دەوڵەتانـە ڕۆڵیـان لـەم مەسـەلەیەدا هەیـە، بۆیـە هـەر لـەو کاتـەوە سـەرۆك بارزانـی بـە جموجووڵێك کاری لەسـەر ئـەم مەسـەلەیە کـرد، کـە ئاسـەواری پۆزەتیڤی هەبوو لە پەیوەندی لەگـەڵ دەوڵەتانـی ئەسـکەندناڤی، لـە خوێندنـەوەی جارێکـی دیکـە لەگـەڵ ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا و دەوڵەتانـی بلۆکـی سۆسیالیسـتیی ئـەو کات یەکێتیـی سـۆڤییەت و دەوڵەتـە سۆشیالیسـتییەکان، تەنانـەت لەگـەڵ دەوڵەتانـی عەرەبـی و ئیسـلامی



سەرۆک بارزانی پێشوازی لە باڵیۆزی بریتانیا لە عێراق دەکات

و هەندێك لە دەوڵەتانی جیهانی سێیەم، ئەو کات دیپلۆماسیەت پێی دەگوترا دیپلۆماسیەتی شۆڕش، سەرۆك بارزانی پەنای بۆ برد و وەك بزاڤێکی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد مافی شەرعیی خۆیەتی کە بەرگری لە بوونی نەتەوەیی و مافەکانی خۆی بکات بە هەموو ئامرازەکان، جگە لە ئامرازی چەکداری، ئامرازی خەباتی سیاسی و دیپلۆماسی، ئەم پەیوەندییانە لەسەر ئاستی ئەوە بوو کە جۆرە هاوسەنگییەك هەبێت لەم مەسەلانە، جگە لەمەش ڕەوەندە کوردییەکانیش لە دەرەوە ڕۆڵیان بینی، گەیشتە ئەوەی کە لۆبی کوردی پەیدا بێت بۆ پەیوەندیی نێودەوڵەتی، هەروەها لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و هەرێمیدا، پەیوەندیی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد لەگەڵ حزبە شۆڕشگێڕەکان و ئەوانەی باوەڕیان بە مافی گەلان هەیە، بەتایبەتی لە جیهانی سێیەم، کە زۆر لەو حزبانە پاڵپشتیی شۆڕشیان لەم بوارانەدا دەکرد.

جگە لەمە، دیپلۆماسیەتی شۆڕش ڕاگەیاندنی نێودەوڵەتیشی بە نموونە وەرگرت بۆ ئەم مەسەلەیە و لەسەر ئەم ئاستەش توانرا شت بۆ ئەم بوارە بکرێت، تا گەیشتە ڕووداوەکانی کەنداو، بەڵام پێش ئەوە سیاسەتەکانی شۆڤینیی ڕژێمە سیاسییەکانی عێراق، بەتایبەتی لە هەشتاکان، لە ئەنفال و جینۆساید کە دەرفەتێك بوو بۆ ئەوەی دیپلۆماسیەتی کورد جارێکی دیکە چالاك بێت، بەتایبەتی لەگەڵ دەوڵەتانی ڕۆژئاوا و ئەمریکا و بەریتانیا و فەرەنسا، گەیشتە ئاستی ئەوەی کە کۆنگرەی نێودەوڵەتی لە پاریس لە ساڵی ١٩٨٩ بەسترا دەربارەی کەیسی کورد، زۆر لە دیدارەکانی دیالۆگی عەرەبی و کوردی کرا لە قاهیرە دەربارەی ئەم بابەتە.

**ئەوەی گرنگە کردنەوەی نزیکەی چل کونسوڵگەرییە لە هەرێمی کوردستان، ئەمەش دەرگایەکی بۆ پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان کردووە**

ڕووداوەکانی دوای داگیرکردنی کوێت و جەنگی دووەمی کەنداو و بڕیاری ٦٨٨ و هاتنەکایەوەی ئەم ئەزموونە، بۆیە فاکتەری دەرەوە و نێودەوڵەتی ڕۆڵی لەم مەسەلەیەدا هەبوو، بۆ نموونە ڕۆڵی ئەمریکا و فەرەنسا و بەریتانیا، تەنانەت ڕۆڵی دەوڵەتانی دراوسێ وەك ئێران و تورکیا کە ئەوان مەترسیی ئەوەیان هەبوو، کە کۆڕەوەکە دەستی پێکرد، کاریگەریی هەبێت بۆ سەر ئاسایشی



سەرۆک بارزانی پێشوازی لە باڵیۆزی ئیتالیا لە عێراق دەکات

نەتەوەیی ئەوان و، ناوچەکە جۆرێك گرژی بەخۆیەوە ببینێت، لەسەر ئەم بنەمایە کە بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارە ٦٨٨ لە ساڵی ١٩٩١ دەرچوو، ڕەهەندی نێودەوڵەتی هەبوو بە ماندووبوونی نێودەوڵەتی و هەرێمیی ئەو دەوڵەتانە و بە پاڵپشتیی بەرەی کوردستانیی ئەوکات.

هاتنەکایەوەی ئەم ئەزموونە و دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ و هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و دامەزراندنی کابینەکانی حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی هەرێمی کوردستان و دامەزراوەکانی دیکە، دەرگای دی کردەوە بۆ جۆرە پەیوەندیی دیپلۆماسی و کونسولگەری و هەرێمی، بە تایبەتی کردنەوەی نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێم لە وڵاتان و بەتایبەتیش لەو دەوڵەتانەی ئەندامی هەمیشەیین لە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و زۆر لە دەوڵەتانی دیکە، جگە لەوەش دەرگای بازرگانیی نێودەوڵەتی بۆ هەرێم کرایەوە، چونکە ئابلۆقەی لەسەر بوو، نەتەوە یەکگرتووەکان و تورکیا و ئێران هەر یەکەیان بە شێوەیەك مامەڵەیان لەگەڵ هەرێم کرد، ئەوەی گرنکە دوای گۆڕانکارییەکانی ساڵی ٢٠٠٣و ڕووخانی ڕژێمی پێشوو، دیپلۆماسیەتی عێراق کەوتە دەست بەڕێزێکی کورد کە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە ڕێکخستنەوەی ئەم دیپلۆماسییەتە، ئەویش کاك هۆشیار زێباری بوو، کە ماوەیەکی زۆر نزیکەی ١٠ بۆ ١١ ساڵ وەزیری دەرەوە بوو، کە پێشتر کارکردنی دیپلۆماسیەت بۆ نەتەوەی کورد قەدەغە بوو لەو باڵیۆزخانە و کونسولگەرییانە، هەروەها دەستووری عێراقیش ئەمەی ڕێکخستەوە، هەر چۆن بێت ئاسۆیەکی تازە هاتە کایەوە، بەڵام ئەوەی گرنگە کردنەوەی نزیکەی چل کونسولگەرییە لە هەرێمی کوردستان، ئەمەش دەرگایەکی بۆ پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان کردەوە، بۆیە ئەم وڵاتانە پەیوەندیی باش و دیداری گرنگیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیە.

سەرەنجام دیپلۆماسیەتی سەرۆك بارزانی لە سوودوەرگرتن لە ڕێککەوتننامەکە شوومەکەی جەزائیر و کارکردن لە دیپلۆماسیەتی شۆڕش لە دەرەوە، دوای ئەو پەیوەندیی لەگەڵ ڕێکخراوە

**سەرۆک بارزانی ڕۆڵی گرنگی هەبوو لە کۆنگرەکانی ئۆپۆزسیۆن لە ئەمریکا و بەریتانیا و زۆر شوێنی دیکە، هەروەها دیالۆگ و دیدار لەگەڵ ئەم دەوڵەتانە، بەو ناوەی کە بەڕێزیان سەرۆکی هەرێمی کوردستان بوون**



سەرۆك بارزانی پێشوازی لە شاندێكی وەزارەتی دەرەوەی نەمسا دەكات

نێودەوڵەتییەكان و ڕاگەیاندنی نێودەوڵەتی، دواتر جەنگی دووەمی كەنداو، سەرۆك بارزانی ڕۆڵی گرنگی هەبوو لە كۆنگرەكانی ئۆپۆزسیۆن لە ئەمریكا و بەریتانیا و زۆر شوێنی دیكە، هەروەها دیالۆگ و دیدار لەگەڵ ئەم دەوڵەتانە، بەو ناوەی كە بەڕێزیان سەرۆكی هەرێمی كوردستان بوون، زۆر دیداری دووقۆڵی لەگەڵ بەرپرسانی باڵای ئەو وڵاتانە ئەنجام دا، هەروەها لەگەڵ ئیتاڵیا و دەوڵەتانی ئەسكەندناڤی بەتایبەتی نەمسا. ئەوانەی تەواوكەری ڕۆڵی سەرۆك بارزانین لە دیپلۆماسیەتدا بەڕێزان نێچیرڤان بارزانی سەرۆكی ئێستای هەرێمی كوردستان و سەرۆكی حكومەتی هەرێم بەڕێز مسرور بارزانی، كە دەبینین ئێستا ڕۆڵی هەیە لە پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەكان بەتایبەتی دەوڵەتانی كەنداو، وەك ئیمارات و سعودیە و قەتەر، هەروەها ئوردن و زۆر دەوڵەتی دیكە، كەواتە دەتوانین بڵێین ڕۆڵی سەرۆك بارزانی لە پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتیەكان ڕوون و گرنگە لەسەر بنەمای هاوسەنگی نێوان بەرژەوەندییەكانی هەرێمی كوردستان و ئەم دەوڵەتانە و دەستوەرنەدان لە كاروباری ناوخۆیی، تەنانەت ئەو دەوڵەتانەی كە كێشەی كوردیان هەیە، داوای سەرۆك بارزانی بۆیان ئەوەیە كە بە ئاشتییانە كێشەكان چارەسەر بكەن، هەڵبەتە ڕۆڵی دیپلۆماسیەتی سەرۆكی هەرێم و سەرۆكی حكومەت لە پەیوەندییەكانی نێوان هەرێمی كوردستان و دەوڵەتانی كەنداو لەسەر بنەمای دیپلۆماسیەتی وزەیە، كە ئاسایشی زۆر گرنگە لەو مەسەلەیەدا، كە ئێستا سەدا حەفتا تەحەككوم بە وزەی جیهان دەكات، بۆیە ئەم پەیوەندییانە لەگەڵ دەوڵەتانی كەنداو ڕۆڵی گرنگییان هەیە، جگە لەمەش پەیوەندییەكان لەگەڵ وڵاتی چین و ئەمریكا، كە لەگەڵ ئەمریكا لەسەر بنەمای هاوپەیمانیی سەربازی دژ بە داعش، هەرێمی كوردستان دیپلۆماسیەتی دژە تیرۆریشی لەم مەسەلەیەدا بەكارهێنا، ئەم بابەتە زیاتر پێویستی بە خوێندنەوە و توێژینەوە هەیە، بە تایبەتی دیپلۆماسیەتی سەرۆك بارزانی، لە قەوارەی بوونی قوتابخانەیەكی تایبەتی دیپلۆماسیەتی كوردی لەگەڵ پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەكان.

**ڕۆڵی سەرۆک بارزانی لە پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان ڕوون و گرنگە لەسەر بنەمای هاوسەنگی نێوان بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ئەم دەوڵەتانە و دەستوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆیی، تەنانەت ئەو دەوڵەتانەی کە کێشەی کوردیان هەیە**


msc
Munich Security Conference



# گرنگیی بەشداریی کوردستان لە (٥٨)ەمین کۆنفرانسی میونشن بۆ ئاسایشی جیهانی


سەرۆکی هەریم و سەرۆك وەزیران لەگەڵ نوێنەری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان

پەنجا و هەشتەمین کۆنفرانسی میونشن بۆ ئاسایشی جیهان، وەك باڵیۆز ئیشنیگر سەرۆکی کۆنفرانسەکە ئاماژەی پێ کردووە، کۆنفرانسێکی جیاوازترە لەوانەی پێشوو، جیا لەوەی کە ژمارەیەکی کەم میوان بانگهێشت کراون و ژمارەیەکی کەمی میدیاکانیش ئامادە دەبن، لە هەمانکاتدا هەوڵیان داوە ئاستێکی داهێنەرانەی بەشداری و تەرکیزێکی گەورە لەسەر کێشەکان بکرێنەوە، ئیشنیگر لە پێشەکیی ڕاپۆرتی کۆنفرانسەکەدا ئاماژەی بەوە کردووە لە ماوەی ١٤ ساڵی ڕابردوودا کە سەرۆکی ئەم کۆنفرانسە بووە، «بەردەوام تەحەددییەکانی ئاسایش گەشەیان کردووە و بەرەو شاڵاوێك لە تەنگژەی هەڵکشاو چووە، کە هەریەکەیان پاڵپشت بووە بۆ ئەوی دیکەیان، ئێستاش مەترسیی هەڵایسانی شەڕێکی سەربازیی گەورە هەیە لە ئەورووپادا، شەڕی دژی کۆڤید ١٩ کۆتایی نەهاتووە، کارەساتە سرووشتییەکانیش زۆر بە توندی ئەوەی بیری جیهان هێنایەوە، کە گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا هەقیقی و ترسناکن، لەناو هەموو ئەمانەشدا دیموکراتی لە پاشەکشەدایە، بۆیە جێگەی سەرسوڕمان نییە ئەگەر ببینین لە ئەورووپا و دەرەوەی، هەستکردن بە دەستەپاچەیی لە هەڵکشاندا بێت».

**وێنای جیهانێکمان دێتە پێش چاو، کە نەک هەر تەنیا ئاسایش و سیستمەکەی لە مەترسیدایە، بەڵکو هەسارەی زەوی ڕووبەڕووی مەترسییەکی گەورەی گۆڕانکاریی ژینگە بووەتەوە و، زیادبوونی کارەساتە سرووشتییەکانیش جیهانیان لەوە ئاگادار کردووەتەوە کە بەرەوڕووی مەترسییەکی هەقیقی و ترسناک هەنگاو هەڵدەگرین**

لەم چەند دێرەی ئیشنیگر، وێنای جیهانێکمان دێتە پێش چاو، کە نەك هەر تەنیا ئاسایش و سیستمەکەی لە مەترسیدایە، بەڵکو هەسارەی زەوی ڕووبەڕووی مەترسییەکی گەورەی گۆڕانکاریی ژینگە بووەتەوە و، زیادبوونی کارەساتە سرووشتییەکانیش جیهانیان لەوە ئاگادار کردووەتەوە کە بەرەوڕووی مەترسییەکی هەقیقی و ترسناك هەنگاو هەڵدەگرین، لە ناو قووڵایی دڵی ئەم مەترسییە گەورەیەدا، تەنیا ڕێگە ئەوەیە کە هەموو جیهان پێکەوە هەماهەنگ و هاوکاربن، بۆ ئەوەی سنوورێك بۆ گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا و مەترسییەکانی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا دابنێن، بەڵام وەك لەسەر ئەرزی واقیع جووڵەی کاراکتەرە سەرەکییەکان دەبینین، ئەوەیە کە دوورکەوتنەوە لە یەك و بوونی شەڕ و فەراهەمکردنی زەمینەیەك بۆ شەڕێکی سەربازیی گەورە و بەردەوامیی



سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەت لەگەڵ سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان

پاشەکشەی دیموکراتی، وای کردووە کە لەسەر ئاستی جیهان هەست بە دەستەوەستانی بکرێت، بەرامبەر کۆی کێشەکان.

## ئۆکرانیای ٢٠٢٢ و کوبای ١٩٦٢

بانگهێشتکردنی شاندی کوردستان لەسەر ئاستی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان، بۆ ٥٨ـەمین کۆنفرانسی میونشن بۆ ئاسایشی جیهان، کە خۆیان وەك کۆنفرانسێکی جیاواز لەوانەی پێشتر باسی دەکەن، بە ڕووداوێکی گرنگ و وەرچەرخانێکی گەورە لە پێگەی هەرێمی کوردستان بۆ ئاسایشی جیهان بەرجەستە دەبێت، بەتایبەتی وەك لەو بەرنامەیەی بۆ دیدارەکانی ئەم سێ ڕۆژەی هەر دوو بەڕێزان دانراون، بەرنامەیەکی چڕ و پڕن و لەگەڵ بەشێکی زۆری ئەو شاندانە دیداریان دەبێت کە بۆ ئەم کۆنفرانسە گرنگە بانگهێشت کراون و ئامادە دەبن.

کۆنفرانسی ئەمساڵی میونشن لە ناو کێشەی گەورەی ئۆکرانیا و ڕووسیا، یان ڕاشکاوانەتر بڵێین لە ناو کێشە و ململانێیەکی توندی نێوان ڕووسیا و هاوپەیمانی باکووری ئەتڵەسی بەڕێوە دەچێت و، مەترسیی ئەم کێشە و ململانێیەش ئەگەر بگاتە ڕادەی بەکارهێنانی هێزی سەربازی لە دژی یەکتری، ئەوا وەك جۆزیف بایدنی سەرۆکی ئەمریکا ڕایگەیاند: «مەترسی هەیە، شەڕی جیهانی هەڵبگیرسێت»، ئەگەر کێشەکەش ئیحتوا بکرێت، ئەوا لەوانەیە سەرەتای دەستپێکی «شەڕێکی سارد»ی دیکە بێت، کە لە هەر دوو حاڵەتەکەدا جیهان بەرەو ئاراستەیەکی جیاواز لەوەی ئێستا هەیە هەنگاو هەڵبگرێت، لەسەر ئەم پرسەش لەوانەیە کێشە و ململانێی گەورەی نێوان یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ساڵی ١٩٦٢ لە کەنداوی بەرازانی کوبا، هاوشێوەی هەمان کێشەی ئێستای «ڕووسیا و ناتۆ» بێت لەسەر ئۆکرانیا و، ئەو کات ساڵی«١٩٦٢» یەکێتیی سۆڤیەت ڕۆکێت و کڵاوەی ئەتۆمی بردبووە کوبا و وەك هەڕەشەیەك بەرامبەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دایینابوو، کە ئاستی

**تەنیا ڕێگە ئەوەیە کە هەموو جیهان پێکەوە هەماهەنگ و هاوکاربن، بۆ ئەوەی سنوورێک بۆ گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا و مەترسییەکانی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا دابنێن**



سەرۆکی هەرێم لەگەڵ شاندێکی باڵای کۆنگرێسی ئەمریکا

**هێشتا مەترسییەکان هەر هەیە و لەوانەیە ئەگەر وەک کێشەی کەنداوی بەرازانیش کێشەی ئۆکرانیا چارەسەر بکرێت، شەڕێکی سارد بەدوای خۆیدا بهێنێت، کە بەردەوامیش ئەو «شەڕە سارد»ـە هەڕەشەیەکی جددی لە سەر سیستمی جیهانی دروست دەکات و، دەبێتە فاکتەرێکیش بۆ هەڵکشانی مەترسییە جیهانییەکان**

هەڵکشانی کێشەکە گەیشتە ئەوەی کە ئەمریکا ناچار بێت هەڕەشە لە یەکێتیی سۆڤیەت بکات، ئەگەر ئەو ڕۆکێتانە نەکشێنەوە، ئەوا پەنا بۆ بەکارهێنانی بۆمبی ئەتۆمی دەبات، ئێستا بە پێچەوانەوە، ناتۆ دەیەوێت «ئۆکرانیا» بکاتە ئەندامی هاوپەیمانییەکەی و لەسەر سنووری ڕووسیا دابنیشێت، بۆیە ڕووسیا بە هاوشێوەی ئەمریکای ساڵی ١٩٦٢ هەموو توانا و مانۆڕە سەربازییەکانی خۆی خستووەتەگەڕ، بۆ ئەوەی ناتۆ پەشێمان بکاتەوە لەوەی ئۆکرانیا بکاتە ئەندامی هاوپەیمانییەکەی و، لە هەمانکاتیشدا داوا دەکات بڵاوە پێکردنی هێزەکانی ناتۆ لە ئەوروپا بگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٧، لەمەشیاندا لەگەڵ ئەوەی ئاستی هەڵکشانی تەنگژەکە، دوای هەندێك پاشەکشەی ڕووسیا بەرەو ئیحتوا و هێوربوونەوە دەچێت، بەڵام هێشتا مەترسییەکان هەر هەیە و لەوانەیە ئەگەر وەك کێشەی کەنداوی بەرازانیش کێشەی ئۆکرانیا چارەسەر بکرێت، شەڕێکی سارد بەدوای خۆیدا بهێنێت، کە بەردەوامیش ئەو «شەڕە سارد»ـە هەڕەشەیەکی جددی لە سەر سیستمی جیهانی دروست دەکات و، دەبێتە فاکتەرێکیش بۆ هەڵکشانی مەترسییە جیهانییەکان.

لە ساڵی ١٩٦٢ کاتێك تەنگژەی کەنداوی بەرازان دروست بوو، هێشتا کۆنفرانسی میونشنی جیهانی دانەمەزرابوو، لە ساڵی ١٩٦٣ کە ئەم کۆنفرانسە دامەزرا، بۆ ئەوە بوو کە ساڵانە چارەسەر بۆ ئەو کێشە و تەحەددییانە بدۆزێتەوە کە دەبنە مەترسی لە سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی، ئامانج لەم کۆنفرانسە ئەوە بوو کە ڕێگە نەدات جارێکی دیکە تەنگژەیەکی هاوشێوەی تەنگژەی «کەنداوی بەرازان» دروست ببێتەوە، کە ئاشتی و ئاسایشی جیهان بخاتە مەترسییەوە، بەڵام دوای ٥٨ ساڵ، وا جارێکی دیکە کۆنفرانسی میونشن لە ناو تەنگژەیەکی هاوشێوەی تەنگژەی کەنداوی بەرازانی ساڵی ١٩٦٢ گرێ دەدرێت، کە تەنگژەی نێوان «ڕووسیا و ناتۆ»یە، لەسەر ئەندامیەتیی ئۆکرانیا لە ناتۆدا. لێرەدا پرسیاری مەبەستدار ئەوەیە: لە دوای ساڵی ١٩٦٢ شەڕی سارد زیاتر توند بوو، بەڵام لە نێوان دوو جەمسەردا بوو،



سەرۆکی حکومەت لەگەڵ وەزیری بەرگری ئیتالیا

کە جەمسەری ڕۆژئاوا لە دوو ئاستدا باڵادەستیی بەسەر جەمسەری یەکێتی سۆڤیەتدا هەبوو، ئەو دوو ئاستەش ئابووری و سەربازی بوو، بەڵام لە ئێستا کە مەزندە دەکرێت بکەوینەوە هەمان سەردەمی شەڕی سارد، ئەوا ئەگەر جەمسەری هاوپەیمانیی ناتۆ بە سەرۆکایەتیی ئەمریکا بکەوێتە بەرامبەر جەمسەری ڕووسیا و چین، کە پێچەوانەی شەڕی ساردی سەدەی پێشووە، ئەمجارەیان جەمسەری ڕووسیا و چین لە دوو ئاستی دیکەدا باڵادەستن بەسەر جەمسەری ئەومریکا و ناتۆدا، کە ئەو ئاستەش مەرکەزییەتی دروستکردنی بڕیار و گەشەیەکی ئابووریی خێرا و بەهێزە.

## ڕادەستکردنەوەی ئەفغانستان بۆ تاڵیبان گورزێکی گەورە بوو بۆ دیموکراسی

ڕووداوێکی دیکە کە ساڵی ڕابردوو بووە ڕووداوێکی تراژیدیی جیهانی، کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا و ناتۆ بوو لە ئەفغانستان و پاشانیش ڕووخانی حکومەتی ئەفغانستان لەلایەن چەکدارانی تاڵیبان و، دووبارە ڕاگەیاندنەوەی ئیمارەتی ئیسلامیی تاڵیبان، ئەگەر کۆتایی ساڵی ٢٠٠١ گرێ بدەینەوە بە نیوەی کۆتایی ساڵی ٢٠٢١ـەوە، بەوەی دوای کارەساتی ١١ی سێپتەمبەر هاوپەیمانییەکی گەورەی نێودەوڵەتی دروست بوو بۆ ڕووخانی ئیمارەتی تاڵیبان و لێدانی ڕێکخراوی تیرۆریستیی ئەلقاعیدە، بەڵام لە نیوەی کۆتایی ٢٠٢١ کشانەوەی هێزەکانی ناتۆ و ئەمریکا بوونە هۆکاری هەڵکشانێکی سەربازیی ئەوتۆی هێزەکانی تاڵیبان، کە جارێکی دیکە لە ئەفغانستان دەسەڵات بگرێتەوە دەست، ئەو ڕووداوە ئەو دیمانەمان زۆر بە جوانی بۆ وێنا دەکات، کە جیهان لە ساڵی ٢٠٠١ یەك دەنگ بوو بۆ وشکردنی سەرچاوەی تیرۆر و چەسپاندنی دیموکراتی و بونیادنانەوەی دەوڵەتی هاوچەرخ، بەڵام لە ٢٠٢١ جیهان بەگشتی و ناتۆ و ئەمریکا بە تایبەتی، شکەتییان پێوە دیارە و تەنانەت ناتوانن بە شێوەیەکی سیستماتیکی ڕێکوپێکیش هێزەکانی خۆیان لە وڵاتیکی وەك ئەفغانستان پاشەکشە پێ بکەن، لەمەش زیاتر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ئامادەیە لەگەڵ

**ئەگەر جەمسەری هاوپەیمانیی ناتۆ بە سەرۆکایەتیی ئەمریکا بکەوێتە بەرامبەر جەمسەری ڕووسیا و چین، کەە پێچەوانەی شەڕی ساردی سەدەی پێشووە، ئەمجارەیان جەمسەری ڕووسیا و چین لە دوو ئاستی دیکەدا باڵادەستن بەسەر جەمسەری ئەومریکا و ناتۆدا، کە ئەو ئاستەش مەرکەزییەتی دروستکردنی بڕیار و گەشەیەکی ئابووریی خێرا و بەهێزە**



سەرۆکی حکومەت لەگەڵ ئەندامانی ئەنجوومەنی نوینەرانی ئەمریکا

ئیمارەتەکەی تاڵیبان مامەڵە بکات، ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش ئیمارەتە ئیسلامییەکەی تالیبان زیاتر شوێنی خۆی دەچەسپێنێت.

ئەگەر ئەم ڕووداوە تراژیدیایەی ئەفغانستان گرێ بدەینەوە بەو عەجز و دەستەوەستانییەی لە جیهاندا ڕوو لە هەڵکشانێکی گەورەیە، مانای ئەوەیە کە لە هیچ شوێنێك لە بەرامبەر هیچ تەنگژەیەك دڵنیایی و متمانە نەماوە و ئاراستەی کێشە و تەنگژەکان بۆ قەدەر بەجێ دەهێڵدرێت، لەمەش خراپتر ڕازیبوون بە ئیمارەتەکەی تاڵیبان ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ گۆڕانکاری لە بنەمای پەیوەندییە نیودەوڵەتییەکان و ئەو بنەمایانەشی کە نەتەوە یەکگرتووەکان و سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتیی لەسەر دامەزراوە، ئەم وەرچەرخانەش لە ناو ئەم سیستمە نێودەوڵەتییەدا هاندەرێکی خراپ دەبن بۆ سەرهەڵدانی سیستم و ڕژێمی هاوشێوەی تاڵیبان و، هیچ دوور نییە ئەگەر جیهان بەم شیوەیەی ئێستا دەستەوەستان بێت، هاوکاری و هەماهەنگی و هاوپەیمانییش لە نێوانیاندا بە باشی دروست بێت.

**مەترسیی دووبارە سەرهەڵدانەوەی تیرۆریستانی داعش هەرێمی کوردستان لە ناو ئەم بازنەیەدا**

ئەگەر شەڕی دژی داعش لە ئەورووپا و ڕۆژئاواوە بە هەزاران کیلۆمەتریش دوور بێت، ئەوا هەناوی ڕۆژئاوا هێلانەیەکی ئارامە بۆ بەرهەمهێنانی داعش و فیکری داعشی، هەر بۆیە تا فیکری داعشیش بەردەوام لە زیادبووندا بێت، ئەوا بەردەوام ڕۆژئاوا لە بەردەم هەڕەشەی ئاسایش و ناسەقامگیردا دەبێت.

هێرشی ئەم دواییەی تیرۆریستانی داعش بۆ بەندیخانەی حەسەکە و بوونی چەکی پێشکەوتوو لای تیرۆریستانی داعش، ئەو پەیامەی پێ ڕاگەیاندین کە نەك هەر فیکری تیرۆریستانی داعش کۆتایی نەهاتووە، بەڵکو ئومێدی دووبارە

**لەگەڵ ئەوەی زۆربەی زۆری دانیشتووانی ئەم هەرێمە موسڵمانن، بەڵام تۆوی توندڕۆیی ئیسلامی «شیعە و سوننە» لە ناو خاکی کوردستاندا شین نابێت و ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش گیانی لێبوردەیی و پێکەوە ژیانی ئاشتی لە نیوان ئایین و نەتەوە جیاوازەکان لە کوردستان زیاتر گەشە دەکات**



سەرۆکی حکومەت  لەگەڵ وەزیری بەرگری تورکیا

دامەزراندنەوەی خەلافەتی ئیسلامیی داعشی کۆتایی نەهاتووە و، هەرێمی کوردستانیش کە لە ناو دڵی ئەم مەترسییە جیهانییەدایە، دوورگەیەکی ئارامە و لەمەش زیاتر لەگەڵ ئەوەی زۆربەی زۆری دانیشتووانی ئەم هەرێمە موسڵمانن، بەڵام تۆوی توندڕۆیی ئیسلامی «شیعە و سوننە» لە ناو خاکی کوردستاندا شین نابێت و ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش گیانی لێبوردەیی و پێکەوە ژیانی ئاشتی لە نیوان ئایین و نەتەوە جیاوازەکان لە کوردستان زیاتر گەشە دەکات و، هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش تەنیا هێزە لەم جیهانە کە دەتوانێت لەسەر زەوی تیرۆریستان تێکبشکێنێت و بە یەك ئاستیش هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینە جیاوازەکان بپارێزێت.

ئەم خەسڵەتە جوان و بەرزەی لە کوردستان خۆڕسکانە بوونی هەیە و بەرهەمەکەشی دروستکردنی ئاشتیی کۆمەڵایەتییە لە نێوان هەمووە پێکهاتە جیاوازەکان، بووەتە جێگەی سەرنج و بایەخپێدانی هەموو دەوڵەتانی ڕۆژئاوا و چەندین ساڵیشە کۆنفرانسی میونشن، پاراستنی ئاسایشی جیهانی گرێ داوەتەوە بە لێبوردەیی و پێکەوە ژیانی ئاشتییانە «گێڕانەوەی بەهاکانی ڕۆژئاوا» لەگەڵ شەڕی دژی تیرۆریستان، هەر بۆیە کە لە ساڵی ٢٠١٥وە هەرێمی کوردستان وەك تاکە هەرێم «نەك دەوڵەت» ساڵانە بانگهێشتی ئەم کۆنفرانسە دەکرێت، بە تایبەتی ئەمساڵیش کە ژمارەی میوانە بەشداربووەکان کەم کراونەتەوە، ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ئەوەی کە هەرێمی کوردستان پێگەیەکی گرنگی هەیە لە پاراستنی ئاسایشی جیهان و گێڕانەوەی متمانە و لێبوردەیی کۆمەڵگە فرە ئایین و کەلتوورەکان و زاڵبوون بە سەر توندڕەوی و گەشەی فیکری تیرۆریستی و سەرکەوتن لە شەڕی دژ بە تیرۆریستانی داعشدا.

**لە ساڵی ٢٠١٥وە هەرێمی کوردستان وەک تاکە هەرێم «نەک دەوڵەت» ساڵانە بانگهێشتی ئەم کۆنفرانسە دەکرێت، ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ئەوەی کە هەرێمی کوردستان پێگەیەکی گرنگی هەیە لە پاراستنی ئاسایشی جیهان و گێرانەوەی متمانە و لێبوردەیی کۆمەڵگە فرە ئایین و کەلتوورەکان و زاڵبوون بە سەر توندڕەوی و گەشەی فیکری تیرۆریستی و سەرکەوتن لە شەڕی دژ بە تیرۆریستانی داعشدا**

**ستیڤن بلانک**
توێژەر و تایبەتمەندی پەیوەندییەکانی ڕووسیا و ئەمریکا بۆ گوڵان:

# بە هۆی قەیرانی ئۆکرانیاوە ڕووسیا دووچاری گۆشەگیری و سزای زیاتر دەبێت

ستیڤن بلانك توێژەری باڵایە لە پرۆگرامی ئیرۆئاسیا لە ئەنستیتۆتی توێژینەوەی سیاسەتی دەرەکی، شارەزا و تایبەتمەند و توێژەری چەند بوارێکی گرنگە، وەك پەیوەندییەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ڕووسیا، کاروبارە سیاسی و سەربازییەکانی ئاسیا و ئەوروپا و ئاسایشی نێودەوڵەتی و، لەم ڕووەوە چەندین کتێب و توێژینەوە و وتاری نووسیوە، هەروەها لەلایەن ئاژانسی ناوەندیی هەواڵگریی ئەمریکا و چەندین ناوەندی توێژینەوەوە ڕاوێژی پێ کراوە. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا شرۆڤە کرد، کە پتر پەیوەست بوون بە بارودۆخ، یان ئەو ئاڵۆزی و تەنگژەیەی کە حاڵی حازر لە ئۆکرانیادا هاتووەتەئاراوە، لەگەڵ تاوتوێکردنی ئەگەری پەرەسەندنی زیاتری هەلومەرجەکە.



## دیمانەی تایبەت

*** وەك دەزانن لە ئۆكرانیا بارودۆخێكی پڕ لە پشێوی و نیگەرانی لە ئارادایە، كە كار گەیشتە ئەوەی باس لە ساتەوەخت، یان ڕۆژی هێرش و داگیركاریی ڕووسیا بۆ ئەو وڵاتە بكرێت، بە تایبەتی كە ڕووسیا هێزێكی زۆری لە چواردەوری ئەم وڵاتە كۆكردووەتەوە، هەندێ جاریش باس لەوە دەكرێت كە ڕووسیا پاشگەز بووەتەوە لە بڕیاری هێرشكردنەكەی، ئێوە چۆن لەم بارودۆخە دەڕوانن؟**

- لە ڕاستیدا ئەوەی تا ئێستا بەدی دەكرێت و ئەوەی لە هەڵوێست و جموجووڵەكان دەخوێندرێتەوە، ئەوەیە كە ئێمە لە سەروبەندی هەڵگیرسانی جەنگداین و بگرە دەتوانین بڵێین كە ئێستا ئێمە لە شەڕداین، ڕوونتر بڵێین ئێمە لە سەروەخت و سەروبەندی هێرش و پەلامارێكی دیكەی ڕووسیاداین. چونكە ئاشكرایە ئەوەی ڕووسیا گەمەیەكی لەگەڵ كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەنجام دا و ئێستاش ئاشكرا بووە و ڕێگەی بەردەم ڕووسیا و سەرۆكی ئەو وڵاتەش (ڤلادمیر پوتین) یان كشانەوە و پاشەكشەیە، یانیش ئەنجامدانی هێرش و پەلامار و داگیركارییەكەیانە. بۆچوونی من ئەوەیە هەنگاو بەرەو جەنگ هەڵدەگرن، چونكە سەرۆك ڤلادمیر پوتین ناتوانێت پاشەكشە بكات و، ئەو پێویستی بەوە هەیە كە پیشانی جیهانی بدات كە هەڵوێستێكی سەختگیرانەی هەیە.

*** كەواتە ئێوە باوەڕتان وایە كە دوائامانج، یان با بڵێین ئامانجی ڕاستەقینەی ڕووسیا بریتییە لە داگیركردنی تەواوی وڵات و خاكی ئۆكرانیا، یان مەسەلەكە تەنیا بۆ ناچاركردنی ڕۆژئاوا بە گشتی و ویلایەتە یەكگرتووەكانە بە تایبەتی، بۆ ئەوەی سازش بۆ ڕووسیا بكەن و نیگەرانییە ئەمنییەكانی لەبەرچاو بگرن؟**

- لە ڕاستیدا من هیچ جیاوازی و دژیەكییەك نابینم لە نێوان هەوڵی داگیركردن و پەلاماردانی

**ئەوەی ڕووسیا خوازیاری بەدیهێنانیەتی دروستكردنی ئیمپراتۆریەت و تێكدانی دۆخی دوای ڕۆژگاری شەڕی سارده، هیچ لایەنێكیش لەم پرسەدا پشتیوانی ناكات**

**ناتۆ هیچ هەڕەشەیەکی بۆ ڕووسیا دروست نەکردووە، چونکە سنوورەکانی ڕۆژئاوا لەگەڵ ڕووسیا مەترسییان لەسەر نییە و ناتۆش بەرفراوان نابێت و ئەوەی ڕووسیاش لەم ڕووەوە دەیکات، بانگەشەیەکی بەتاڵە و زادەی هیستیریا و خەیاڵی خۆیەتی**

ئۆکرانیا و، کارکردن بۆ ناچارکردنی ڕۆژئاوا و ئەمریکا بە سازشکردن، چونکە هەر لە بنەڕەتدا هەڕەشەی داگیرکردنی ئۆکرانیا، یان داگیرکردنەکەی ئەگەر هاتوو جێبەجێی کرد، بۆ ئەوەیە کە گوشار و کاریگەری لەسەر ڕۆژئاوا دروست بکات، بۆ ئەوەی سازشی بۆ بکەن، بەڵام کێشەکە بۆ سەرۆک ڤلادمیر پوتین ئەوە بوو کە پێی وابوو تەنیا بە هەڕەشەکردن ئەم ئامانجەی بۆ دەچێتەسەر و بۆی جێبەجێ دەبێت، بەڵام ئەم هەوڵی هەڕەشەیەی سەری نەگرت، ئێستاش یان ئەوەتا دەبێت بارودۆخەکە بەرەو هەڵکشان و بارگرژی و بگرە پێکدادان و شەڕ ببات، یان بکشێتەوە، حاڵی حازر کشانەوەش بژارەیەك نییە کە بیری لێ بکرێتەوە.

تێکدانی دۆخی دوای ڕۆژگاری شەڕی سارده، هیچ لایەنێکیش لەم پرسەدا پشتیوانی ناکات، تاکە ڕێگایەکیش بۆ ئەوەی ڕووسیا بتوانێت ئەم خەونەی بەدی بهێنێت، بریتییە لە بەکارهێنانی هێز و دروستکردنی حاڵەتی شەڕێکی هەمیشەیی، بەڵام کەس نایەوێت ئەمە ڕووبدات، کەواتە هیچ هەڕەشە و مەترسییەك نییە لەلایەن ئۆکرانیاوە و ئەمە هەموو پاساوداتاشینە لەلایەن ڕووسیاوە.

*** لەم ڕۆژانەدا وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا ئاماژەی بەوە کرد کە ڕووسیا دیپلۆماسیەتی سەروەختی شەڕی سارد پیادە دەکات، ئێوەش ئاماژەتان بەوە کرد کە ڕووسیا دەیەوێت بارودۆخەکە بگەڕێنێتەوە بۆ ئەو ڕۆژگارە، ئایا پێت وایە ئێستا لە نێو قۆناغێکی نوێی شەڕی سارددایین؟**



**پوتین بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە خەڵکی ئۆکرانیا پێشوازییان لێ دەکەن، کە ئەمە قسەیەکی تەواو بێ بنەمایە و دوچاری هەڵەیەکی گەورە بووە**

*** بەڵام هەمیشە ڕووسیا بانگەشەی ئەوە دەکات کە نیگەرانییە ئەمنییە ڕەواکانی لەلایەن ئەورووپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە لەبەرچاو نەگیراوە، بە تایبەتی لە پرسی پێداگری لەسەر ئەوەی کە ئۆکرانیا ببێتە ئەندامی ناتۆ، ئایا پێتان وایە تا چەند ئەم بانگەشەیانە پاساویان هەیە؟ ئایا نابێت ئەم نیگەرانییانەی ڕووسیا بە هەند وەربگیرێن؟**

- من باوەڕم وایە کە پاساوەکانی ڕووسیا ناڕاست و نادروستن، چونکە ئەوەی ڕووسیا خوازیاری بەدیهێنانیەتی دروستکردنی ئیمپراتۆریەت و

- لە ڕاستیدا تاکە ڕێگە بۆ ئەوەی بڵێین ناتۆ هەڕەشەیە بۆ ڕووسیا، ئەوەیە کە بڵێین ڕووسیا لە شەڕدایە لەگەڵ ناتۆ، ئێمەش دەزانین ٥٠ ساڵ پێش ئێستا ڕووسیا ناتۆی بە هەڕەشە دەزانی و پێی وابوو لە حاڵەتی شەڕدایە لەگەڵیدا، ئەوە بوو لە ساڵی ٢٠١٤ ویستی ئۆکرانیا داگیر بکات و ئۆباڵی شکستەکەشی خستە ئەستۆی ڕۆژئاوا، دواتر گوتیان ئێمە لە حاڵەتی شەڕداین لەگەڵ ناتۆ، بەڵام ناتۆ هیچ هەڕەشەیەکی بۆ ڕووسیا دروست نەکردووە، چونکە سنوورەکانی ڕۆژئاوا لەگەڵ ڕووسیا مەترسییان لەسەر نییە و ناتۆش

بەرفراوان نابێت و ئەوەی ڕووسیاش لەم ڕووەوە دەیکات، بانگەشەیەکی بەتاڵە و زادەی هیستیریا و خەیاڵی خۆیەتی.

*** بە ڕای ئێوە ئەم قەیران و ئاڵۆزییانە چ کاریگەرییەکیان لەسەر پێگەی ڕووسیا لەسەر شانۆی نێودەوڵەتی هەیە؟ ئایا پێت وایە دەبێتە هۆی بەهێزبوونی پێگەی ڕووسیا لەم لایەنەوە، یان ڕووسیا لەم ڕووەوە دوچاری زیان دەبێتەوە؟**

- لە ڕاستیدا من نازانم چۆن ئەو بارودۆخە بە بەرژەوەندیی ڕووسیا دەشکێتەوە و کۆتایی دێت، مەبەستم ئەوەیە نازانم ڕووسیا چ دەستکەوتێك بەدی دەهێنێت لە دەرئەنجامی خوڵقاندنی ئەم بارودۆخە، جگە لەوەی ڕەنگە سەرۆك پوتین بتوانێت تا ڕاددەیەك ئاستی جەماوەریی خۆی لە ناوخۆدا زیاتر بکات، لەبەر ئەوەی باوەڕم وا نییە ئەمە دەستکەوتێکی بۆ ڕووسیا هەبێت، بەڵکو تەنیا دەبێتە هۆی زیاتر گۆشەگیرکردنی ڕووسیا لە ڕووی نێودەوڵەتییەوە و ڕووسیا دوچاری سزای زیاتر دەبێتەوە، بەبێ ئەوەی هیچ دەستکەوتێك بەدەست بهێنێت.

*** کەواتە پێت وایە سەرۆك پوتین دوچاری هەڵەی حیسابات بووە، یان با بڵێین هەنگاو و هەڵوێستەکانی دەرئەنجامی پێچەوانەیان لێ کەوتووەتەوە و، لە بری بەدیهێنانی ئامانجەکانی، ڕووسیا دووچاری دۆخێکی نالەبار کردووەتەوە؟**

- بەڵێ، بە دڵنیاییەوە، و بگرە بە قووڵی دووچاری ئەم هەڵەیە بووەوە، بۆ نموونە پوتین بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە خەڵکی ئۆکرانیا پێشوازییان لێ دەکەن، کە ئەمە قسەیەکی تەواو بێ بنەمایە، کەواتە ئەگەر وەڵامی پرسیارەکەی ئێوە بدەمەوە، ئەوا دووبارە دەڵێم بەڵێ دووچاری هەڵەیەکی گەورە بووە.

*** باشە شرۆڤەکاری و خوێندنەوەت چییە بۆ هەڵوێست، یان ئەدای ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی جۆ بایدن؟ ئایا پێت وایە توانیویەتی ئیدارەیەکی سەرکەوتووی بارودۆخەکە بکات، یان بە ڕای ئێوە دەبوو چ هەڵوێستێکی جیاوازتری بگرتایەتەبەر؟**

- لە ڕاستیدا من پێم وایە ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن لە ئاست ئەم قەیران و ئاڵۆزییەی ئۆکرانیادا ئەدایەکی باش و بەهێزی هەبووە، زۆریش کارایە و، من خۆم لەگەڵ ئەوەدام ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پاڵپشتی و هاوکاریی سەربازیی زیاتر بۆ ئۆکرانیا دەستەبەر بکات، و بە ڕاشکاوی دەیڵێم من بە پێویستی دەزانم چەکێکی زۆر بدرێتە ئۆکرانیا بۆ ئەوەی پەیامێکی ڕوون بە ڕووسیا بدرێت کە ڕێگە بە سەرکەوتنی نادرێت، کەواتە پێم وایە بایدن ئەدایەکی زۆر زۆر باشی هەبووە.

*** لە وەڵامەکانی پێشووتدا باسی پرسی سزادانی زیاتری ڕووسیات کرد لە ئەنجامی ئەم کردارەیدا، ئایا پێت وایە سزا و گوشارە ئابوورییەکان کاریگەریی پێویستیان دەبێت بۆ بەرپەرچدانەوە و بەرگرتن لە کار و کردەوەکانی ڕووسیا؟**

- بە بۆچوونی من ئەو کاتە سزا و گوشارە ئابوورییەکان سەرکەوتوو دەبن، ئەگەر هاتوو بەشێکن بن لە ستراتیژیەتێکی بەرفراوانتر و بەربڵاوتر بۆ گوشار دروستکردن لەسەر ڕووسیا، تا وەك پێویست بەرپەرچ بدرێتەوە، بەڵام تێڕوانینی من ئەوەیە، ئەگەر ڕووسیا دەست بە داگیرکاری بکات، ئەوا دەبێت سزا و ڕێکارێکی ئابووریی هێندە گەورە و بەرفراوان لە دژی بگیرێتەبەر، کە تا ئێستا جێبەجێ نەکرابێت، ڕەنگە من نەتوانم بڵێم دەبێت دەقاودەق چۆن بن، بەڵام دەبێت سزایەك بن کە تا ئێستا ڕووسیا ڕووبەڕووی نەبووبێتەوە.

*** ئەی هەڵسەنگاندنت چییە بۆ ئەدا، یان هەڵوێستی وڵاتانی ئەوروپا لە ئاست ئەم قەیران و تەنگژەیەدا، ئایا پێت وایە وەك پێویست بەهێز بوون، یان دەبوو هەڵوێستی سەختگیر و جددیتریان هەبووایە لە ئاست هەڕەشە و هێزکۆکردنەوەی ڕووسیادا؟**

- گومان هەڵناگرێت کە دەتوانین بڵێین، ئەوروپا تەنیا لە ڕووی جوگرافیا قەوارەیەکی یەکگرتووە و دەبێت باس لە هەڵوێستی وڵاتەکانی ئەوروپا بکەین، بۆ نموونە، ئەوەی پەیوەست بێت بە ئەڵمانیاوە، ئەوا ئەم وڵاتە ڕوونی کردووەتەوە ئەگەر ڕووسیا ئۆکرانیا داگیر بکات، ئەوا پرۆژەی نۆردستریم٢ کۆتایی پێ دێت، ئەوەی لە بەریتانیاش بەدی کراوە، ئەوەیە کە هەڵوێستێکی بەهێزی هەبووە و، ئامادە بووە بۆ گرتنەبەری کرداری زیاتر لە دژی ڕووسیا، لەوەش زیاتر من پێم وا نییە ڕووسیا هیچ دەستکەوتێك لە ئەوروپا بەدی بهێنێت، مەبەستم ئەوەیە ناتوانێت ڕیزی هاوپەیمانێتی لە ئەوروپا و هەروەها لە نێوان ئەوروپا و ئەمریکادا لەت بکات.

**ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن لە ئاست ئەم قەیران و ئاڵۆزییەی ئۆکرانیادا ئەدایەکی باش و بەهێزی هەبووە**

**بە پێویستی دەزانم چەکێکی زۆر بدرێتە ئۆکرانیا بۆ ئەوەی پەیامێکی ڕوون بە ڕووسیا بدرێت کە ڕێگە بە سەرکەوتنی نادرێت**

**ئەگەر ڕووسیا دەست بە داگیرکاری بکات، ئەوا دەبێت سزا و ڕێکارێکی ئابووریی هێندە گەورە و بەرفراوان لە دژی بگیرێتەبەر، کە تا ئێستا جێبەجێ نەکرابێت**





### بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی دژی یاسای نەوت و گازی کوردستان

# کۆتایی سیستمی فیدراڵی و گەڕانەوەیە بۆ سەنترالیزم

> «ئێمەی گەلی عێراق بە سەرجەم پێکهاتەکانیەوە بە تەواوی ویستی خۆمان بە ئازادانە و ئارەزوومەندانە بڕیاری یەکگرتنی ئارەزوومەندانەمان داوە و دەرس وەردەگرین لە ڕابردوومان بۆ داهاتوومان، و لە بەها باڵاکانی پەیامە ئاسمانییەکان و دۆزینەوە نوێیەکانی زانست و شارستانیەتی مرۆڤەوە ئەم دەستوورەمان دانا، پابەندبوون بەم دەستوورەش یەکێتیی ئازادانەی گەل و خاک و سەروەریی عێراق دەپارێزێت».
>
> **دوایین پەرەگرافی پێشدەستیی دەستووری عێراق ٢٠٠٥**

**دەبێت عێراق یاسایەکی فیدراڵی بۆ بەڕێوەبردنی نەوت و گازی هەبێت و، چیتر کار بە یاسای ژمارە ١٠١ی ساڵی ١٩٧٦ نەکرێت کە دروشمەکەی «نەوتی عەرەب بۆ عەرەب. نفط العرب للعرب» بوو، ئامانجیش لە یاساکە هەر ئەو دروشمە بوو، کە ئەو دروشمە لەگەڵ ماددەی ١١٠ی دەستووری عێراق یەک ناگرێتەوە کە دەڵێت: «نەوت و غاز موڵکی سەرجەم خەڵکی عێراقن لە هەموو هەرێم و پارێزگاکان»**

**یاسای نەوت و گازی فیدراڵییە کە ڕەشنووسەکەی ڕێککەوتنی لەسەر کراوە و، ئەقلییەتی شۆڤێنی ڕێگری لێ کردووە بۆ ئەوەی نەبێتە یاسا**

## ● ماددەی ١٣٠ی دەستوور نەوت و گاز ناکاتە دەسەڵاتی حەسری فیدراڵی

سەرۆک مسعود بارزانی لە ساڵی ٢٠١٢ و دوای ئەوەی بەندەکانی ڕێککەوتنی هەولێر بۆ کابینەی دووەمی نووری مالیکی پێشێل کران، ڕاشکاوانە بە هەموو جیهانی ڕاگەیاند: «ئێمە بە ئازادانە و ئارەزوومەندانە بووینە بەشێك لە دەوڵەتێکی فیدراڵی و فرەیی و دیموکراتی و پەرلەمانی و نابینەوە بە بەشێك لە سیستمێکی دیکتاتۆری.» ئەم قسەیەی سەرۆک بارزانی جەختکردنەوەیە لەسەر دوایین پەرەگرافی پێشدەستیی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی عێراق کە پابەندبوون پێیەوە یەکێتی خاك و سەروەریی عێراق دەپارێزێت، بەپێچەوانەوە هەر هەوڵێك بدرێت بۆ ئەوەی سیستمی سیاسیی عێراق لە فیدراڵییەوە بگێڕێتەوە بۆ سەنترالیزم و دیکتاتۆری ئەوە پێشێلکاریی دەستوورە و کە دەستوورەکەش پێشێل بکرێت، ئەوا دەرگا مەترسیدارەکە دەکرێتەوە، کە هەموو ئەگەرەکان بە باش و خراپەوە لە بەردەم ئایندەی عێراقدا واڵا دەبن و، ئاگرێك دەبێت کە هیچ لایەك ناتوانێت خۆی لە پریشکەکەی بپارێزێت. بەداخەوە دادگای بەناو «فیدراڵی»ی عێراق پشتی بە ماددەی ١٣٠ لە دەستووری ٢٠٠٥ بەستووە، بۆ ئەوەی نەوت و گاز بکاتەوە بە دەسەڵاتی حەسریی حکومەتی فیدراڵی، ئەمە لە کاتێکدا ئەندامانی ئەو دادگایە ئەو پرسیارەیان لە خۆیان نەکردووە، بۆچی بڕگەی «بیست و پێنج / ها» لە یاساکانی کاتی بۆ بەڕێوەبردنی عێراق لە قۆناغی ڕاگواستن / ٢٠٠٤ کە نەوت و گاز وەك دەسەڵاتی حەسریی حکومەتی عێراق دیاری کردووە، لە نووسینەوەی دەستووردا ئەم بڕگەیە لابرا و، نەوت و گاز نەخرایە ناو ئەو دەسەڵاتەی کە وەك دەسەڵاتەکانی فیدراڵی بۆ حکومەتی عێراق دیاری کراوە.

هەر پشتبەستن بە ماددەی ١٣٠ی دەستووری عێراق کە دەڵێت: «یاسا کارپێکراوەکان کاریان پێ دەکرێت، ئەگەر هەڵنەوەشێنرابێتنەوە، یان هەموار نەکرابن بە گوێرەی حوکمەکانی ئەم دەستوورە»، دیسان دادگای فیدراڵی لە بڕیارەکەیدا دژی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان، خۆی تێکەڵاوی کێشەیەکی سیاسیی ترسناك کردووە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر یاسای نەوت و گازی ژمارەی ١٠١ی ساڵی ١٩٧٦ بەپێی ماددەکانی دەستوور کارپێکراو بوایە، ئەوە دەبوو:

١. ڕاشکاوانە بڕگەی «بیست و پێنج / ها» لە یاسای کاتیی بەڕێوەبردنی عێراق ٢٠٠٤ بگوازرایەتەوە بۆ ناو دەستوور، لە ناو دەسەڵاتە تایبەتەکانی فیدراڵی ڕاشکاوانە نەوت و گاز تۆمار بکرایە، بەڵام لە بەر ئەوەی لە نووسینەوەی دەستووردا، داڕێژەرانی دەستوورەکە ڕازی نەبوون نەوت و گاز یەکێك بێت لە دەسەڵاتە تایبەتەکانی فیدراڵی، مانای ئەوەیە ماددەی ١٣٠ی دەستووری عێراق بە شێوەیەکی زمنی کارکردن بە یاسای ژمارە ١٠١ی ساڵی

١٩٧٦ سەر دەكات، تا ئەو كاتەی حكومەتی فیدراڵی پرۆژە یاسایەكی تازەی نەوت و گاز ئامادە دەكات و دەینێرت بۆ پەرلەمان بۆ ئەوەی پەسەند بكرێت. پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئایا هەوڵێك هەبووە بۆ ئەوەی یاسایەكی تازە بۆ نەوت و گازی عێراق دابڕێژدرێت؟ بێگومان بەڵی، لە ساڵی ٢٠٠٧ پێش ئەوەی پەرلەمانی كوردستان یاسای نەوت و گازی كوردستان دەربكات، هەوڵێكی هاوبەش لە نێوان حكومەتی هەرێم و حكومەتی فیدراڵی هەبوو، بۆ گەیشتن بە ڕێككەوتن لەسەر یاسای نەوت و گازی حكومەتی فیدراڵی، ئەم یاسایە وەك پرۆژە ئامادە كرا و ڕەوانەی پەرلەمانی عێراقیش كرا، بەڵام لە پەرلەمان ناوەرۆكی فیدراڵیی یاساكەیان شێواند، بۆیە بە ناچاری یاسای ژمارە ١٠١ی ساڵی ١٩٧٦ بۆ ڕێكخستنی وەزارەتی نەوتی عێراق مایەوە، بەڵام دیسان دووبارەی دەكەینەوە، پێداگری لەسەر بەڕێوەبردنی وەزارتی نەوتی عێراق بە یاسای ژمارە ١٠١ی ساڵی ١٩٧٦، پێشێلكاریی دەستووری عێراقە و لەگەڵ ڕۆحی ئەو دەستوورە یەك ناگرێتەوە كە لە ئایاری ٢٠٠٥ـەوە پەسەند كراوە و كاری پێ دەكرێت، ئەم پێشێلكردنەش لە لایەن حكومەتی فیدراڵیی عێراقەوە دانی پێدا نراوە و، لە هەموو دانوستاندنەكانیش بۆ پێكهێنانی حكومەتەكانی عێراق جەخت لەسەر ئەوە كراوەتەوە، كە دەبێت عێراق یاسایەكی فیدراڵی بۆ بەڕێوەبردنی نەوت و گازی هەبێت و، چیتر كار بە یاسای ژمارە ١٠١ی ساڵی ١٩٧٦ نەكرێت كە دروشمەكەی «نەوتی عەرەب بۆ عەرەب. نفط العرب للعرب» بوو، ئامانجیش لە یاساكە هەر ئەو دروشمە بوو، كە ئەو دروشمە لەگەڵ ماددەی ١١٠ی دەستووری عێراق یەك ناگرێتەوە كە دەڵێت: «نەوت و غاز موڵكی سەرجەم خەڵكی عێراقن لە هەموو هەرێم و پارێزگاكان».

٢. لە یاسای ژمارە ١٠١ی ساڵی ١٩٧٦ لە بەر ئەوەی دەسەڵاتی نەوت و گاز تایبەتە بە حكومەتی سەنتراڵی، بە هیچ شێوەیەك باس لە كێڵگە نەوتی و گازییەكانی «ئێستا و داهاتوو» ناكات، بەڵام لە ماددەی ١١٢ی دەستووردا كە باس لەوە دەكات «حكومەتی فیدراڵی لەگەڵ هەرێم و پارێزگا بەرهەمهێنەرەكانی نەوت و غازی بەرهەمهێنراوی كێڵگەكانی ئێستا بەڕێوە دەبات»، بێگومان «كێڵگەكانی ئێستا» لە دەستووردا مانای ئەو كێڵگە نەوتی و گازییانەی عێراقە كە هەتا ٢٠ی ئایاری ٢٠٠٥ بوونیان هەبووە و، لەم بەروارەشدا هەرێمی كوردستان خاوەنی كیلگەی نەوت و گاز نەبووە، هەر بۆیە دەستوور جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە بۆ ئەو كێڵگە نەوتی و گازییانەی پاش ئەم بەرواره وەبەرهێنانیان تێدا دەكرێت، ئەوا بە یاسایەكی تازە مامەڵەی لەگەڵ دەكرێت، كە ئەویش یاسای نەوت و گازی فیدراڵییە كە ڕەشنووسەكەی ڕێككەوتنی لەسەر كراوە و، ئەقڵییەتی شۆڤێنی ڕێگری لێ كردووە بۆ ئەوەی نەبێتە یاسا، ئەمە ڕاشكاوانە ئەو ڕاستییەمان بۆ ئاشكرا دەكات، نەفەس و نییەتی دادگای فیدراڵی لە دەركردنی بڕیارەكەی دژی یاسای نەوت و گازی كوردستان، لە بنەڕەتدا نەفەس و نییەتێكی سیاسییانەی لە پشتە كە نایەوێت عێراق دەوڵەتێكی فیدراڵی بێت.

٣. دادگای فیدراڵی بە دەركردنی ئەم بڕیارەی دژی یاسای نەوت و گازی هەرێمی كوردستان، ڕۆحی دەستووری ٢٠٠٥ دەكوژێت، لە بەر ئەوەی پێكەوەژیانی «ئازادانە و ئارەزوومەندانە» دەگۆڕێت بۆ پێكەوەژیانی زۆرەملێ و ژێردەستەیی، هەروەها ناسنامەی هەرێمێكی فیدراڵی لە هەرێمی كوردستان وەردەگرێتەوە كە لە ماددەی «١١٧/ یەكەم دەڵێت: «ئەم دەستوورە لە بەرواری پیادەكردنیەوە دان بە هەرێمی كوردستان و ئەو دەسەڵاتانەی ئێستایدا دەنێت وەك هەرێمێكی فیدراڵی»، ئەم بڕگەیە وەك دەستوورزان و یاساناسان تەفسیریان كردووە، «دەسەڵاتەكانی ئێستای هەرێم، واتە ئێستای دوای پیادەكردنی دەستوور و تەواوی ئەو مافە دەستوورییانە دەگرێتەوە كە لەو دەستوورەدا بۆ دەسەڵاتەكانی هەرێمی كوردستان دانراون»، یەكێك لەو دەسەڵاتانەشی كە بەپێی دەستوور بووەتە دەسەڵاتی هەرێمی كوردستان و ئەو هەرێمانەشی لە ئاینده دروست دەبن، ئەو دەسەڵاتانەیە كە لە ماددەی « ١٢١/ یەكەم» هاتووە و دەڵێت: «دەسەڵاتی هەرێمەكان مافی پیادەكردنی دەسەڵاتەكانی یاسادانان و

**نەفەس و نییەتی دادگای فیدراڵی لە دەركردنی بڕیارەكەی دژی یاسای نەوت و گازی كوردستان، لە بنەڕەتدا نەفەس و نییەتێكی سیاسییانەی لە پشتە كە نایەوێت عێراق دەوڵەتێكی فیدراڵی بێت**

**دادگای فیدراڵی بە دەركردنی ئەم بڕیارەی دژی یاسای نەوت و گازی هەرێمی كوردستان، ڕۆحی دەستووری ٢٠٠٥ دەكوژێت، لە بەر ئەوەی پێكەوەژیانی «ئازادانە و ئارەزوومەندانە» دەگۆڕێت بۆ پێكەوەژیانی زۆرەملێ و ژێردەستەیی**

**١٣ ساڵ پێش ئەوەی دەستووری عێراقی ٢٠٠٥ بنووسرێتەوە و پەسەند بكرێت، پەرلەمانی كوردستان لە ٦ی ئۆكتۆبەری ١٩٩٢ بڕیارێكی مێژوویی و چارەنووسسازی دەركرد، ئەویش «بڕیاری فیدراڵی»بوو**

ڕاپەڕاندن و دادوەرییان هەیە بە گوێرەی ئەم دەستوورە جگە لەو دەسەڵاتانەی کە تایبەتن بە حکومەتی فیدڕاڵییەوە.»

ئەوجا لە بەر ئەوەی دەسەڵاتی نەوت و گاز بەپێی هەردوو ماددەی ١١٢ی دەستوور کە دەسەڵاتی نەوت و گازی دابەش کردووە بۆ «کێڵگەکانی ئێستا و داهاتوو»، هەروەها ماددەی ١١٥ی دەستوور کە دەسەڵاتی نەوت و گازی لە ناو دەسەڵاتە تایبەتەکانی فیدڕاڵی نەنووسیوە، مانای ئەوەیە بڕیارەکەی دادگای فیدڕاڵی دژی هەرێمی کوردستان نەك هەر تەنیا پێشێلکردنی چەند ماددەیەکی دەستوورییە، بەڵکو کوشتنی ڕۆحی دەستوورەکەیە و گۆڕینی سیستمی فیدڕاڵییە بۆ سەنترالیزم.

لێرەوە دەگەینە ڕاستییەکی ترسناك و ئەو پرسیارە دەورووژێت، ئەگەر کاری دادگای فیدڕاڵی تەفسیری ماددەکانی دەستوور و پاراستنی دەستوور بێت، ئەوا ئەم بڕیارەی دادگای فیدڕاڵی بە تەفسیرکردنی بۆ ماددەی ١٣٠ بەوەی یاسای ژمارە ١٠١ی ساڵی ١٩٧٦ یاسایەکی کارپێکراوە و دەبێت بەو یاسایە وەزارەتی نەوتی حکومەتی فیدڕاڵی عێراق بەڕێوە بچێت، ئەوا ئەم تەفسیرە پێچەوانەی ڕۆحی دەستوورەکە و تێکدانی دەستوورەکەیە.

## • گواستنەوەی ئەقڵییەتی دژە فیدڕاڵی و کوردستان لە سیاسییە شۆڤێنییەکانەوە بۆ ناو قازییەکانی دادگای فیدڕاڵی

١٣ ساڵ پێش ئەوەی دەستووری عێراقی ٢٠٠٥ بنووسرێتەوە و پەسەند بکرێت، پەرلەمانی کوردستان لە ٦ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٢ بڕیارێکی مێژوویی و چارەنووسسازی دەرکرد، ئەویش «بڕیاری فیدڕاڵی»بوو، ئەمەش بەو مانایەی کوردستان لەسەر بنەمای سیستمێکی فیدڕاڵی و بوونی کوردستان بە هەرێمێك لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا، وتووێژ و دانوستاندن لەسەر ئایندەی سیستمی سیاسیی عێراق دەکات و، ئەگەر نەتوانرا لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتە فیدڕاڵییەش پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدڕاڵی ڕێك بخرێت، ئەوا پسپۆڕانی یاسایی و دەستووری بیریان لەوە کردبووەوە کە وەك بەدیل پەنا بۆ «فیدرەسی» ببرێت، ئەمەش بەو مانایەی هەرێمی کوردستان هەر بەشێك بێت لە عێراق و بە دەستوور پەیوەندییەکانیان ڕێکبخرێت، هەتا ئەگەر سیستمی سیاسیی کوردستان لەگەڵ سیستمی سیاسیی عێراق جیاوازیش بێت.

لە ماوەی ساڵانی ١٩٩٢- ٢٠٠٣ کە چەندین کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە هەرێمی کوردستان و دەرەوەی عێراقیش گرێ دراوە، هیچ لایەنێکی سیاسی «عەرەبی شیعە و سوننە» نەیانویستووە ددان بەو ڕاستییەدا بنێن کە فیدڕاڵی واتە «یەکێتی — الاتحاد»، بەڵکو هەموو کات بەو جۆرە تەفسیری فیدڕاڵییان کردووە، کە مانای «جوداخوازی- الانفصال» دەدات، هەر بۆیە هیچ یاساناس و دەستوورزانێك گومانی لەوە نییە کە ئەوە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ نییە کە عێراقی کردووەتە دەوڵەتێکی فیدڕاڵی، بەڵکو ئەوە ئیرادەی گەلی کوردستانە کە لە ساڵی ١٩٩٢ـەوە لە ناو پەرلەمانی کوردستانەوە بڕیاری «فیدڕاڵی» داوە.

سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان بە گشتی و شەخسی سەرۆك مسعود بارزانی کە خۆی بە شەخسی بەشداریی هەموو کۆنگرەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە ناو هەرێمی کوردستان و دەرەوەی عێراقیش کردووە، هەموو کات لەو ڕاستییە بە ئاگا بووە کە ئەقڵییەت و نییەتێکی شۆڤێنییانە هەموو کات لە ناو بەشێك لە عەرەبی عێراق بە «شیعە و سوننە»وە بوونی هەیە و، ئەگەر دەرفەتیان بۆ بڕەخسێت، نەك هەر ڕێگە نادەن کوردستان هەرێمێکی فیدڕاڵی بێت، بەڵکو مافی «ئۆتۆنۆمی»شی پێ ڕەوا نابینن، هەر بۆیە لە دارشتنی دەستووری ٢٠٠٥ی دەوڵەتی فیدڕاڵیی عێراقدا، سەرۆك مسعود بارزانی پێداگری لەسەر ئەو خاڵانە کردووەتەوە کە مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان لەناو ئەو دەستوورە بە زیندوویی دەهێڵنەوە وەك:

١. لە کاتی دانوستانەکان بۆ دارشتنی دەستووری عێراق لەلایەن پۆل بریمەر حاکمی مەدەنیی عێراق هەوڵێکی زۆر درا، بۆ هەڵوەشانەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و تا گەیشتە ئەوەی سەرۆك جۆرج دەبلیو بۆش هەوڵی دا بە تەلەفۆن ئەو داوایە لە سەرۆك

**هیچ یاساناس و دەستوورزانێک گومانی لەوە نییە کە ئەوە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ نییە کە عێراقی کردووەتە دەوڵەتێکی فیدڕاڵی، بەڵکو ئەوە ئیرادەی گەلی کوردستانە کە لە ساڵی ١٩٩٢ەوە لە ناو پەرلەمانی کوردستانەوە بڕیاری «فیدڕاڵی» داوە**

**ئەقڵییەت و نییەتێکی شۆڤێنییانە هەموو کات لە ناو بەشێک لە عەرەبی عێراق بە «شیعە و سوننە»وە بوونی هەیە و، ئەگەر دەرفەتیان بۆ بڕەخسێت، نەک هەر ڕێگە نادەن کوردستان هەرێمێکی فیدڕاڵی بێت، بەڵکو مافی «ئۆتۆنۆمی»شی پێ ڕەوا نابینن**

**لە دارشتنی دەستووری ٢٠٠٥ی دەوڵەتی فیدڕاڵیی عێراقدا، سەرۆک مسعود بارزانی پێداگری لەسەر ئەو خاڵانە کردووەتەوە کە مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان لەناو ئەو دەستوورە بە زیندوویی دەهێڵنەوە**

بارزانی بکات، بەڵام سەرۆك بارزانی بە بریمەری گوتبوو: «من وەڵامی ئەو پەیوەندییە تەلەفۆنییەی سەرۆك بۆش نادەمەوە، لەبەر ئەوەی زۆرم پێ باشترە سەرۆك بۆش گلەییم لێ بکات، نەك شەرمەزاری میللەتەکەی خۆم بم»، دەرکەوت ئەم دووربینییەی سەرۆك بارزانی دوای ١٢ ساڵ لەو بەروارە و دوای خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر لە جێگەی خۆیدا بووە و ئەگەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان نەبوایە شتێك بە ناوی هەرێمی کوردستان بوونی نەدەما و، ئەوکات پێداگری لەسەر دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان کرد و، بەمجۆرە لە ماددەی «١٢١/ پێنجەم» چەسپاندنی کە دەڵێت: «هەرچی پەیوەندی بە بەڕێوەبردنی هەرێمەوە هەیە، لە ئەستۆی حکومەتی هەرێمدایە، بەتایبەتی پێکهێنان و ڕێکخستنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی هەرێم وەك پۆلیس و ئاسایش و پاسەوانی هەرێم»، دانانی وشەی «پاسەوانی هەرێم» واتە مانەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەك خۆی.

٢. دانانی ماددەی ١٤٠ لە دەستووری عێراق بۆ گێڕانەوەی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، جیا لەوەی ئەم ماددە دەستوورییە دیکیۆمێنتێکی مێژووییە بۆ دیاریکردنی سنووری هەرێمی کوردستان لە هەمان کاتدا وردەکاریی جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە دەسەڵاتی داوە بە پەرلەمانی کوردستان لە حاڵەتێکدا حکومەتی فیدراڵی ئامادە نەبوو، جێبەجێی بکات، ئەم بارودۆخە بە تەواوەتی لە ماوەی شەڕی داعش دابین کرا و، وەك هەنگاوی یەکەم بۆ جێبەجێکردنی ئەمری واقیعی ماددەی ١٤٠ ئاڵای کوردستان لەسەر قەڵای دێرینی شاری هەولێر هەڵکرا و بەپشتبەستن بە دەستوور و ئەو دەسەڵاتانەی لەو دەستووردا بۆ هەرێمی کوردستان دیاری کراون، زەمینەسازی بۆ جێبەجێکردنی تەواوی ماددەی ١٤٠ کرابوو.

٣. بۆ مانەوەی ماف و دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان، سەرۆك بارزانی جەختی لەوە کردەوە کە هەموارکردنەوەی دەستوور پەیوەست بێت بە ڕێژەی دوو لەسەر سێی دانیشتووانی ٣ پارێزگا، ئەگەر ٣ پارێزگا ئەو هەموارکردنەی



**د. ڕەمەزان بەدران**

**توێژەری کاروباری سیاسی لە بەرنامەی (مع ملا طلال):**

# بە سیاسیکردنی دادگای فیدڕاڵی دەمانخاتە بەردەم مەترسییەکی گەورە

**د. ڕەمەزان بەدران شرۆڤەکاری سیاسیی دیاری عێراقی، لە بەرنامەیەکدا لەگەڵ تەلەفزیۆنی Utv Iraq بەمجۆرە بیر و بۆچوونی خۆی سەبارەت بە بڕیارەکەی دادگای فیدڕاڵی دژی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان دەربڕی:**

ئەگەر لە ڕووی یاساییەوە لەم بڕیارە بڕوانین، ئەوا دادگای ئیتیحادی خۆی تێوەگلاندووە لە بڕیارێك، کە دژییەك لەخۆ دەگرێت و پشتبەستوو بووە بە کۆمەڵێك ماددەی دەستووری، کە خودی ئەو ماددانە ڕەوایەتیی ئەو بڕیارە هەڵدەوەشێننەوە، نیگەرانییەکەش ئەوەیە کە بە سیاسیکردنی دادگای ئیتیحادی بەم ڕەهەندە و دەرکردنی بڕیارێکی نادروست لە ڕووی یاساییەوە لەم کات و ساتەدا، خۆی لە خۆیدا کێشەیەکە و دەمانخاتە بەردەم مەترسییەکی گەورەوە، چونکە پێمان دەڵێت کە ئەم دادگایە پارێزبەندیی خۆی لە دەست داوە و چیتر توانای ئەوە نەماوە بەرگری و پارێزگاری لە دەستوور و بارودۆخە گشتییەکە بکات. کەواتە ئەمە بڕیارێکی مەترسیدارە لە ڕووی دەستووری و یاساییەوە، چونکە هەرێمی کوردستان بە وریاییەوە هەنگاوی هەڵگرتووە و، پێشێلکاریی بەند و بڕگەکانی دەستووری نەکردووە و، زۆر سەرکەوتوو بووە و، لە سەرەتاوە دەستی کرد بە دۆزینەوە و بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوت و داهاتەکەی ڕەوانەی وەزارەتی دارایی کرد و، ئەوەی لەو کاتەدا شکستی هێنا لە جێبەجێکردندا وەزارەتی دارایی عێراق بوو، نەك کوردستان، دواتر مافی کوردستانە کە بە گوێرەی دەستوور یاسای نەوت و غاز دەربکات و، کەموکوڕییەکە لە حکومەتی مەرکەزییەوەیە کە تا ئێستا یاسای نەوت و غازی دەر نەکردووە، لە ڕاستیدا ئەم دادگایە هیچ سەرکەوتوو نەبوو لەم بڕیارەیدا، نە لە ڕووی کاتی دەرکردنی بڕیارەکەوە و نە لە ڕووی دەقی بڕیارەکە و نە لە ڕووی ناوەڕۆکەکەشییەوە.

**سەرۆک بارزانی بە بریمەری گوتبوو: «من وەڵامی ئەو پەیوەندییە تەلەفۆنییەی سەرۆک بۆش نادەمەوە، لەبەر ئەوەی زۆرم پێ باشترە سەرۆک بۆش گلەییم لێ بکات، نەک شەرمەزاری میللەتەکەی خۆم بم»**

ڕەتکردەوە، ئەوا هەمواركردنەوەی ئەو دەستوورە پەسەند ناكرێت، ئەم دووربینییەی دیكەی سەرۆك بارزانی، لەبەرچاوگرتنی مەترسیی ئەو شۆڤێنییانە بوو كە هەموو كات ئامادەن بە ڕێگەی زۆرینە مافە دەستوورییەكانی خەڵكی كوردستان لە بەهاكانی خۆی بەتاڵ بكەنەوە و، بە دانانی ئەم مەرجەش هەموو كات ماف و دەسەڵاتەكانی هەرێمی كوردستان پارێزراو دەبن.

٤. دەرهێنانی دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی سامانی نەوت و گاز لە ناو دەسەڵاتە حەسرییەكانی حكومەتی فیدراڵی و پێدانی دەسەڵاتی دەستووری بە پەرلەمانی كوردستان بۆ دارشتنی یاسای نەوت و گازی كوردستان، هەنگاوێكی دیكەی دووربین و لۆژیكانە بوو بۆ ئەوەی بە هەڕەشەی گەمارۆ و بڕینی مووچە هەرێمی كوردستان نەكەوێت، ئەم خاڵە لە سەرەتادا كە لای هەندێك سیاسەتمەدار جێگەی بایەخ نەبوو و بەوجۆرە بیریان دەكردەوە جارێكی دیكە حكومەتی عێراق پەنا بۆ گوشاری «سەربازی و دارایی» نابات بۆ سەر كوردستان، كەچی هەردووكیانمان بینی، بەڵام هەروەك چۆن لە داستانەكانی پردێ و مەحموودیە و سحێلا كارتی گوشاری سەربازی پووچەڵ كرایەوە، ئێستا پەنایان بۆ دادگای فیدراڵی بردووە و دەیانەوێت لە ڕێگەی بڕیارەكانی ئەو دادگایەوە سەرچاوەی داهات و ئابووریی كوردستان وشك بكەن، ئەوا بە هەمان شێوە ئەم بڕیارەش پووچەڵ دەكرێتەوە، ئەگەرنا



عێراقـی پێـش بڕیارەکـەی دادگای فیدڕاڵـی، عێراقـی دوای ئـەو بڕیـارە نابێـت.

## ● عێراقـی دوای بڕیارەکـەی دادگای فیدڕاڵـی

یەکەمیـن جـارە دادگای فیدڕاڵـی کـە ئەرکەکـەی تەفسـیری ماددەکانـی دەسـتوورە، دوای دەرکردنـی بڕیارێـك، ڕوونکردنـەوە بـدات، بـەڵام ئەمجارە دوای دەرکردنی بڕیارەکـەی دژی یاسای نـەوت و گازی هەرێمی کوردستان پەنای بۆ ڕوونکردنەوەیەکی سیاسی برد، نەك یاسایی و ئاماژەی بەوە کرد «نەوتی کوردستان لەلایەن ئیسـرائیلەوە کـڕدراوە»، ئەمـەش دوور و نزیـك پەیوەنـدی بـە ئەرکەکانـی دادگای فیدڕاڵیـەوە نییـە و، نادەسـتووریی بڕیارەکـە وای کـردووە کـە پەنـا بـۆ هەمووشـتێك بـەرن، ئەمـە لـە کاتێکـدا هـەر لـە سـاڵی ٢٠١٤وە لـە حکومەتـی حەیـدەر عەبـادی و حکومەتەکـەی عـادل عەبدولمەهـدی، پرۆسـەی دەرهێنـان و هەناردەکردنـی نەوتـی کوردسـتان بووەتـە بەشـێك لـە هـەر دوو یاسـای بوجـەی هـەر دوو حکومەتەکـەی عەبـادی و عەبدولمەهـدی، ئەمـەش ڕاشـکاوانە ئەوەمـان پـێ دەڵێـت: کـە پەرلەمانـی عێـراق لـە دەرەوەی دەسـتووری عێـراق یاسـاکانی بودجـەی بـۆ هـەر دوو حکومەتەکە دەر کردووە و، ئەمـەش پێویستی بەوەیـە جارێکـی دیکـە ئـەم بەنـاو دادگای فیدڕاڵییـە بڕیارێکی دیکە دژی پەرلەمانـی عێراق لە

**بۆ مانەوەی ماف و دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان، سەرۆک بارزانی جەختی لەوە کردەوە کە هەموارکردنەوەی دەستوور پەیوەست بێت بە ڕێژەی دوو لەسەر سێی دانیشتووانی ٣ پارێزگا، ئەگەر ٣ پارێزگا ئەو هەموارکردنەی ڕەتکردەوە، ئەوا هەموارکردنەوەی ئەو دەستوورە پەسەند ناکرێت**



هەر دوو خولی پێشوو دەربکات.

ئەم ئاماژەیەمان بۆ ڕوونکردنەوەکەی دادگای فیدراڵی دوای بڕیارەکەی دژی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوە بوو بڵێین: پێش هەمووان قازییەکانی دادگای فیدراڵی گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی ئەگەر بێت و هەوڵ بدرێت، ئەو بڕیارەی دادگای فیدراڵی جێبەجێ بکرێت، وەك ئەوەی خۆیان پیلانیان بۆ دارشتووە، ئەوا عێراقی دوای بڕیارەکە جارێکی دیکە عێراقی دوای ئەو بڕیارە نابێت، لەوانەیە هەندێك ئاراستەی ئەم شرۆڤەیە بە ئاراستەیەکی سۆزداری دوور لە یاسایی بۆ هەرێمی کوردستان بخوێنێتەوە، بەڵام ئاراستەی ئەم خوێندنەوەیە پشتی بە ڕۆحی ئەو دەستوورە بەستووە کە دادگای فیدراڵی دەیەوێت ماددەکانی سیاسییانە تەفسیر بکات، بەمجۆرە:

١. ئەگەر پێکەوەژیانی کوردستان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی پێکەوەژیانێکی ئازادانە و ئارەزوومەندانە بێت، وەك لە پێشدەستیی دەستووردا هاتووە، ئەوا ئەم پێکەوەژیانە ئازاد و ئارەزوومەندانە کاتێك بڕیاری لەسەر دراوە کە بڕگەی «بیست و پێنجەم / ها» لە یاسای کاتیی ئیدارەی دەوڵەتی عێراق هەڵگیراوە و دەسەڵاتی نەوت و گاز نەبووەتە دەسەڵاتێکی تایبەتیی حکومەتی فیدراڵی، بۆیە هەر هەوڵێك بدرێت بۆ گێڕانەوەی ئەم دەسەڵاتە بۆ چوارچێوەی دەسەڵاتە تایبەتەکانی حکومەت، ئەوا ئەو حکومەتە حکومەتێکی سەنترالی دەبێت، نەك فیدراڵی و، پێکەوەژیان و مانەوەی کوردستانیش وەك بەشێك لە عێراق دەبێتە حاڵەتێکی زۆرەملێ نەك ئازاد و ئارەزوومەندانە.

٢. هەوڵدان بۆ دانانی یاسای ژمارە ١٠١ی ساڵی ١٩٧٦ی وەزارەتی نەوتی عێراق لە بری یاسای نەوت و گازی فیدراڵی ببێ ئەوەی ئاماژە بە پێویستی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی بکات، هەروەها لەبەرچاونەگرتنی ئەو پۆلینەی دەستووری عێراق بۆ کێڵگە نەوتییەکانی ئێستا « تا ٢٠ی ٥ی ٢٠٠٥ « و کێڵگە نەوتی و گازییەکانی داهاتوو، ئەمەش مانای ئەوەیە بە تەواوەتی ماددەی ١١٢ی دەستووری عێراقی فەرامۆش کرد و وەك ماددەیەکی دەستووری حیسابی بۆ نەکردووە، ئەوجا لەگەڵ ئەوەی بە حیساب پشتی بە ماددەی ١١٢ش وەك یەکێك لە ماددە دەستوورییەکان بەستووە بۆ دەرکردنی بڕیارەکەی دژ بە یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان، بەڵام «کێڵگەکانی ئێستا»ی بە کێڵگەکانی ئێستا «٢٠٢٢» لە قەڵەم داوە، نەك کێڵگەکانی ئێستا»ی «٢٠٠٥»، ئەمەش چەواشەکارییەکی گەورەی دەستوورییە و ئایندەی عێراق بەرەو مەترسییەکی گەورە پەلکێش دەکات.

٣. قازییەکانی دادگای فیدراڵی دەسەڵاتەکانی خۆیان لە کاتێکی زۆر هەستیاری سیاسی و ئەمنیی بارودۆخی عێراق بەکار هێناوە بۆ ڕاوەستانی پرۆسەی سیاسی لە عێراق و گەیاندنی بە بنبەست، هەر بۆیە لەگەڵ ئەوەی بڕیاری دادگای فیدراڵی بەرزترین بڕیارە و قابیلی تانە لێدان نییە لە ڕووی یاساییەوە، بەڵام بێجگە لە لایەنەکانی ناو ئیتاری تەنسیقی شیعە کە پشتیوانیی بڕیارەکە دەکەن، هەردوو هاوپەیمانی سیادەی عەرەبی سوننە و تەیاری سەدر شیعە، ڕاشکاوانە ئاماژەیان بەوە کردووە کە ئەم بڕیارە بڕیارێکی سیاسییە و دەبێت پەرلەمان دەست بەکاری خۆی بکاتەوە و ڕێگە بە دەستێوەردانی حزبی و بە قەزای بەسیاسیکراو نەدات، ڕەنگدانەوەی بەهای ئەم بڕیارەی دادگای فیدراڵی لە ناو کۆی فەزای سیاسیی عێراقیدا، ڕاشکاوانە جەختکردنەوەیە لەسەر ئەوەی، بەداخەوە دادگای فیدراڵی بووەتە ئامێرێك بە دەستی چەند لایەنێکی سیاسی بۆ ئەوەی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا پەك بخرێت و، نەتوانرێت حکومەت پێکبهێنرێت، ئەوجا ئەگەر لە لایەك ئەو لایەنانە هەوڵ بدەن بە تیرۆر و تۆقاندن و تێکدانی ئاسایش خۆیان فەرز بکەن، ئەوا دوای ئەوەی لەوە نائومێد بوون، پەنایان وەبەر تیرۆری دادوەریش بردووە و، ئەگەر ئەمەشیان بۆ سەر بگرێت، مانای وایە تەڕ و وشك پێکەوە دەسووتێت.

٤. لە ناو بڕیارەکەی دادگای فیدراڵیدا، ناردنی پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی عێراق گرێ دراوەتەوە بە جێبەجێکردنی بڕیارەکە، ئەم جۆرە حوکمەی دادگای فیدراڵی پێچەوانەی تەواوی سیستمە فیدراڵییەکانی جیهانە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە قووت و

**پێش هەمووان قازییەکانی دادگای فیدراڵی گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی ئەگەر بێت و هەوڵ بدرێت، ئەو بڕیارەی دادگای فیدراڵی جێبەجێ بکرێت، وەک ئەوەی خۆیان پیلانیان بۆ دارشتووە، ئەوا عێراقی دوای بڕیارەکە جارێکی دیکە عێراقی دوای ئەو بڕیارە نابێت**

**قازییەکانی دادگای فیدراڵی دەسەڵاتەکانی خۆیان لە کاتێکی زۆر هەستیاری سیاسی و ئەمنیی بارودۆخی عێراق بەکار هێناوە بۆ ڕاوەستانی پرۆسەی سیاسی لە عێراق و گەیاندنی بە بنبەست**

**ئەوانەی خەم لە ئایندەی عێراق دەخۆن و نایەنەوێت عێراق بگکاتە لێواری هەڵدێر، بە ئاراستەیەکی دیکە بۆ بەتاڵکردنەوەی ئەو مینە چێنراوانەی ناو بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی دژی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان هەنگاو هەڵ دەگرن**

بژێوی هەموو خەڵکی کوردستان دەکاتە بارمتەی جێبەجێکردنی بڕیارەکەی، ئەمە لە کاتێکدا ئەو کێشەیەی دادگای فیدراڵی بۆی کۆبووەتەوە بۆ ئەوەی یەکلایی بکات، داوایەکی وەزارەتی نەوتی عێراقە دژی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانی هەرێمی کوردستان، بۆیە ئەگەر بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی بڕیاریکی یاسایی بوایە، دەبوو یەکەمینجار داوای لە حکومەتی فیدراڵی بکردایە کە دەستبەجێ شایستە داراییەکانی هەرێم بنێرێت و هەردوو وەزارەتی ناوبراویش بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەیان پێکەوە کۆببنەوە، بەڵام لە بەر ئەوەی بڕیارەکەی دادگای بەناو فیدراڵی بە نییەتێکی سیاسیی تێکدەرانە بۆ کۆی پرۆسەی عێراق دروست کراوە، ئەوا هەر زوو مستەفا کازمی ئەو ڕاستییەی بۆ ئاشکرا بوو کە بە دیالۆگ ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت و، لەمەش زیاتر موقتەدا سەدر داوای لە پەرمان کرد چاوەڕێی هەڵبژاردنی «سەرۆك کۆمار و سەرۆك وەزیران» نەکات و دەست بە کارەکانی خۆی بکات و، ڕێگە بە دەستێوەردانی حزبی و دادوەری بە سیاسیکراو نەدات.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم دەرهاویشتانەی لە ماوەی یەك دوو ڕۆژی دوای بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی دەرکەوتوون، نەفس و نییەتە سیاسییەکەی ناو بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی زیاتر ئاشکرا دەبن و، خەریکە ئەوانەی خەم لە ئایندەی عێراق دەخۆن و نایەنەوێت عێراق بگاتە لێواری هەڵدێر، بە ئاراستەیەکی دیکە بۆ بەتاڵکردنەوەی ئەو مینە چێنراوانەی ناو بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی دژی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان هەنگاو هەڵ دەگرن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە باش دەزانن، ئەگەر ئەو مینە چێنراوانە بەتاڵ نەکرێنەوە، لەوانەیە یەك دوو مانگێك هەرێمی کوردستان لە ڕووی ئابوورییەوە کاریگەریی ئەو بڕیارەی لەسەر بێت، بەڵام کاریگەریی دوورمەودای بڕیارەکە لەسەر ئایندەی عێراق تەواو نابێت و، جارێکی دیکە عێراق، عێراقەکەی پێش بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی نابێت.



**هومام شەماع پسپۆڕی ئابووریی عێراق :**

# بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی بڕیارێکە بە مردوویی لەدایکبووە و هەر بە مردوویش دەمێنێتەوە

هومام شەماع پسپۆڕی دیاری ئابووریی عێراقی لە میانەی دیدارێکدا لەگەڵ تەلەفزیۆنی فەلوجە دەربارەی بڕیارەکەی دادگای فیدراڵیی عێراق سەبارەت بە یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان و وەزارتی سامانە سرووشتییەکان، ئەم بڕیارەی بە بڕیارێکی مردوو ناو برد و گوتی :»بڕیارەکە بڕیارێکی نادەستوورییە، بە بەڵگەی ئەوەی پشتی بە کۆمەڵێك مادده بەستووە کە جگە لە «ماددەی ١١٢» هیچ پەیوەندییەکی بە یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستانەوە نییە، هەر بۆیە بڕیارێکی زاڵمانە و سیاسییە و، بۆ ئەمەش پشتی بە دەستوور نەبەستووە، هەروەها ماددەی ١١٢ی دەستووریش لە بەرژەوەندیی یاسای نەوت و گازی هەرێمە، لەبەر ئەوەی ماددەی ١١٢ باس لەو کێڵگە نەوتییانەی ئەو کات»٢٠ی ئایاری ٢٠٠٥ « دەکات نەك کێڵگەی ئێستا، ئەمەش واتە ئەو کێڵگە نەوتییانەی پێش ئەم بەرواره بەرهەمیان هەبووە، بە هاوبەشی لەلایەن حکومەتی فیدراڵ و هەرێمەوە بەڕێوە دەبرێن، بۆیە دەستوور باسی ئەو کێڵگانەی نەوتی نەکردووە کە دواتر لە چوارچێوەی یاسای نەوت و گازی کوردستان وەبەرهێنیان تێدا دەکرێت و، دەبنە کێڵگەی بەرهەمهێنەری نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستاندا، ئەمەش دەکەوێتە دەرەوەی دەسەڵاتە تایبەتەکانی دەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدراڵی، لەبەر ئەوەی لە ناو ئەو دەسەڵاتە تایبەتانەی لە دەستووردا دیاری کراون، باس نەکراوە، ئەمەش ڕاشکاوانە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی پشتی بە هیچ پاکانەیەکی دەستووری نەبەستووە، بۆیە بڕیارێکە پێش لەدایکبوونی بڕیارێکی مردووە و هەر بە مردوویش دەمێنێتەوە، ئەمەش بە بەڵگەی ئەوەی مستەفا کازمی سەرۆك وەزیرانی عێراق داوای لە وەزیری نەوتی عێراق کردووە، کە پەیوەندی بە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بکات و دەست بە دیالۆگ بکەن، ئەمەش بە مانایەکی دیکە ئەوە پیشان دەدات کە حکومەتی فیدراڵی لەوە تێگەیشتووە کە بڕیاری دادگای فیدراڵی لەسەر بنەمای فەرمانپێکردنی سیاسی دراوە و، ئامانج لەم بڕیارە سزادانی هەرێمی کوردستانە.

# ئەو مادده دەستوورییانەی پەیوەندییان بە بڕیارەکەی دادگای فیدراڵییەوە هەیە

**• دەسەڵاتە حەسرییەکانی حکومەتی فیدراڵیی عێراق مادده ١١٠ی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥**

١. ڕەنگڕێژکردنی سیاسەتی دەرەوە و نوێنەرایەتیی دیپلۆماسی و ئەنجامدانی دانوستاندن لەسەر پەیماننامە و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان و، سیاسەتی قەرزکردن و واژۆکردن لەسەریان و ڕەنگڕێژکردنی سیاسەتە ئابووری و بازرگانییەکان.

٢. دانان و جێبەجێکردنی سیاسەتی ئاسایشی نیشتمانی، لەوانەش پێکهێنان و بەڕێوەبردنی هێزی چەکداری بە مەبەستی دڵنیابوون لە پاراستن و مسۆگەرکردنی ئاسایشی سنوورەکانی عێراق و، بەرگریکردن لێیان.

٣. ڕەنگڕێژکردنی سیاسەتی دارایی و گومرگ و دەرکردنی دراو و ڕێکخستنی سیاسەتی بازرگانی لەسەر سنووری هەرێم و پارێزگاکانی عێراق و، دانانی بودجەی گشتیی دەوڵەت و ڕەنگڕێژکردنی سیاسەتی دراو و دامەزراندن و بەڕێوەبردنی بانکێکی ناوەندی.

٤. ڕێکخستنی کاروباری پێوەر و پێوان و کێشان.

٥. ڕێکخستنی کاروباری ڕەگەزنامە و بە هاووڵاتیبوون «تجنس» و نیشتەجێبوون و مافی پەنابەریتیی سیاسی.

٦. ڕێکخستنی سیاسەتی لەرەلەرەکانی پەخشکردن و پۆستە.

٧. دانانی پرۆژەی گشتیی وەبەرهێنان .

٨. پلاندانانی تایبەت بە سیاسەتی ئەو سەرچاوە ئاوییانەی کە لە دەرەوەی عێراقەوە دێن و، مسۆگەرکردنی گەیشتنی بڕی ئاوی پێویست بۆ ناو عێراق، بە گوێرەی یاسا و نەریتە نێودەوڵەتییەکان.

٩. ئامار و سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان .

**• ماددەی ١١٥ی دەستووری عێراق ساڵی ٢٠٠٥**

هەر شتێك لە سنووری دەسەڵاتە تایبەتەکانی حکومەتی فیدراڵیدا ئاماژەی پێ نەکرابێت، ئەوە دەبێتە دەسەڵاتی هەرێم و ئەو پارێزگایانەی ناکەونە ناو سنووری هیچ هەرێمێکەوە، ئەگەر ناکۆکی دروست بوو لەسەر دەسەڵاتە هاوبەشەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمەکان، ئەوا پێشینە بۆ یاسای هەرێمەکەیە.

**• مادده ١١٢ی دەستووری عێراق ساڵی ٢٠٠٥**

١- حکومەتی فیدراڵی لەگەڵ هەرێم و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکانی نەوت و غازی بەرهەمهێنراوی کێڵگەکانی ئێستا بەڕێوە دەبات، بە مەرجێك داهاتەکانیان بە شێوەیەکی دادپەروەری و بە گوێرەی دابەشبوونی دانیشتووان لە سەرجەم پارچەکانی وڵاتدا دابەش بکرێت، لەگەڵ دیاریکردنی پشك بۆ ماوەیەك بۆ ئەو هەرێمە زیانلێکەوتووانەی

ڕژێمی پێشوو بێبەشی کردبوون و، ئەوانەش کە پاشتر زیانیان لێ کەوت، بە جۆرێك گەشەسەندنێکی هاوتەریب بۆ ناوچە جیاوازەکانی وڵات مسۆگەر بکات و، ئەمەش بە یاسا ڕێك دەخرێت.

٢- حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمەکان و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکان بە یەکەوە هەڵدەستن بە ڕەنگرێژکردنی سیاسەتی ستراتیژیی پێویست، بۆ بەرەوپێشبردنی سامانی نەوت و غاز، بە جۆرێك کە ببێتە مایەی دەستخستنی زۆرترین سوود و کەڵك بۆ گەلی عێراق، ئەوەش بە پشتبەستن بە نوێترین تەکنیکی بنەماکانی بازاڕ و وەبەرهێنان.

- **مادده ١١٠ی دەستووری عێراق ساڵی ٢٠٠٥**

نەوت و غاز موڵکی سەرجەم خەڵکی عێراقن لە هەموو هەرێم و پارێزگاکان

- **مادده ١٢١ی دەستووری عێراق ساڵی ٢٠٠٥**

١-دەسەڵاتی هەرێمەکان مافی پیادەکردنی دەسەڵاتەکانی یاسادانان و ڕاپەڕاندن و دادوەرییان هەیە بە گوێرەی ئەم دەستوورە، جگە لەو دەسەڵاتانەی کە تایبەتن بە حکومەتی فیدراڵییەوە.

٢- حکومەتی هەرێم مافی هەمووارکردنی جێبەجێکردنی یاسای فیدراڵیی لە هەرێمەکەدا هەیە، ئەگەر ناکۆك، یان دژیەکییەك لە نێوان یاسای فیدراڵی و یاسای هەرێمدا هەبوو لەسەر بابەتێك کە لە سنووری ئەو دەسەڵاتانەدا نەبێت، کە تایبەتن بە حکومەتی فیدراڵی.

٣-دەبێت لەو داهاتانەی لە حکومەتی فیدراڵیدا بەدەست دەهێنرێت، پشکێکی گونجاو بۆ هەرێمەکان تەرخان بکرێت، کە بەشی هەستان بە ئەرکەکانی بکات بە لەبەرچاوگرتنی داهات و پێویستییەکانی و ڕێژەی دانیشتووانیشی.

٤-نووسینگەی تایبەت بە هەرێم و پارێزگاکان دەکرێتەوە لە باڵیۆزخانە و نێردە دیپلۆماسییەکاندا، بە مەبەستی بەداواداچوون بۆ کاروباری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و گەشەپێدان .

٥-هەرچی پەیوەندی بە بەڕێوەبردنی هەرێمەوە هەیە لە ئەستۆی حکومەتی هەرێمدایە، بە تایبەتی پێکهێنان و ڕێکخستنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی هەرێم وەك پۆلیس و ئاسایش و پاسەوانی هەرێم.

- **ماددەی ١٣٠ی دەستووری عێراق ساڵی ٢٠٠٥**

یاسا کارپێکراوەکان کاریان پێ دەکرێت، ئەگەر هەڵنەوەشێندرابێتنەوە، یان هەموار نەکرابن بە گوێرەی حوکمەکانی ئەم دەستوورە.

# بڕیاری نەوت و گازی ڕژێمی پێشوو لەگەڵ هەرێمی کوردستان ناگونجێت

**وەڵامی بریکاری داوالێکراو لە ٢٠١٨/٤/٩ سەبارەت بە پشتبەستن بە ماددەی ١٣٠ی دەستوور، کە بە ئەنقەست هەوڵیان داوە بەڕێوەبردنی هەر دوو کەرتی نەوت و گاز بکەنە یەکێك لە دەسەڵاتە تایبەتەکانی حکومەتی فیدراڵی «لاپەرە ٣، بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی»**

داوای داواکراو هیچ پاڵپشتێکی یاسایی نییە، لەبەر ئەم هۆکارانە :

١- بەڕێوەبردنی نەوت و گاز یەکێك نییە لە دەسەڵاتە تایبەتەکانی دەسەڵاتەکانی فیدراڵی، کە پێشتر و لە سەردەمی ڕژێمی پیشوو یەکێك بوو لە دەسەڵاتە تایبەتەکانی حکومەتی ناوەندی، هەروەها بەو شێوەیەش نەماوە کە لە یاسای ئیدارەی دەوڵەت لە قۆناخی ڕاگواستن ساڵی ٢٠٠٤ کە وای دانابوو «بەڕێوە بردنی سامانە سرووشتییەکان» لە چوارچێوەی دەسەڵاتە تایبەتەکانی حکومەتی ڕاگوزەری عێراقە بەپێی «ماددەی ٢٥ بڕگەی ها « ئەم ماددە بیست و پێنجەمەی یاسای کاتیی ئیدارەی دەوڵەت، بوو بە سەرچاوەیەکی مێژوویی بۆ ماددەی ١١٠ی دەستوور، کە دەسەڵاتە تایبەتەکانی حکومەتی فیدراڵی دیاری دەکات، پاش ئەوەی بڕگەی «ها» لێی لابرا.

٢- ئامانج لە ماددەی ١١١ی دەستوور تێگەیشتنێکی سیاسییە زیاتر لەوەی یاسایی بێت و، هەروەها ماددەیەکی ڕێکخەر نییە بۆ کاروباری نەوت و گاز، ئامانج لەم ماددەیە ئەوەیە کە دەسەڵاتە حکوومییەکان دەستبڵاوی بە داهاتی نەوت و گازەوە نەکەن، کە لە بەرژەوەندیی گەلانی عێراقدا نەبێت، بۆیە هەر تەفسیرێکی دیکەی بۆ بکرێت، دەبێتە هاودژییەکی ڕاشکاوانە لەگەڵ ماددەکانی «١١٠، ١١٢، ١١٥»ی دەستوور، کە تایبەتمەندییەکانی نێوان دەسەڵاتەکانی فیدراڵی و هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی لە هەرێمێکدا ڕێك نەخستووە، دابەش کردووە.

٣- لەو بەروارەی کە دەستوور دەرچووە، هەرێمی کوردستان هیچ کێڵگەیەکی نەوتیی نەبووە بە ناوی «کێڵگەکانی ئیستا» و، کێڵگە بەرهەمهێنەرەکانی هەرێم چەندین ساڵ دوای دەرچوونی دەستوور هەبوون، بەڵام داواکراو بە شێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ ماددەی ١١٢ی دەستوور کردووە، وەك یەکێك لە پاڵپشتییە دەستوورییەکان خۆی وا پیشان داوە و بێ ئاگایە لەوەی جیاوازی لە نێوان کێڵگەکانی ئێستا و داهاتوودا بکات، بەمەش هەردووکیانی خستووەتە بەردەم یەك فەرمان و یەك ئاکام. دانانی کێڵگەکانی ئێستا بە هەموو کێڵگەکان، بێجگە لە کێڵگەکانی داهاتوو کە لە دوای بەرواری دامەزراندنی دەستوور، واتە ٢٠ی ئایاری ٢٠٠٥ هەبووە، ئەمەش بە

حوکمی ماددەی «١١٢/ یەکەم» دەبێت بەڕێوەبردنی هاوبەش هەبێت، کە دەکەوێتە چوارچێوەی دەسەڵاتە هاوبەشەکان و، کاتێکیش کێشەی تێکەوت، ئەوا بەپێی ماددەی ١١٥ کە دەقەکەی دەڵێت: «هەر شتێك لە سنووری دەسەڵاتە تایبەتەکانی حکومەتی فیدراڵیدا ئاماژەی پێ نەکرابێت، ئەوە دەبێتە دەسەڵاتی هەرێم و ئەو پارێزگایانەی ناکەونە ناو سنووری هیچ هەرێمێکەوە، ئەگەر ناکۆکی دروست بوو لەسەر دەسەڵاتە هاوبەشەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمەکان، ئەوا پێشینە بۆ یاسای هەرێمەکەیە.»

٤- یاسای ڕێکخستنی وەزارەتی نەوت ژمارە «١٠١ ساڵی ١٩٧٦» لەسەر هەرێمی کوردستان جێبەجێ نابێت، لەبەر ئەم هۆکارانە:

- یاسایەکی ڕێکخستنە بۆ کاروباری وەزارەتێك کە لەسەر بنەمای ڕژێمێکی مەرکەزی داڕێژدراوە، ئەمەش پێچەوانەیە لەگەڵ پرەنسیپە دەستوورییەکانی فیدراڵی و، ناکرێت بۆ پەڵپ و بیانوو بەرامبەر هەرێم بەکار بهێنرێت.

- لە ماددە ١١٠ی دەستوور «کاروباری نەوت و گاز» یەکێك نییە لە دەسەڵاتە تایبەتەکانی فیدراڵی .

- هەرێم وەزارەتێکی هاوشێوەی وەزارەتی نەوتی هەیە، کە وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانە و، بەپێی یاسای ٢١ ساڵی ٢٠٠٧ دامەزراوە، ئەمەش بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی لە ماددەی ١٢١ی دەستوور بە هەرێمەکان دراوە و، بە شێوەیەکی دەستووریش لە هەر دوو ماددەی « ١١٧/ یەکەم» و «١٢١/ یەکەم» ددانی پێدا نراوە، ماددەی ١١٥ش ماف دەداتە دەسەڵاتی هەرێم، کاتێك هاودژییەك لە نێوان یاسای فیدراڵی و یاسای هەرێمەکاندا هەبێت.

٥- ئەوەی لە بودجەدا هاتووە، ئەوەیە کە داهاتی نەوتی بەرهەمهێنراو لە لایەن وەزارەتی نەوت و وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان و، هەروەها هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان بەردەوام بووە، حکومەتی فیدراڵی هەڵوێستەی لەسەر وردەکارییەکان هەبووە و، هەم لە ڕووی بڕی نەوت و داهاتەکەی و هەناردەکردنەکەش ئاگاداری و ڕەزامەندیی حکومەتی فیدراڵیی هەبووە و، زیاد لە جارێك ئەم ڕازیبوونەی پیشان دراوە، کە دواجاریان بڕیاری «مانگی ئاداری ٢٠١٨» گرێ دراوە بە پێدانی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم، ئەمە لە کاتێکدا هەرێم دەستی بە هەناردەکردنی نەوت نەکردبوو، تا ئەو کاتەی حکومەتی فیدراڵی خۆی لە پێدانی شایستەکانی هەرێم لە بودجە لە شوباتی ٢٠١٤ دوور خستەوە.

## دکتۆر سەباح سوبحی حەیدەر

ئەندامی خولی پێنجەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ گوڵان:

# لە عێراقدا بارودۆخێکی ئاڵۆز و سیستمێکی شکستخواردووی سیاسی لە ئارادایە



بڕیارەکانی دادگای ئیتیحادی عێراق کێشە و ئاڵۆزی و مشتومڕێکی زۆری ناوەتەوە، بە تایبەتی لە پەیوەندی بە کاریگەری و ئاکامەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان، خوێندنەوە و شرۆڤەکاریی ئەم بڕیارانە بە تایبەتی و دۆخی سیاسیی عێراق و پرسی پێکهێنانی حکومەتی ئایندەی ئەم وڵاتە بە گشتی بوونە تەوەری سەرەکیی دیدارێکی گۆڤاری گوڵان لەگەڵ دکتۆر سەباح سوبحی حەیدەر ئەندامی خولی پێنجەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.

**دادگای فیدراڵیش وەک دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەستووری پێشێل کردووە**

*** پرۆسەی سیاسیی عێراق بەرەو ئەوە هەنگاو هەڵدەگرێت کە هەموو هۆکارێکی ئەمنی و یاسایی بەکاربهێنرێت بۆ ئەوەی پرۆسەکە ڕابوەستێت، هەر لە ڕووداوەکانی میسانەوە تا دەگاتە بڕیارەکانی دادگای فیدڕاڵی، ئایا ئەمە سەرەتایەك نییە بۆ شکستی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا؟**

- ئێمە لە خولی پێنجەم دەرکمان بەوە کردووە کە بارودۆخی سیاسیی عێراق زۆر ئاڵۆزە و کێشەی زۆر هەیە، و لە سەرەتای دروستبوونی عێراقی نوێ تاوەکو ئێستا دەتوانین بڵێین سیاسەتی ناوخۆی عێراق زۆر شکستخواردووە. هەر بۆیە زۆربەی کێشەکان چارەسەر نەکراون، بە تایبەتی ئەو کێشانەی لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیە و هەر بە هەڵواسراوەی ماونەتەوە. کەواتە بەو پێوەرانەی لە ئارادان، سیستەمی سیاسی لە عێراقدا شکستخواردووە، بەڵگەش ئەوەیە کە لە بواری خزمەتگوزاریدا حکومەتی ناوەندیی عێراق نەیتوانیوە خزمەتگوزاری بگەێنێتە زۆربەی شارەکان کە ئەمەش بووەتە مایەی نارەزایی و نیگەرانیی خەڵك، سەرەڕای ئەوەی بودجەیەکی زەبەلاحی هەیە، ئەمە خاڵی یەکەم. خاڵی دووەم: تاوەکو ئێستا سیستەمی سیاسی لە عێراقدا نەیتوانیوە پەیوەندییەکی سەقامگیر لەگەڵ گشت وڵاتانی جیهان و دراوسێ دروست بکات، بەڵکو سیاسەتێکی پاشکۆی بۆ هەندێك لە وڵاتانی دەوروبەر هەبووە. هەر بۆیە لە لایەن سەروەرییەوە عێراق کێشەی هەیە و تاوەکو ئێستا سیاسەتێکی سەربەخۆی نەبووە. خاڵی سێیەم: عێراق لەگەڵ هەرێمی کوردستان تاوەکو ئێستا بە عەقڵییەتێکی ناوەندی مامەڵەی کردووە و هەوڵی داوە بەپێی توانای لە بەهای فیدڕاڵی کەم بکاتەوە و لە بەهای سیاسیی هەرێمی کوردستان کەم بکاتەوە، چونکە هەرێمی کوردستان بووەتە سەنتەری هێمنی و ئاسایش و سەقامگیری لە ناو عێراقدا و بووەتە مایەی دڵنیایی کە سیاسەتێکی سەقامگیری هەیە و پەیوەندی لەگەڵ زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا و دەرەکی زۆر باشە، ئەمەش وای کردووە سیستەمی سیاسی لە عێراق دژایەتیی هەرێمی کوردستان بکات و، هەوڵ دەدەن لە کیان و قەبارەی هەرێمی کوردستان کەم بکەنەوە و کێشەی بۆ دروست بکەن. ئەو سێ خاڵەی ئاماژەمان پێ کرد، دەیسەلمێنێت کە سیاسەتی ناوخۆی عێراق لاوازە و لە زۆر قۆناغدا و بە هەمان شێوە لە مامەڵەکردنی لەگەڵ مەلەفەکاندا شکستی هێناوە. هەروەها ئەگەرچی دەتوانین بڵێین دەستوور زامنە بۆ دەوڵەتی عێراقی وەك دەوڵەتێکی فیدڕاڵی، بەڵام بەداخەوە کە تەماشا دەکەین جگە لەوەی سیاسەتەکانیان لاوازە، ئەوا لە هەمانکاتیشدا دەستووریش پێشێل دەکرێت لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە و ئێستاش بۆمان دەردەکەوێت لەلایەن دەسەڵاتی دادوەرییش دەستوور پێشێل دەکرێت، وەك دیتمان کە دادگای فیدڕاڵی لەم دواییانە مافی مرۆڤی پێشێل کرد، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان کەم بکەنەوە و ئامانجیشیان ئەوەیە کە بگەڕێنەوە بۆ سیستەمی پارێزگاکان، کە ئەمەش مەحاڵە. چونکە ئێمەش وەك دەوڵەتی عێراقی کە بەپێی دەستووری عێراق کە لە ساڵی ٢٠٠٥ دەرچوو کە بنەمای ڕێککەوتنی سیاسی بنەمایەکی سەرەکیی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق بوو و، هەر ماددەیەکی دەستووری بارودۆخێکی خۆی هەبووە، تاوەکو ئەو ماددە دەستوورییانە بنووسرێن. لەلایەکی دیکەوە ئەو ڕووداوانەی کە ئێستا لە عێراق ڕوودەدەن، وەك ڕووداوەکانی میسان و بڕیارەکانی دادگای فیدڕاڵی و لە بواری پێکهێنانی حکومەت و دەستنیشانکردنی سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆك کۆمار هەر هەموویان کێشەیان لەسەرە و هێشتا کێشەی دیکەش ماوە و سەرەکیترینیان پێکهێنانی حکومەتە، ئەگەر بارودۆخەکە بەو شێوەی ئێستا بڕوات، ئەوا کێشەیەکی زۆر مەترسیدار لە عێراق ڕوودەدات و ئەگەری ئەوە هەیە کە بە تەواوی سستەمی سیاسی لە عێراق دابڕووخێت و بگەینە قۆناغی پشێوی.

*** دوورخستنەوەی هۆشیار زێباری لە کاندیدی سەرۆك کۆمار لەلایەن دادگای فیدڕاڵییەوە بە بێ ئەوەی هیچ داوایەکی قەزائی لەسەر بێت و، بیانوویەکی دیکەی بۆ بدۆزرێتەوە بەوەی مادام لە پەرلەمان ئیقالە کراوە، ئیدی ئەو مافەی نییە، ئاشکرایە ئەمە بە سیاسیکردنیکی ئاشکرای دادگای فیدڕاڵییە، ئایا پەرلەمان بە چ ڕێگەیەك دەتوانێت ڕێگە لە بەسیاسیکردنی دادگای فیدڕاڵی بگرێت؟**

- دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەوەی کە دادگای فیدڕاڵی پێکهاتەکەی لە چییەوە دروست بووە،

**پارتی دیموکراتی کوردستان بەوە ناسراوە کە هەڵوێستی نیشتمانپەروەری هەیە و کار لەسەر بەرژەوەندیی گشتی دەکات و بەرژەوەندیی گشتی بە هەند وەردەگرێت، ئەمەش لە بیر و هزر و باوەڕی سەرۆک بارزانی وەرگیراوە**

**عێراق لەگەڵ هەرێمی کوردستان تاوەکو ئێستا بە عەقڵییەتێکی ناوەندی مامەڵەی کردووە و هەوڵی داوە بەپێی توانای لە بەهای فیدڕاڵی کەم بکاتەوە**

**ئێمە پێویستمان بەوەیە کە حکومەت پێکهێنرا و ئێمەش دەستمان بە کارەکان کرد، ئەوە دەبێت هەمواری یاسای دادگای فیدراڵی بکەین**

**ئێمە زۆر ڕێز لە دادگای فیدراڵی دەگرین، لە بەر ئەوەی دەزانین کە دەبێت دادگا لەسەر بنەمای بێلایەنی و سەربەخۆ بێت، ئەگەرچی دەبینین ئەو دادگایە بە سیاسی کراوە**

**هەموو کات لە عێراقی تازە ئەوە کێشە بووە کە کێ دەبێت بە سەرۆک وەزیران و کێ بۆ وەزیرەکان دەستنیشان دەکەن**

ئەم دادگایە لەسەر بنەمای یاسای ژمارە ٣٠ی ٢٠٠٥ دروست بووە، کە لە کاتی برێمەر بوو و بنەمای دروستبوونی ئەو دادگایە باس لە یاساکان دەکات و کاری ئەوە نەبووە کە تەفسیری دەستوور بکات، بەڵام بە هەموارکردنەوەی یاساکە لە ساڵی ٢٠٢١ بووە هۆی دروستبوونی ئەو دادگایە و ئەو دادگایەش ئەگەر لە پێکهاتەکەی بکۆڵینەوە، ئەوا دەبینین لەسەر دوو بنەمای سەرەکی دانراوە، یەکەم: بنەمای پێکهاتەکانی عێراق کە سوننە و شیعە و کوردە. دووەم: لەسەر بنەمای سیاسی پێکهاتووە، هەر بۆیە بڕیارەکانیشی سیاسی دەبێت و ئەو ئالیەتانەی لەبەردەستمانە دەبێت بە هەمان ئالیەتی دادگای فیدراڵی بێت، واتە یاسایی بێت. هەر بۆیە ئێمە پێویستمان بەوەیە کە حکومەت پێکهێنرا و ئێمەش دەستمان بە کارەکان کرد، ئەوە دەبێت هەمواری یاسای دادگای فیدراڵی بکەین و ئەمەش بۆ ئێمە زۆر گرنگە و ئێمە زۆر ڕێز لە دادگای فیدراڵی دەگرین، لە بەر ئەوەی دەزانین کە دەبێت دادگا لەسەر بنەمای بێلایەنی و سەربەخۆ بێت، ئەگەرچی دەبینین ئەو دادگایە بە سیاسی کراوە، هەر بۆیە پێویستە ئێمە کار بکەین بۆ ئەوەی بە شێوەیەك لە شێوەکان ئەو یاسایە بگۆڕین، یان ئالیەتێکی گونجاوی بۆ بدۆزینەوە، لەلایەکی دیکەوە دەبێت ئێمە مامەڵەیەکی لۆژیکی و عەقلانیمان لەگەڵ حکومەتی عێراقی فیدراڵی هەبێت. وەکو دەزانین حکومەتی فیدراڵی دەسەڵاتێکی جێبەجێکارییە لەناو وڵاتدا، واتە دەبێت دانیشتن و گفتوگۆیەکان بەردەوام بێت بۆ ئەوەی نەك تەنیا دۆسیەی نەوت و غاز چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە، بەڵکو هەموو دۆسیە هەڵواسراوەکانی نێوان عێراق و هەرێم بە یەك پاکێج چارەسەر بکرێت.

*** هەتا ئێستا هیچ نزیکبوونەوەیەك لە نێوان ئیتاری تەنسیقی و تەیاری سەدر ڕووی نەداوە، ئەمەش وای کردووە کە تەیار خاوەنی زۆرینەی نیشتمانی بێت و ئیتار خاوەنی سولسی موعەتەڵە، ئایا لەم حاڵەتەدا پرۆسەکە نەگەیشتووەتە بنبەست؟ ئایا چۆن ئەم بە بنبەست گەیشتنە دەکرێتەوە؟**

- ئەو کێشانەی لە نێوان ماڵی شیعە هەیە، هەر هەموو چاوەڕوانکراو بووە و هی ئێستا نییە، بەڵکو پێشتریش هەبووە، بەڵام ئێستا کە چ شتێك گەشەی بەو کێشانەی ناوماڵی شیعە داوە؟ وەڵامەکەی ئەوەیە کە تەیاری سەدری لەو هەڵبژاردنەدا سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنا کە زیاتر لە ٧٣ کورسی بە دەست هێنا و، بەپێچەوانەوە ئەوانەی دیکەی لایەنی ئیتاری تەنسیقی شیعە نەیانتوانی ئەو ڕێژەیە بە دەست بهێنن، بەپێی دەستووریش دەڵێت ئەو کوتلەیەی زۆرینەی کورسی هەیە، دەتوانێت حکومەت پێکبهێنێت. هەر بۆیە ئەگەر بە هەموو پێوەرەکان سەیر بکەین و بە ڕەچاوکردنی ماددەی ٤٥ی لە یاسای ژمارە ٩ی تایبەت بە هەڵبژاردنەکان بۆمان دەردەکەوێت کە کوتلەی سەدری لەناو پەرلەمان زۆرینەن، ئێمە بە هیچ شێوەیەك نەمانویستووە تەدەخولی ئەو بابەتە بکەین، چونکە ئەوە کێشەی تایبەتیی نێوان خۆیانە و زۆر هەستیاریشە، ئەگەرچی نەك تەنیا لایەنی سیاسی نێوخۆ، بەڵکو وڵاتانی هەرێمیش لەو بابەتەوە گلاون. بەڵام بە باوەڕی من ئەو کێشەیە زۆر قووڵ نییە، هەر چەندە بەپێی ڕاگەیاندن و ئەو ڕاپۆرتانەی هەیە دەڵێن زۆر ئاڵۆز و قووڵە و کێشەی لەسەرە، بەڵام لە کۆتاییدا من دڵنیام لەوەی ماڵی شیعە لە نێوان خۆیان ڕێك دەکەون و حکومەتیش پێك دەهێنن، ئەگەر هاتوو بە ویستی کوتلەی سەدریش بوو، ئەوە دەکرێت بە پۆست و پایەی جیاجیا ئیتاری تەنسیقیش بچنە ناو پرۆسەکە. چونکە هەموو کات لە عێراقی تازە ئەوە کێشە بووە کە کێ دەبێت بە سەرۆك وەزیران و کێ بۆ وەزیرەکان دەستنیشان دەکەن. بەڵام ئەوەی لەم جارە زیاد بووە و بووەتە کێشە، ئەوەیە ئایا کێ دەبێت بە ئۆپۆزسیۆن؟ ئەگەرچی هیچ لایەنێك لە تەیاری سەدری و ئیتاری تەنسیق ڕازی نین ببن بە ئۆپۆزسیۆن و کوتلەی سەدری مافی خۆیەتی ئەوجارە حوکمڕان بێت، ئیتاری تەنسیقیش پێشتر هەر حکومەتی پێکهێناوە و لە ناو پرۆسەکە بووە، هەر بۆیە قبووڵ ناکات لە ناکاو ببێتە ئۆپۆزسیۆن، بۆیە کێشەکە هەیە، بەڵام ئەو کێشەیەش چارەسەر دەکرێت و لێکتێگەیشتنیش لە نێوان سەدر و هەندێك لەوانەی ناو ئیتاری تەنسیقی هەیە، بە پێچەوانەی ئەوەی دەبینرێت و باس دەکرێت، ئەوەش دەکرێت ببێتە بنەمایەك کە هەندێك لە لایەنەکانی ئیتاری تەنسیقی جیا ببنەوە و بەشدار بن لە حکومەت و هەندێکیشیان لە دەرەوەی حکومەت دەمێننەوە.

*** هەندێك لە چاودێران باس لەوە دەكەن كە ئێستا عێراق لە ناو بۆشاییەكی دەستوورییدایە، هەندێكی دیكە دەڵێن لەبەر ئەوەی دادگای دەستووری دەسەڵاتی داوەتە سەرۆك كۆمار هەتا هەڵبژاردنی سەرۆك كۆماری داهاتوو، دەتوانێت لە پۆستەكەی بەردەوام بێت، ئەمە مانای ئەوەیە حكومەتیش هەمان دەسەڵاتی بۆ دەمێنێتەوە، ئایا ئەمە ئاماژە نییە بۆ ئەوەی كە پرۆسەكە بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت، هەتا جارێكی دیكە هەڵبژاردنی پێشوەختە دووبارە دەكرێتەوە؟**

- نەخێر، ئەوە زەحمەتە، چونكە ئەو هەڵبژاردنەی پێشتر خۆی لە خۆیدا زەحمەت بوو، بۆیە هەڵبژاردنێكی دیكەی پێشوەختە ئەگەری زۆر لاوازە و سەرۆكایەتیی كۆمار و ئەنجومەنی وەزیرانیش چارەسەر دەكرێت و، ئەو حكومەتەی ئێستا هەیە كاربەڕێكەرە بەپێی یاسا هەتا ئەو كاتەی كە سەرۆك وەزیرانێك بە شێوازێك لە شێوازەكان هەڵدەبژێردرێت، كاتێشمان ماوە و لە ساڵی ٢٠١٠ پێكهێنانی حكومەت زیاتر لە ١١ مانگ دواكەوت، بەڵام لە كۆتاییدا حكومەت هەر دروست بوو .

*** ئەگەر پرۆسە سیاسییەكە بگاتە بنبەست و سەدر نەتوانێت حكومەتی زۆرینە دروست بكات، ئەوا ئەمە لە شەقامی سیاسی شیعە بە شكستی تەیار و سەركەوتنی ئیتار دەخوێندرێتەوە، پێت وا نییە ئەم حاڵەتە هەروا بە ئاسانی لەلایەن سەدرەوە قبووڵ ناكرێت و لەوانەیە بارودۆخەكە بەرەو هەڵكشانی توندوتیژیی ئەمنی و چەكداری بباتەوە؟**

- لە ڕاستیدا ئەگەری ئەوە هەیە سەدرییەكان لە بیروباوەڕەكانیان شكست بێنن و چاوەڕوانكراویشە لە هەمان كاتیشدا توندوتیژی لە عێراق هەموو كات وجوودی هەبووە، بەتایبەتی كوشتن و تەسفیاتی كەسایەتییەكان، ئەگەرچی ڕێژەكەی جیاوازە، ئێستا ئەو حاڵەتانە مەترسیدارترە، چونكە كێشەكە لە ناوماڵی شیعەیە و پێشتر كێشە لە نێوان سوننە و شیعە هەبوو، ڕێژەی توندوتیژی بەرەو زیاتر ڕۆیشتووە، پێم وایە ئێران دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ دەكات و ناهێڵێت بەركەوتن و توندوتیژی هەبێت لەناو ماڵی شیعەدا و كاریگەریی زۆریشی لەسەر تەیاری سەدری و ئیتاری تەنسیقی هەیە، هەر بۆیە ئێران ناهێڵێت توندوتیژی لە نێوانیان دروست بێت و بە هانایانەوە دێت و كێشەكانیان چارەسەر دەكات، تا نەگاتە ئەوەی توندوتیژی لە نێوانیان دروست بێت.

**لە ساڵی ٢٠١٠ پێكهێنانی حكومەت زیاتر لە ١١ مانگ دواكەوت، بەڵام لە كۆتاییدا حكومەت هەر دروست بوو**

*** لە ناو ئەم بارودۆخە ئاڵۆزكاوەدا، ئایا فراكسیۆنی پارتی دیموكراتی كوردستان چ تێڕوانینێكی بۆ داهاتوو دەبێت؟**

- پارتی دیموكراتی كوردستان بەوە ناسراوە كە هەڵوێستی نیشتمانپەروەری هەیە و كار لەسەر بەرژەوەندیی گشتی دەكات و بەرژەوەندیی گشتی بە هەند وەردەگرێت، ئەمەش لە بیرو هزر و باوەڕی سەرۆك بارزانی وەرگیراوە، بەردەوامیش ئامۆژگاری دەكرێین كە بەو شێوازە كار



بكەین. لە ڕاستیدا كار و هەوڵی ئێمە لە پێناو بەرژەوەندیی هاووڵاتیانی هەرێمی كوردستانە و پەیوەندیی حكومەتی هەرێمی كوردستان و بەغدا بە ئامانجێكی ستراتیژی دادەنێین و ئامانجێكی دیكە و سەرەكیمان ئەوەیە كە ناوماڵی كوردی یەكدەنگ و یەكڕیز بێت و یەك خیتابی سیاسیی كوردیمان هەبێت، تاوەكو بتوانین چارەسەری كێشەكان بكەین و تەركیزمان لەسەر ئەوەیە كە بنەما و مافە دەستوورییەكانی گەلی كوردستان جێبەجێ بكرێت و بە هیچ جۆرێك تەدەخولی كێشەی ناوماڵی شیعە ناكەین و هەوڵ دەدین پەیوەندی باشمان لەگەڵ سوننە هەبێت، بەتایبەتی هاوپەیمانیی سیادە و لەگەڵ سەربەخۆكانی ناو پەرلەمان، چونكە لایەنی سەربەخۆی زۆری تێدایە.

**ئێران دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ دەكات و ناهێڵێت بەركەوتن و توندوتیژی هەبێت لەناو ماڵی شیعەدا و كاریگەریی زۆریشی لەسەر تەیاری سەدری و ئیتاری تەنسیقی هەیە**



## دکتۆر فازڵ نەبی

بریکاری پێشووتری وەزارەتی دارایی عێراق بۆ گۆڤاری گوڵان:

# دەبێت ستراتیژییانە بیر بکەینەوە و بکەوینە دانوستاندن و سوود لەو کاتە وەربگرین کە لە بەردەمماندایە

**کێشەی نەوت و غاز لە نێوان هەرێم و بەغدا و دەرئەنجام و دەرهاویشتە خراپەکانی بڕیارە نادادپەروەر و نادەستوورییەکەی دادگای باڵای فیدراڵی عێراق و هەنگاوەکانی داهاتوو، بوونە تەوەرەی سەرەکیی گفتوگۆی گوڵان لەگەڵ دکتۆر فازڵ نەبی بریکاری پێشووتری وەزارەتی دارایی عێراق.**

*** کێشەی نەوت و غاز لە نێوان هەرێم و بەغدا کێشەی ئەمڕۆ نییە، بەکارهێنانی یاسای کۆنی ڕژێمی بەعس لەلایەن دادگای باڵای فیدڕاڵیی عێراقەوە، بۆ گەڕانەوەی مەرکەزییەت لە بابەتی نەوت و غازدا لە غیابی نەبوونی یاسای ئیتحادی تایبەت بە نەوت و غاز، تا چەند ئەم بڕیارە یاساییە و، ئایا چ مەرامێکی سیاسی لە پشتەوەی ئەم بڕیارە هەبوو؟**

- لە ساڵی ٢٠١٢ کاتێك کێشە لە نێوان وەزارەتی نەوتی عێراق و وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانی هەرێمی کوردستان دروست بوو، کە سەرەتا بە گرژی و ئاڵۆزیی نێوان هەر دوو وەزیرەکە دەستی پێ کرد و، دواتر چەند کێشەیەکی دیکەش ڕووی دا، کە من ئەو کات توانیم بەشێکی زۆری ئەو کێشانە چارەسەر بکەم، دواتر مەسەلەکە ڕەهەندێکی دیکەی وەرگرت، نەك تەنیا وەزارەتی نەوتی حکومەتی عێراق، بەڵکو حکومەتی عێراقیش کەوتە بەهانە و وروژاندنی دژایەتیکردنی دەرهێنان و ناردنەدەرەوە و فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان، ئەوە بوو لە کۆتاییدا سکاڵایان لە دادگای باڵای فیدڕاڵیی عێراق جووڵاند.

سەبارەت بە بەشی دووەمی پرسیارەکەتان کە ئایا بڕیارەکە یاساییە، یان نایاساییە، ئەوا هەمووان دەزانن ئەوە دادگای باڵای فیدڕاڵی عێراق بڕیاری داوە، بەڵام خۆی لە خۆیدا کێشەی دادگای فیدڕاڵی هەر دوو لایەنی یاسایی و سیاسی تێدایە، بۆ نموونە ئەگەر سیاسییەکان و لایەنە سیاسییەکان مەسەلەیەکیان وروژاند و داوایەکیان پێشکەش کرد، ئەوە ڕەهەندێکی سیاسی لە پشتەوەیە، زۆربەی جاریش دادگای باڵای فیدڕاڵیی عێراق لە یەکلاکردنەوەی تانە و سکاڵاکاندا هێورکردنەوەی دۆخەکەی ڕەچاو کردبوو، پاساوی دواکەوتنی بڕیارەکەشیان بۆ ئەم لایەنە گەڕاندووەتەوە، ڕاستە ئەوان پشتیان بە هەندێك مادده و بڕگەی دەستووری و یاسایی بەستووە، کە لێرەدا بوار نییە بکەوینە ناو وردەکارییەکانیەوە، هەرچی مەرام و مەبەستە سیاسییەکە هەیە، ئەوا هەمووان دەزانن کە دادگای باڵای فیدڕاڵیی کۆنی عێراق لە بارودۆخێکی ناسەقامگیردا نەیاندەتوانی بڕیار بدەن، تەنانەت دادوەرەکان سەر بە لایەنە سیاسییەکان بوون و حەزیان نەدەکرد ئەو سکاڵایانە بجووڵێنن و، زۆر بە باشی دەیانزانی ئەگەر بڕیارێك دەربکەن، لێکترازانی سیاسی لە عێراقدا ڕوو دەدات، باشە ڕاوێژکار و بەرپرسەکانی ئێمە بۆ ئاگاداری ئەوە نەبوون کە شتێکی وا لە دادگای فیدڕاڵی هەیە، تا بیگەیەننە سەرکردایەتیی سیاسیی هەرێم، یان حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی لەگەڵ حکومەتی عێراق کە سەرۆك وەزیرانەکەی مستەفا کازمی-یە و تا ڕاددەیەك دۆستی کوردە و کوتلە گەورەکانی بەغدا بە سەدریشەوە بە هەمان شێوە هاوپەیمانن، گفتوگۆ بکرێت؟ ئەمەش بۆ ئەوەی فشارەکانیان بخەنە سەر دادگای باڵای فیدڕاڵیی عێراق، تا بە لانی کەمەوە لەم قۆناغە هەستیارەدا ئەو دۆسێیە ڕابگرن، یان هەر هیچ نەبێت، داوایان بکردایە سکاڵاکە بکشێننەوە، یان تەجمیدی بکەن، بەداخەوە ڕاوێژکار و بەرپرسانی کورد لە بەغدا بەدواداچوونی جددییان بۆ ئەم مەترسییە نەکردووە.

**ڕاوێژکار و بەرپرسەکانی ئێمە بۆ ئاگاداری ئەوە نەبوون کە شتێکی وا لە دادگای فیدڕاڵی هەیە، تا بیگەیەننە سەرکردایەتیی سیاسیی هەرێم، یان حکومەتی هەرێمی کوردستان**

هەموو جووڵەیەکی سیاسی کە ڕوودەدات، بە تەئکید کەسانێکی سیاسی و ئەجیندەیەکی سیاسی لە پشتەوەیە، ئەوەی جووڵەی بەم بڕیارەش داوە، کەسانێکی نەیاری کورد و کوردستانن، بەداخەوە وڵاتانی ئیقلیمی هیچیان لە بەرژەوەندیی کوردستان کار ناکەن، ئەو پەیوەندییەی ئەمڕۆ لەگەڵ ئێمەشدا هەیانە، زیاتر بەرژەوەندیی ئابووریی ئەوانن، لەمەدا ئەوانیش دەستیان لە پشت جووڵەپێکردنی سکاڵاکە و بڕیاردانی دادگاوە لەم تەوقیتەدا هەبووە. تەنانەت لە ئێستادا لێژنەی دەستپاکی بەدواداچوون بۆ چەند مەلەفێکی دیکەی پەیوەندیدار بەو پارانە دەکات کە بۆ هەرێمی کوردستانیان ناردووە، بە نووسراوی فەرمی وەزارەتی دارایی عێراقیان ئاگادار کردووە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە هێرشەکان و دژایەتییەکان بەردەوامن.

**هەموو جووڵەیەکی سیاسی کە ڕوودەدات، بە تەئکید کەسانێکی سیاسی و ئەجیندەیەکی سیاسی لە پشتەوەیە، ئەوەی جووڵەی بەم بڕیارەش داوە، کەسانێکی نەیاری کورد و کوردستانن**

**وڵاتانی ئیقلیمی هیچیان لە بەرژەوەندیی کوردستان کار ناکەن، ئەو پەیوەندییەی ئەمڕۆ لەگەڵ ئێمەشدا هەیانە، زیاتر بەرژەوەندیی ئابووریی ئەوانن**

**ئەگەر زۆر بە وریایی و عەقڵانییەوە مامەڵەی لەگەڵ نەکرێت، کاریگەری و شوێنەواری زۆر خراپی لەسەر سەرجەم سێکتەرە و بارودۆخەکە دەبێت**

**رەنگە لە دوارۆژدا ئەو هێزە دروست ببێت کە بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکەی دادگای باڵای فیدراڵی عێراق پێویست بێت**

**بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵیی عێراق گورزێکی توندە لە ئابووری و داهاتی هەرێم و هەموو هاوولاتیانی کوردستان زیانیان بەردەکەوێت**

*** باشە ئێستا چی وای کرد دوای تێپەڕبوونی ئەو هەموو ساڵە داواکارییەکە لە دادگاوە بجووڵێندرێت، ئایا جووڵاندنی بڕیارێکی وا قورس لە دژی ئابووریی هەرێمی کوردستان چ شوێنەوارێکی خراپی لە سەر بژێویی ژیانی هاووڵاتیان دەبێت؟**

- دادگای باڵای فیدراڵیی نوێی عێراق زۆر بە تاکلایەنانە لە ڕووی یاساییەوە هەڵسوکەوتی کردووە، گوێی بەوە نەداوە کە خەڵکی سیاسی و بە ئەجێندە و مەرامی سیاسی داواکارییەکەیان لەو دادگایە دژ بە نەوت و غازی هەرێمی کوردستان و خودی ئەزموونی هەرێمی کوردستان جووڵاندووە، دەرئەنجام بەداخەوە بێ گوێدانە هەستیاریی بارودۆخی عێراق بڕیارەکە لە دژی هەرێمی کوردستان دەرچوو، گورزێگ بوو لە ئابووریی کوردستان و لە خەڵکی کوردستان درا، کە ئەگەر زۆر بە وریایی و عەقڵانییەوە مامەڵەی لەگەڵ نەکرێت، کاریگەری و شوێنەواری زۆر خراپی لەسەر سەرجەم سێکتەرە و بارودۆخەکە دەبێت. لێدانی ئابووریی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی زیانگەیاندن بە سەرچاوەیەکی گرنگی داهاتەکەیەوە، کارێکە تەنیا کاریگەریی لەسەر وەبەرهێنانی نەوت و غاز و کۆمپانیاکانی دۆزینەوە و دەرهێنان و ناردنە دەرەوە و بەبازاڕکردن و فرۆشتنی نەوت ناکات، بەڵکو شوێنەواری خراپی لەسەر ڕەوشی ئابووری و بژێویی ژیانی خەڵکیش دەبێت، تەنانەت کاریگەریی لەسەر ئەو کۆمپانیا و وڵاتانەش دەکات کە نەوتی هەرێمی کوردستان دەکڕنەوە و ترسێکیان لا دروست دەبێت، لەوەی لە دوارۆژدا نەکەونە ژێر لێپرسینەوە و، حکومەتی عێراق سکاڵایان لەسەر تۆمار بکات، یان مامەڵەیان لەگەڵ نەکات، بەتایبەتی ئەگەر حکومەتێکی تەواو دژ بە کورد هاتە سەرحوکم ئەوانیش دوچاری لێپرسینەوە دەبن، بۆیە دەبێت هەروەکو جەنابی سەرۆك بارزانی لە بەیاننامەکەیدا دەری کرد و، وێڕای ئەوەی بڕیارەکەی دادگای باڵای فیدراڵیی عێراق بە بڕیارێکی زاڵمانەی سیاسی بەرامبەر بە کورد وەسف کرد، بەڵام داواشی لە هەر دوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق دەکات، دەست بە دانوستاندن بکەن و کێشەکان چارەسەر بکەن و، ئێمەش بە هەموو هێزێکەوە بەرگری و پارێزگاری لە دەستکەوتەکانی هەرێمی کوردستان دەکەین.

*** حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاندووە کە هەموو ڕێکارێکی دەستووری و یاسایی و دادوەری دەگرێتەبەر، بۆ پارێزگاریکردن لە هەموو ئەو گرێبەستانەی کە لە بواری نەوت و غاز کراون، تەنانەت ڕاشیگەیاندووە کە دەستبەرداری مافەکانی هەرێمی کوردستان نابێت، پرسیار لێرەدا ئەوەیە دادگاکە چ ڕێگەچارەیەکی داناوە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی هەرێم؟**

- ڕەنگە لەم قۆناغەدا ئەو هێزە نەبێت کە بۆ جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە پێویستیانە، بەڵام خۆ دەبێت بۆ هەموو ئەگەرەکان خۆمان ئامادە بکەین، ڕەنگە لە دوارۆژدا ئەو هێزە دروست ببێت کە بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکەی دادگای باڵای فیدراڵی عێراق پێویست بێت و، وەکو ئامانجێك سەیر بکرێت کە پرۆسەی نەوت و غاز لە دەستی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەربهێنن، پێشتر نەوت و غازی خۆمان لە بەردەستی خۆماندا بوو، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا لە بڕگەیەکدا لە بڕیارەکە باسی دیاریکردنی پشکی هەرێم لە بودجەی گشتی کراوە، کە هاوشێوەی پارێزگاکانی دیکە بەشی پارێزگاکانی کوردستان بکات، ئەمە ڕێگە چارەیەکە کە ئەگەر حکومەت بەنیازی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە بوو، ئێمە لەگەڵ حکومەتی بەغدا دەست بە دانوستاندن بکەین و لەم ڕێگەیەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بگەینە ئەنجامێکی باش.

*** بەڵام وڵاتێکی وەکو عێراق بەردەوام کاری لە سەر وشککردنی داهات و زیانگەیاندن بە ئابووری هەرێم کردووە، تەنانەت لە مەسەلەی پشکی هەرێم لە بودجەدا، جگە لەوەی چەندین ساڵ بودجەی هەرێمیان بڕی، بەردەوام پشکەکەیان بە بیانووی جۆراوجۆر کەم کردووەتەوە، ئایا هیچ ئومێدێك هەیە بە جێبەجێکردنی ئەو بڕگەیەی کە باسی دیاریکردنی پشکی هەرێم لە بودجەی گشتی دەکات؟**

- بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵیی عێراق گورزێکی توندە لە ئابووری و داهاتی هەرێم و هەموو هاووڵاتیانی کوردستان زیانیان بەردەکەوێت، لەگەڵ ئەمەشدا کورد هەرگیز پێشتریش دەستەوەستان نەبووە بەرامبەر ئەو هێرش و کارەسات و ڕووداوانە، بەردەوام دەروازەیەکی دیکە هەبووە بتوانین چارەسەری خۆمانی پێ بکەین، کە گەڕانەوەیە بۆ بودجەی گشتی، من لە ساڵی ٢٠١٧ وە داوا دەکەم واز لە مەسەلە تەکتیکییەکان

بهێنین و بە قسەی ئەو ڕاوێژکارە خراپانە نەکەین کە دەیانەوێت تەکتیك بخەنە ناو بودجەوە، بەڵکو بگەڕێینەوە بۆ یاسای بودجە و لە ئەلف تا یای هەمووی هەموار بکەینەوە، بەتایبەتی دوای عەبادی کە دوو سەرۆك وەزیرانی عێراق هاتبوون دۆستی کورد بوون و وەزیری داراییەکیان کورد بووە، ئێمە ستراتیژیەتمان پێویستە نەوەکو تەکتیکی کاتیی ڕۆژانە. من لە بیرم دێت عەبادی پشکی هەرێمی لە بودجەی ساڵی ٢٠١٨ ڕێژەکەی لە ١٧٪ کردە ١٢,٦٧٪ خۆ لە بودجەی ساڵی ٢٠١٩ ئێمە لە ڕووی یاساییەوە بڕگەیەکی یاساییمان لە بەردەست بوو، کە ڕێکەوتنێك بوو لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی دکتۆر ئەیاد عەلاوی، کە لە دوای دەرکردنی خەرجیی سیادی لە١٧٪ پشکی هەرێمی کوردستانە لە بودجەی گشتیی عێراق، ئەو سەردەمە لەبەر ئەوەی پەرلەمان نەبوو، هەر دوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکاری هەبوو، بۆیە ئەو بڕیارە وەکو یاسا وایە و ئەو دەمە ڕاوێژکارەکان ئەمەیان نەکرد و چوون لە بڕگەیەك لە ماددەی ١١ داوای مووچەیان کرد، لەو دەمەوە تا ئێستا باجەکەی دەدەینەوە، لە کاتێکدا ئەم ماددەیە کورد و نوێنەرەکانمان داوایان کردووە و نەشیانزانیوە ماددەکە لە دژی ئێمەیە، بە پێی یاسای بودجەی ساڵی ٢٠١٩ ئێمە ٣٨٧ ملیار دینارمان مانگانە بەر دەکەوت، ئەوان چوون ٤٥٣ ملیار دیناریان نارد، لە ساڵی ٢٠٢٠ کە یاسای بودجە نەبوو زانییان کە هەڵەیەکی وایان کردووە بە دوو هێندە جیاوازییەکەیان بڕی و ئەمجارە مانگی ٣٢٠ ملیار دیناریان نارد و لە دادگاکانیش سکاڵایان لەسەر تۆمار کردین، لە بودجەی ٢٠٢١ چوون ماددەی ١١ یان بەدەستکەوت دانا، لە کاتێکدا ئێمە ناتوانین ئەو ماددەیە جێبەجێ بکەین، چونکە ئەو کاتە دەبێت ئێمە پارە بە بەغدا بدەین، چونکە ئەو ماددەیە تەنیا لەکاتێکدا بۆ ئێمە باش بوو، کە نرخی بەرمیلێك نەوت ٣٠ دۆلار کەمتر بێت.

*** بڕیارێکی لەم شێوەیە پەیوەندی بە مافەکانی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، کە لە دەستووردا جێگیر کراون، ئایا دەرفەتێکی دیکە هەیە لە بواری جێبەجێکردنی بڕیارەکەدا دوابخرێت، تاوەکو هەر دوو حکومەت بە تایبەتی حکومەتی نوێی عێراق لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەست بە دانوستاندن بکەن؟ ئایا تاچەند گەورە وڵاتانی ڕۆژئاوا و بە تایبەتی ئەمریکا کە کۆمەڵێك کۆمپانیایان لە هەرێم هەیە، کار لەسەر نزیککردنەوەی هەر دوو حکومەت دەکەن؟**

- وەکو ئاماژەم پێدا، لە بەغدا نەیار و دوژمنی کورد زۆرە و کار لەسەر جێبەجێکردنی بڕیارەکان دەکەن، بێدەنگیی برادەرەکانی ئێمە لە سوننە و سەدرییەکان کە هاوپەیمانیمان لەگەڵیاندا هەیە، جوانترین بەڵگەیە بۆ بوونی ئەو نەهجەی دژایەتی کورد و کوردستان بکرێت لە ڕێگەی دژایەتیکردنی ئەزموونی هەرێمی کوردستانەوە، خۆ لەناو دادگاکەدا سوننەکان و سەدرییەکان دادوەریان هەیە، کەچی بڕیارەکەیان وا زاڵمانە دەرکردووە، ئێمە دەبێت زۆر ستراتیژییانەتر بیر بکەینەوە و وەکو سەرۆك بارزانی ڕایگەیاند، هەر دوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق بکەوینە دانوستاندن و سوود لەو کاتە وەربگرین کە لە بەردەمماندایە، چونکە ئەو بڕیارە وا بەئاسانی جێبەجێ ناکرێت و پێویستی بە کاتێکی زۆر هەیە، دەبێت لەگەڵ کۆمپانیاکانیش بکەوینە دانوستاندن و گفتوگۆوە و لەگەڵ حکومەتی داهاتووی عێراقیش بودجەی تەواوی خۆمان لە بودجەی گشتیی عێراق وەربگرین، بۆ ئەمەش سوود لە کەسانی شارەزا و بەئەزموون وەربگرین.

سەبارەت بە ڕۆڵی وڵاتانی وەکو ئەمریکا و فشاریان بۆ سەر حکومەتی ناوەندیی عێراق، تازە کەس دەتەخول ناکات و بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵیی عێراق بواری تانە لێدان و گەڕانەوەی تێدا نییە، بەڵام دەکرێت بە شێوەیەکی هێمنانە بە بێ پەرچەکرداری توند و لەسەرخۆ و بە زانستییانە و بە ڕەچاوکردنی لایەنی مەنتیقانە و عەقڵییانە، بکەوینە دانوستان لەگەڵ بەغدا، بۆ ئەوەی ئەو تەمە بڕەوێنینەوە بە ڕێگەچارەی دیکە. دەکرێت ئێمە نەوت و غاز بۆ خۆشگوزەرانی و بەهێزکردنی پیشەسازیی نەوت و پترۆکیمیاوی و بەرهەمهێنانی کارەبا بەکار بهێنین و، ژێرخانی ئابووری لە هەرێمی کوردستان لە بواری پیشەسازی و پیشەسازیی کشتوکاڵی و خۆراکی و پەرەپێدانی پاڵاوتگەکانمان بەکار بهێنین، لە بری ئەوەی پارە و داهاتی زۆر لە وەبەرهێنەکان بچێتە وڵاتانی دەرەوە، با ئێمە پەند و عیبرەت لە شکستەکان وەربگرین و لە بنەڕەتەوە چارەسەری کێشەکان بکەین.

**کورد هەرگیز پێشتریش دەستەوەستان نەبووە بەرامبەر ئەو هێرش و کارەسات و ڕووداوانە**

**لە ساڵی ٢٠١٧ وە داوا دەکەم واز لە مەسەلە تەکتیکییەکان بهێنین و بە قسەی ئەو ڕاوێژکارە خراپانە نەکەین کە دەیانەوێت تەکتیك بخەنە ناو بودجەوە، بەڵکو بگەڕێینەوە بۆ یاسای بودجە و لە ئەلف تا یای هەمووی هەموار بکەینەوە**

**لە ناو دادگاکەدا سوننەکان و سەدرییەکان دادوەریان هەیە، کەچی بڕیارەکەیان وا زاڵمانە دەرکردووە، ئێمە دەبێت زۆر ستراتیژییانەتر بیر بکەینەوە**

## پرۆفیسۆر د. محەمەد شەعبان

شارەزا و پسپۆڕی ئابووری بۆ گوڵان:

# بوونی کاری ڕەش بۆ بیانییەکان وای کردووە کار بێ بەها بێت

*** وەکو شارەزا و پسپۆڕێکی ئابووری دەکرێت بزانین چۆن دەڕوانیتە بازاڕی کار لە هەرێمی کوردستان و ئایا زانکۆکانی کوردستان کە ساڵانە سەدان خاوەن بڕوانامەی پسپۆڕایەتیی جیاجیا بەرهەم دەهێنن، لە ئاست خواست و ویستەکانی بازاڕی کاردایە؟**

- حکومەتەکانی دونیا گرنگییەکی لە ڕادەبەدەر بە کەرتی کار و چارەسەرکردنی کێشەی بێکاری دەدەن، ئەمەش هەروا لە خۆڕا نەهاتووە، بەڵکو دابینکردنی هەلی کار بۆ گەنجەکان بەتایبەتی خاوەن بڕوانامەکانی پەیمانگا و زانکۆکان لە ڕیزبەندی پێشەوەی کارنامە و ئەرکە حکوومییەکان دێت، بەو پێیەی پەرەپێدانی بەردەوام پێویستییەکی زۆری بە هێزی کاری کارامە و شارەزا هەیە، دابەزینی کێرڤی ڕێژەی بێکاریش بووەتە بنەمایەکی گرنگ بۆ حوکمڕانیی باش. زۆر لە حکومەتەکانی دونیا پلان و ستراتیژیەتی پەروەردە و خوێندنی باڵایان لەسەر بنەمای بازاڕی کار و پێداویستییەکانی سێکتەرە جۆراوجۆرەکانی ئابووری وڵاتەکەیان دارِشتووە، لە هەرێمی کوردستان گرفتە سەرەکییەکەی بێکاری لێرەوە سەرچاوەی گرتووە، بەوەی زانکۆی حکوومی و ئەهلییەکان لە کوردستاندا ساڵانە سەدان دەرچووی زانکۆ بە بڕوانامەی بەرزەوە بەرهەم دەهێنن و دەیانخەنە ناو بازاڕی کارەوە، بێ ئەوەی ئەم بازاڕە کە کەرتی تایبەت بەڕێوەی دەبات، پێویستی نە بەو پسپۆڕایەتییە زۆرە هەیە، نە پێویستی بە توانا و کارامەییەکانی دەرچووەکانی ئێمە هەیە، چونکە دەرچووەکەی زانکۆ لە ئاست خواست و ویستی بازاڕی کاردا نییە و کەرتی تایبەت توانای وەرگرتنی ئەم پسپۆڕایەتی و دەرچووانەی نییە، بەمەش ئەو زانکۆیانەی لە توانایاندا نییە لە ئاست پێشکەوتنەکانی سەردەم و ئەو گۆڕانکارییانەدا بن کە لە بواری کاردا دونیا بەخۆیەوە بینیوە، چ لە بواری پسپۆڕایەتی و شارەزایی بەرزدا بێت، چ لە بواری توانای مامناوەند بێت، بەتایبەتی لە بواری پیشەییدا. گرفتەکەی هێزی کار لە هەرێمی کوردستان تەنیا لەو دوو ئاستەی بەرز و مامناوەند نییە، بەڵکو لە ئاستی کاری بچووك و ئەو کارانەی شارەزاییەکی بەرزیشیان ناوێت، گرفت هەیە، لەوێشدا بەهۆی دابونەریت و کەلتووری کۆن و چاولێکەریی گەنجەکان و زۆریی کرێکاری بیانی هەمووی وایان کردووە، بازاڕ پەنا ببات بۆ کرێکاری ڕۆژهەڵاتی و

**دەبێت پیرۆزی بۆ کار بگەڕێنینەوە و گەنجەکانمان تێبگەیەنین کە کار لە بەها و پێگەی کۆمەڵایەتییان کەم ناکاتەوە**



**بازاڕی کار لە کوردستاندا و هۆکاری بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری بەتایبەتی لە ناو گەنجان و دەرچووانی زانکۆکانی کوردستان، تەوەرەی سەرەکیی دیدارێکی گۆڤاری گوڵان بوو لەگەڵ پرۆفیسۆر دکتۆر محەمەد شەعبان شارەزا و پسپۆڕی ئابووری. لێرەدا دەقی وتەکانی بڵاو دەکەینەوە.**

ڕۆژئاوایی و نیپاڵی و بەنگلادیشی و عەرەب، تا ئەم کرێکارانە ڕاوەستابن کەرتی تایبەت و بازاڕی کار پشت لە گەنجەکەی خۆمان دەکات، هەرچی کرێکاری بیانی هەیە ئەوان بەتوانا و کاتێکی زۆرتر و کرێیەکی کەمتر ئەو کارە دەکەن کە گەنجەکەی خۆمان ئامادە نییە ئەنجامی بدات.

*** واتا کەموکورتییەکەی کار لە هەرێمی کوردستان دووسەرەیە، لەلایەك بۆ خودی گەنجەکە دەگەڕێتەوە، لەلایەکی دیکەوە بۆ خراپی و بێسەروبەریی سیستەمی کار دەگەڕێتەوە؟**

- بەڵێ، ئاستی دەرچوویەکی زانکۆ وەکو ڕۆشنبیرێکی ئاسایی و توانایەکی کەم سەیر دەکرێت و دەرچوویەکی دواناوەندیش وا سەیر دەکرێت کە کەسێکی نەخوێندەوارە و تەنیا توانای خوێندنەوە و نووسینی هەیە. ئەوەی لەم بازاڕەدا کاری دەست دەکەوێت، خاوەنی بڕوانامەی بەرزی زانکۆ و شارەزایانی پیشەییە، بۆیە لە زۆربەی هەرە زۆری زانکۆکانی جیهان ساڵانە چاوخشاندنەوە بە پرۆگرام و پسپۆڕایەتییەکانیاندا دەکەن، بۆ ئەوەی دەرچووەکانیان لە ئاستی پێشکەوتن و پێداویستیەکانی کاری ناوخۆیی وڵاتەکانیان بن، لە زانکۆی دهۆکیش لیژنەیەکی باڵا دامەزراوە بۆ دیراسەتکردنی سەرجەم پسپۆرایەتییەکان و بە پشتبەستن بە بازاڕی کاری دهۆك و کوردستان، بەداخەوە بەشێکی زۆری پسپۆڕایەتی و پرۆگرامەکانی خوێندن لە زانکۆکانی عێراق و کوردستان لەگەڵ واقیعی ئەمڕۆی ئابووری و بازاڕی کاری هاوچەرخ و پێشکەوتوو ناگونجێت. بازاڕی کار لە کوردستان و وڵاتانی ئیقلیمی و جیهان لە پێشکەوتنێکی بەردەوام و خێرادایە، زۆر کار و پیشە وردە وردە ون دەبن و باوی نامێنن و کاری نوێ پەیدا دەبێت، بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتەش پێویستە ئەم هەنگاوانە بنێین:

١- چاوخشاندنەوە بە سەرجەم پرۆگرام و پسپۆڕایەتییەکانی زانکۆکان بە جۆرێك لەگەڵ بازاڕی کاردا بگونجێت.

٢- گرنگیدان بە خولەکانی مەشق و ڕاهێنانی خێرا بە تایبەت لە بواری پیشەییدا.

٣- سنووردانان بۆ هاتنی بەلێشاوی کرێکارانی ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق و کرێکارانی بیانی بەتایبەتی ئەو کرێکارانەی کە هەمان توانامان لە ناوخۆی کوردستاندا هەیە.

**لە زۆربەی هەرە زۆری زانکۆکانی جیهان ساڵانە چاوخشاندنەوە بە پرۆگرام و پسپۆڕایەتییەکانیاندا دەکەن، بۆ ئەوەی دەرچووەکانیان لە ئاستی پێشکەوتن و پێداویستیەکانی کاری ناوخۆیی وڵاتەکانیان بن**

٤- وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی سیستەمی کار لە هەرێمی کوردستان ڕێک بخاتەوە.

٥- کردنەوەی نووسینگەی دۆزینەوەی هەلی کار بۆ هاونیشتمانیانی کوردستان بەتایبەتی لەناو گەنجەکاندا.

٦- چاوخشاندنەوە بە هەموو یاساکانی کار و ئەو بوارانەدا بکرێت کە زۆرترین دەرفەتی کاری لێ دەست دەکەوێت، وەکو کەرتەکانی وەبەرهێنان و گەشتیاری و پیشەسازی.

٧- میدیاکاران و مامۆستایانی ئایینی ئەرکی گەڕاندنەوەی پیرۆزیی کارکردن لە ناو گەنجەکانماندا لەسەر شانیانە.

*** پشتبەستن بە ئابوورییەکی ڕەیعی نەوت و پەراوێزخستنی کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری تاچەند زیانی بە کەمبوونەوەی هەلی کار گەیاندووە ؟**

- ئابووری ڕەیعی پشت ئەستوور بە داهاتی نەوت لە وڵاتانی دواکەوتوو کەموکورتییەکی گەورەی بە پەیکەریی ئابووریی وڵاتەکان گەیاندووە. لەو شێوازە ئابوورییەدا کەرتەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ و گەشتیاری و هەموو کەرتەکانی دیکەی پەیوەندیدار بە بەرهەمهێنانەوە پشتگوێ خراون، بەمەش گەنجەکانمان دەرفەتێکی گەورەی کاریان لە دەست داوە، بەتایبەتی لە بواری جووتیاری و کرێکاری و کارمەندی گەشتیاری. لەم ساڵانەی دواییدا زۆر لە وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت وەکو بەحرەین و قەتەر و سعودیە و ئیمارات سەرکەوتوو بوون لە دەربازبوونی وڵاتەکانیان لە کەموکورتیی پەیکەری ئابووری و ڕوویان لە ئابووریی خزمەتگوزاری و پیشەسازی و کشتوکاڵی و پیشەسازیی پترۆکیمیاوی و دروستکردنی کارەبا بە وزەی خۆر و چەندین بواری دیکەی گەشتیاری کردووە، بەمەش پەرەپێدانی بەردەوام دەستی پێ کردووە و، سەرەتا بە هەموارکردنەوە و دەرکردنی یاسای نوێی کارکردن دەستیان پێ کرد و، دژایەتیی کاری ڕەشیان لە وڵاتەکانیان کرد، ئەو کارەی زیان بە دەرفەتی کار بۆ هاونیشتمانەکانیان دەگەیەنێت و کار بێ بەها دەکات و لە دەرەوەی چوارچێوەی یاسا و ڕێنماییەکان کار دەکات.

پشتگوێخستنی کەرتە ڕاستەقینەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری، واتا دەربازبوونە لە بێکاریی ڕووپۆشراو کە لە ئێستادا لە هەرێمی کوردستان زۆر باوە، خەڵکێکی زۆر کار دەکات، بەڵام کارەکانیان لە ڕووی بەرهەم و داهاتەوە لەو ئاستە نییە پێیان بوترێت کار، جۆرەکانی بێکاری لە هەرێمی کوردستان زۆرە، هەر لە بێکاریی تەکنەلۆژیا و بێکاریی وەرزی و بێکاریی کۆمەڵایەتی و بێکاری ڕەگەزی و.. تادوایی بەوشێوەیە.

*** لە کوردستان هەڵمەتێکی فراوانی ئاوەدانکردنەوە و دروستکردنی بینایە و شەقام و جووڵەیەکی باشی بازاڕیش بوونی هەیە، بە سەدان کەسی بیانی لە بوارەکانی خزمەتگوزاری و کرێکاری و بیناسازییدا کار دەکەن، پرسیار لێرەدا ئەوەیە وێڕای ئەم واقیعە چی وا دەکات دەرچووەکانی ئێمە و گەنجەکانمان بێکار بن؟**

- بوونی کاری ڕەش بۆ بیانییەکان وای کردووە کار بێ بەها بێت، هەروەها چاولێکەری و کەلتووری دواکەوتوویش گرفتێکی دیکەیە، بۆ نموونە گەنجێک پێی شەرمە لە بواری خزمەتگوزاریی شارەوانی و لە هۆتێل و میوانخانەکان کار بکات، یان دابونەریتی دواکەوتوو کە قبووڵ ناکات گەنجەکان بەتایبەتی لەناو ڕەگەزی مێدا هەموو کارێک لە کەرتی تایبەت بکات، یان ناشارەزایی و پسپۆڕایەتیی سەردەم کە لەگەڵ پێشکەوتنەکان و گۆڕانکارییەکان بگونجێت، بۆ نموونە گەنجێک ئامادە نییە تا درەنگانێکی شەو کار بکات، یان لە بواری پیشەیی و چاککردنەوەی کەلوپەل و ئامێرەکان و ئۆتۆمبێل و.. پەرەی بە تواناکانی خۆی نەداوە. بوونی ئاوارەیەکی زۆر لە هەرێمی کوردستان و بوونی ئەو ژمارە زۆرەی کەمپ گورزێکی جەرگبڕ بوو لە کەرتی کار لە هەرێمی کوردستان، ئەو گەنجەی لە هەرێمی کوردستان ئامادە نییە هەندێک کار بکات، لە دەرەوەی وڵات کاتێک کۆچ دەکات، ئامادەیە نەک لەو شێوە کارکردنە بەڵکو زۆر نزمتر لەو کارە دەکات. دەبێت پیرۆزی بۆ کار بگەڕێنینەوە و گەنجەکانمان تێبگەیەنین کە کار لە بەها و پێگەی کۆمەڵایەتییان کەم ناکاتەوە، ئێستا بەتەمەنەکانمان منداڵە گەنجەکانمان بەخێو

**بەشێکی زۆری پسپۆڕایەتی و پڕۆگرامەکانی خوێندن لە زانکۆکانی عێراق و کوردستان لەگەڵ واقیعی ئەمڕۆی ئابووری و بازاڕی کاری هاوچەرخ و پێشکەوتوو ناگونجێت**

**میدیاکاران و مامۆستایانی ئایینی ئەرکی گەڕاندنەوەی پیرۆزیی کارکردن لە ناو گەنجەکانماندا لەسەر شانیانە**

**ئەو گەنجەی لە هەرێمی کوردستان ئامادە نییە هەندێک کار بکات، لە دەرەوەی وڵات کاتێک کۆچ دەکات، ئامادەیە نەک لەو شێوە کارکردنە، بەڵکو زۆر نزمتر لەو کارە دەکات**

دەکەن، هەندێك کەس هەیە دوو کار دەکات و توانای جەستەیی و هزری و پسپۆڕایەتی باشە، ڕاستە لە زۆر کۆمەڵگەدا ئەم دوو کارە بە یاسا و باج ڕێکخراوە، بەڵام لە هەموو کۆمەڵگەکاندا دوو کاری و سێ کاری هەیە، ئەمەش بۆ پاڵپشتیی داهاتەکانی خۆی و خێزانەکەیەتی، بەتایبەتی لەگەڵ هەڵاوسانی نرخ و بەرزیی تێچوونی خوێندن و تەندروستی و هۆکارەکانی هاتوچۆ و ڕسوماتەکانی خزمەتگوزاریی ئەم حاڵەتە لە هەرێمی کوردستان زیاتر دەبینین، لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا هەر کارێك دونیا بەرەو ئابووریی بازاڕ و کەرتی تایبەت دەچێت، بەڵام کەرتێکی تایبەت کە لەژێر یاسا و ڕێسا و ڕێنماییەکاندایە، چۆن کاری زۆر و بە بەرهەمی لە کرێکارەکە دەوێت، بە هەمان شێوە زامنی دوارۆژ و ئایندە و دابینکردنی پێداویستییەکانی کار و تەندروستی و مۆڵەت و هەموو ئەو ئیمتیازاتانەشی هەیە کە لە کەرتی گشتی بوونیان هەیە.

بە شێوەیەکی گشتی بازاڕی کار لە کەرتی تایبەت بازاڕێکی کراوەیە و بەپێی خواست و خستنەڕوو کار دەکات و تۆ ناتوانیت ئیجباری



باجی لێ نەدرێت، بە کاری ڕەش دادەنرێت. کەموکورتییەکە دوولایەنەیە، گەنجەکان هەموو کار ناکەن و وا دەزانن هەندێك کار زیان بە پێگەی کۆمەڵایەتی و کەرامەتیان دەگەیەنێت، هەروەها دەیانەوێت زوو دەوڵەمەند بن، لەمەشدا نادادپەروەری لە نێوان گەنجەکانی توێژی دەوڵەمەند و توێژی هەژار هەیە، ئەگینا بۆچی کار بۆ ئەو هەموو ئاوارە و پەناهەندە و کرێکارە بیانییە هەیە، بۆچی بۆ گەنجەکەی خۆمان نییە؟ دەبێت ددان بەو ڕاستییەشدا بنێین، لە کەرتی گشتی دەوامێکی کەم و کارێکی کەم هەیە، بە پێچەوانەی کەرتی تایبەت کە جددیترە و کاری زیاتری لێت دەوێت، بۆیە دەبێت ئێمە خۆمان یەکلا بکەینەوە لە نێوان ئابووری سۆشیالیستی و ئابووریی بازاڕ، بکەیت بە کارێکی کاتێکی کەم و پارەیەکی زۆر، بەتایبەتی لە دوای کۆرۆنا و قەیرانی دارایی کە هەرێمی کوردستان و ناوچەکەدا پێیدا تێپەڕ دەبن، دەبێت گەنجەکانمان فێر بکەین پەلە نەکەن بەوەی دەوڵەمەند بن، مەرج نییە لە چەند ساڵێکی کەمدا بتوانێت هەموو ئامانج و ئارەزووەکانی بەدی بهێنێت، بەو شێوەیە پەروەردە نەکراوە کە ژیان کاری قورس و ماندووبوون و کاتێکی زۆری دەوێت تاوەکو بتوانێت هەموو ئامانجەکانی بەدی بهێنێت، بەداخەوە گەندەڵی یەکێکە لە هۆکارەکانی ئەم پەروەردە سەقەتە، کاتێك گەنجێك یەکێکی دیکە دەبینێت بە ماوەیەکی کەم بە خێرایی دەوڵەمەند دەبێت، ئەویش دەیەوێت بە هەمان شێوە خێرا دەوڵەمەند بێت.

**دابینکردنی هەلی کار بۆ گەنجەکان بە تایبەتی خاوەن بڕوانامەکانی پەیمانگا و زانکۆکان لە ڕیزبەندی پێشەوەی کارنامە و ئەرکە حکوومییەکان دێت**

**زۆر لە حکومەتەکانی دونیا پلان و ستراتیژیەتی پەروەردە و خوێندنی باڵایان لەسەر بنەمای بازاڕی کار و پێداویستییەکانی سێکتەرە جۆراوجۆرەکانی ئابووری وڵاتەکەیان داڕشتووە**



# توندوتیژیی ئابووری دەرهەق بە خانمان خوێندنەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت

**بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی، توندوتیژی لە شێوە و نۆڕمی جیا جیا هەبووە، هاوکات لە کۆمەڵگەی کوردیدا توندوتیژی دژ بە ئافرەتان بە شێوازی جۆراوجۆر بەرجەستەیە و بە زەقی دەبیندرێت، جۆرێك لە جۆرەکانی توندوتیژی، توندوتیژیی داراییە کە خانمان لەلایەن کەسە نزیکەکانیان ڕووبەڕووی دەبنەوە، چ بە ڕێگریکردنیان لە کارکردن و خەرجی نەدانیان بە شێوەیەکی پێویست، یان دەست بردن بۆ مووچە و داهاتەکەی، بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان لە دیدی جیاوازەوە باس لە بابەتەکە دەکەن.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

پارێزەر شاد ڕزگار، سەرەتا هێما بۆ ئەوە دەکات کە «توندوتیژی جۆری زۆرەو بەدەر لە توندوتیژیی جەستەیی و دەروونی، جۆرێکی دیکەی توندوتیژی هەیە کە دەرهەق بە ئافرەتان دەکرێت، ئەویش توندوتیژیی ماددی یان ئابوورییە کە ئەم جۆرە توندوتیژییە لە ڕێگەی دەستبردن بۆ توانای دارایی ئافرەت چ لە ڕێگە ی دەستگرتن بێت بەسەر مووچەو داهاتیدا، یان لە ڕێگەی ڕێگریکردن لە ئافرەت بێت کە کارێکی شایستە بکات، یان دەستگرتن بەسەر موڵك وماڵی ئافرەتدا، یان ناچارکردنی بۆ وازهێنان لە میرات، یان پڕنەکردنەوەی پێداویستییەکانی ئافرەت لە ماڵ و پێداویستیی

ژیان. ئەم جۆرەی توندوتیژی هیچی کەمتر نییە لە جۆرەکانی دیکەی توندتیژی، بگرە زۆر جار ئەم جۆرە توندوتیژییە توندوتیژیی دیکە بە دوای خۆیدا دەهێنێت، وەك توندوتیژیی دەروونی، بهێنە پێش چاوی خۆت، ئافرەتێك لەگەڵ پیاوێکی ڕەزیل دەژی کە وەك پێویست گرنگی بە پێداویستی نادات و ئەم ئافرەتە توندوتیژی بەرامبەر کراوە و ناتوانێت بە دڵی خۆی بپۆشێت وخۆی بگۆڕێت و بچێتە دەرەوە، کەواتە کاریگەریی دەروونی لەسەر دەبێت، چونکە توندتیژیی دەروونی وتوندوتیژیی ئابووریشی بەرامبەر کراوە، بۆیە ئەو ئافرەتانەی خۆیان خاوەن داهاتی سەربەخۆن، کەمتر تووشی توندوتیژی دەبن،بەڵام ئەوانیش زۆر جار ناچار دەکرێن واز لە موڵك و ماڵیان بێنن، یا بەپارەی ئافرەتەکەش کرابێت، بەس دەبێت بە ناوی نێرێکەوە بێت، یان بە زۆر مووچەکەی لێوەردەگرن،ئەمانە هەمووی غەدرە دەرهەق بە ئافرەت دەکرێت و مەترسیدارە و لێکەوتی خراپی دەبێت». گوتیشی: «بەڕای من ژیانی هاوسەری و هاوبەشی پێویستی بە هاوکاری و هەماهەنگیی هاوسەرەکان هەیە،بەتایبەتی لە ئێستادا ژیان ئەوە دەخوازێت هەردووڵا لەرووی ماددییەوە هاوکاریی یەکتر بن، بەڵام پیاو بە هیچ جۆرێك ناتوانێت ژنی خۆی ناچار بکات بە پێدانی مووچەی، مەگەر بەئارەزووو ڕەزامەندیی خۆی بێت. یەکێکی دیکە لە مەترسییەکان لە کاتی جیابوونەوەی ئافرەتان هەستی پێدەکرێت،چونکە هەرچییان هەبووە، بە ناوی پیاوەکە کراوە و، پێی وابووە ئەو پیاوە دەبێت هەموو شت بەناوی ئەو بێت، ئەگەرچی بە هاوبەشی و پێکەوە ئەو موڵك و ماڵەیان پێکەوە ناوە، بەڵام هیچی بۆ ژنەکە ناگەڕێتەوە، چونکە هیچی بە ناوی ئەو نییە، بۆیە زۆر زەرووره ژن و مێرد هەر دووکیان لە سەر ئەوە ڕێکبکەوون کە هەم ژن و هەم پیاویش مافی بە ناوکردنی موڵك و ماڵیان هەبێت».

ڕۆژنامەنووس هەڵبەست ساڵح ڕای وایە: «هەمیشە پیاوان وەك خزمەتکارێك بۆ ژن و منداڵەکانیان دەبیندرێن و هەرواشە، چونکە ئەرکێکی شەرعی و یاساییە، کە دەبێت پیاوان ژیانی هاوسەر و منداڵەکانیان دابین بکەن و، لە ژیانیشیاندا دڵنیایان بکەنەوە، کە بێ کێشە و کەموکووڕی دەبن، بۆیە من پێموانییە، پیاوان زوڵمی ماددی لە ئافرەتان بکەن، چونکە ئەرکی پیاوە لایەنی ماددی و مەعنەوی بۆ ئافرەت پڕبکاتەوە، ئەوەش ئەرکە و منەتباری نییە، چونکە پیاوان بێ چەند و چۆن شانیان داوەتەبەر ئێش و ئازار و سەختییەکانی ژیان. دواتر، ئەگەر جاران بەس پیاوان بووبن کار بکەن، لە دونیای نوێدا، گۆڕانکاریی زۆر ڕوویداوە و، لەئێستادا زۆرێك لە هاوسەرەکان پێکەوە کاردەکەن و خاوەنی کار و پیشەی تایبەت بەخۆیانن، بەڵام ڕەنگە زوڵمکردنی ماددیش هەبێت، ئەوەش بەرێژە وەردەگیرێت، چونکە ئەو زوڵمە لە ئافرەتانەوەش هەیە بەرانبەر بە پیاوان، پیاو کار دەکات، ژنەکە مامەڵە بە داهات و پارەکەوە دەکات، بۆیە لە دیدی من ئەو حاڵەتانە ئاساییە و لەهەموو کۆمەڵگەیەکدا بوونی هەیە، کە دواجار ڕەزامەندیی دوولایەنەی لەسەرە، بۆیە وەك خۆم بەزوڵمی نابینم، بەڵکوو بەلێکتێگەیشتنی هەردووڵای دەبینم».

خەندە کەماڵ دەروونناسە و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «ئافرەت دروستکراوێکی خوای گەورەیە کە زۆر بە ناسکی دروستی کردووە، بۆیە دەبێت ناسکانە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و لێی تێبگەیت،تێگەیشتن لە ئافرەت ئەوەندە کارێکی قورس نییە تا پیاوان نەتوانن لێیان تێبگەن. بەڕای من بە ناسینی ئافرەت و تێگەشتن لێی و ڕێزگرتنی ژیانی خێزانەکە دەبێتە بەهەشت، بەڵام هەموو جۆرە توندوتیژییەك بەرامبەر ئافرەت کاردانەوەی خراپ بەدوای خۆیدا دەهێنێت و بەلارێیدا دەبات،بەتایبەت توندوتیژیی ماددی وا لە ئافرەتدەکات پەنا بۆ زۆر کار ببات، کە ترسناکترینیان ئەوەیە ڕەنگە فێری سواڵکردن، یان بەدڕەوشتی بێت، کە ئەمەش تەنیا زەرەری بۆ ئافرەت نییە، پیاوان و کۆمەڵگەش تووشی زەرەر دەبن».


ئەو دەروونناسە جەخت لەوە دەکاتەوە کە «ئافرەتیش وەك پیاو حەزی ماددی هەیە و خواستەکانی زۆرن، بۆیە ئەگەر لێت گرتەوە، یان ڕەزیلیت لەگەڵ کرد، ڕەنگە تووشی هەڵەی گەورە بێت و چارەسەریش ئاسان نابێت، هەندێك جار تەنانەت بە کوشتنی کۆتایی دێت». گوتیشی: «ئافرەتی وامان هەیە دەڵێت: بەس داوای پارە لە مێردەکەم نەکەم، ئیتر خۆم بە چ ڕێگایەك پارە پەیدا دەکەم، کێشە نییە. ئەی ئەگەر تووشی هەڵەی گەورە بوو، ئەوکات مێرد لە جێگای خۆی و براو باوکیشی سزای دەدەن».

خەندە کەماڵ لە کۆتایی وتەکانیدا پەیامێکی بۆ پیاوان هەیە و دەڵێت: «تکام وایە نەك هەموو حەزەکانیان، بەڵام زۆربەی خواستە ڕەواکانی ئافرەت دابین بکەن، چونکە پێشینان وتوویانە نەفس بیگریت مشتێکە، بەری بدەیت دەشتێکە، بەڵام بەپێی توانای ماددی خۆتان ڕەزیلییان لەگەڵ مەکەن و حەزەکانیان پڕ بکەنەوە،خۆ ئەگەر توانای ئابووریشتان لاوازە، ماشاڵڵا خوای گەورە زمانێکی باشی پێداون با بە قسەی خۆش و نەرمونیان مامەڵەیان لەگەڵ بکەن. تا گرێ لە دەستمانایە بیکەینەوە و نەکەوێتە ددان، چونکە چارەسەری زەحمەت دەبێت و دواتر ڕەنگە کێشە بۆ دوو بنەماڵەو کۆمەڵگەش دروست بکات».




**شاد رزگار:**

**ئەو ئافرەتانەی خۆیان خاوەن داهاتی سەربەخۆن، کەمتر تووشی توندوتیژی دەبن،بەڵام ئەوانیش زۆر جار ناچار دەکرێن واز لە موڵک و ماڵیان بێنن، یان بە زۆر مووچەکەی لێوەردەگرن**



**هەڵبەست ساڵح:**

**ئەرکێکی شەرعی و یاساییە، کە دەبێت پیاوان ژیانی هاوسەر و منداڵەکانیان دابین بکەن و، لە ژیانیشیاندا دڵنیایان بکەنەوە، کە بێ کێشە و کەموکووڕی دەبن**



**خەندە کەماڵ:**

**توندوتیژیی ماددی وا لە ئافرەت دەکات پەنا بۆ زۆر کار ببات، کە ترسناکترینیان ئەوەیە ڕەنگە فێری سواڵکردن، یان بەدڕەوشتی بێت، کەئەمەش تەنیا زەرەری بۆ ئافرەت نییە، پیاوان و کۆمەڵگەش تووشی زەرەر دەبن**

# کاریگەریی سۆشیال میدیا لەسەر پرۆسەی پەروەردەیی کۆمەڵایەتی

**دوای سەرهەڵدانی تەکنەلۆژیای زانیاری لە کۆتاییەکانی سەدەی ڕابردوودا و پەیدابوونی تۆڕی ئەنتەرنێت،ژمارەیەکی زۆر پەیج و ئەکاونت بۆ بڵاوکردنەوەی وێنە و هەواڵ دروست کراون، بەپێی تێڕوانینەکان سۆشیال میدیا لە پاڵ سوود و ئاسانکارییەکانی بۆ تاك و کۆمەڵگە، کاریگەریی نەرێنیشی لەسەر گەورە و بچووك و ئافرەت و پیاو زۆر بووە، بەڵام چۆن دەکرێت کاریگەرییە خراپەکانی سۆشیال میدیا لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگە کاڵ بکەینەوە؟ بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان وەڵامی پرسیارەکە دەدەنەوە.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**



کۆمەڵناس هێمن ساڵح، سەرەتا ئاماژە بەوە دەکات: «کاتێك لەبری میدیا کۆمەڵگە ئاراستە بکات، کۆمەڵگە لە سۆشیال میدیاوە ئاراستەی میدیا و میدیاکاران دەکات. ئەوەی دەبیندرێت، سەردەمی میدیا بەسەرچووە، ئێستا قۆناغی ئیفلاسی میدیایە و سۆشیال میدیا بەتەواوی شوێنی میدیای بینراو، بیستراو و خوێنراوی گرتووەتەوە، تەنانەت میدیاکانیش ئەگەر سۆشیال میدیایان نەبێت، لە قۆناغی ناشتندان، هەموو کارەکانی میدیاش ئێستا بەو ئاراستەیەیە بتوانێت زۆرترین لایك و کۆمێنت لەناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەدەست بهێنێ، چونکە لەسەر ئەو بنەمایە ئەکتیڤی پەیج و کەسەکان بەرزدەبێت و، بەوەش کاریگەریی ئەو میدیایە بەهێزتر دەردەکەێت».

ئەو کۆمەڵناسە جەختی لەوە کردەوە کە «ئێستا لەناو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا کۆمەڵەیەك هەن

دواکەوتووی نەزان وەکوو مێش و مەگەز ئاراستەی میدیا و میدیاکاران دەکەن و خەریکە میدیاکاری باش و ئەرێنی لە میدیاکان دەردەپەڕێنین، چونکە وەستا نییە لە ڕازیکردنی ئەو مێش و مەگەزە پیسەی هەر لە دەوری ئاوی بۆگەن کۆدەبێتەوە. چونکە ئەوەی ئێستا تێبینی دەکرێ میدیاکان لەناو سۆشیال میدیادا، تەنیا بۆ کۆکردنەوەی لایکی مێش و مەگەز و کۆمێنتی زۆر، ئامادەن پێچەوانەی هەموو پرەنسیپەکانی میدیا کاربکەن و، لەبری ئاراستەکردنی کۆمەڵگە بۆ پەروەردەیەکی باش، گیانی هاوکاری، نیشتمانپەروەری و دڵسۆزی، ئێستا دەبێ لەبری ئەوە وێنەی وروژێنەری سێکسی، گاڵتەکردن بە جوان و بەها کۆمەڵایەتییەکان، ڕق و کینە، وەڵام و وەڵامکاری، جنێودان و سووکایەتی....هتد بڵاوبکەنەوە. ئەگەر ئەوە نەکەن، ئەوە دوادەکەون.

ڕوڤیا خالید قوتابیی زانکۆیە و ڕای وایە: «تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی سۆشیال میدیا ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە، بەڵام ڕۆڵەکەی دووسەرە بوونە، واتە هەم ڕۆڵی باشیان گێڕاوە، هەم خراپ، بەڵام بەداخەوە ڕۆڵە خراپەکە زیاترە و ئێستابە هۆی تەوژمی سۆشیال میدیا، خەریکە بەها ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکان، شیرازەی کۆمەڵگە و سەقامگیریی دەروونیی خەڵك ڕووبەڕووی دۆخێکی نەخوازراو دەبێتەوە».

ڕوڤیا خالید بە پێویستی دەزانێت: «کاریگەرییە خراپەکانی ڕاگەیاندنی نابەرپرس لەسەر پەروەردەی منداڵ و هەرزەکاران کەم بکرێنەوە»، هاوکات دەڵێت: «ڕۆڵ و کاریگەریی ئەرێنیی سۆشیال میدیا ئەوەیە توانیومانە سوود لە جیهانی دەرەوە ببینین و سەرچاوەی زۆری مەعریفەو خوێندن بەردەست بێت و تەنانەت ئایینەکانیش بە گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە زیاتر لێك تێگەیشتن، بەڵام ڕۆڵی خراپیش زۆر بووە، بۆ نموونە: بەشی زۆری ناپاکیی هاوسەری بەهۆی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بووە، چونکە پیاو لەکاتێکدا چەندین ئەکاونتی فەیکی هەیە و پەیوەندیی سۆزداری دەبەستێ، بێگومان بەپێی پێویست لەگەڵ خێزانەکەی نابێ و کێشەو گرفتی گەورە ڕوودەدات». گوتیشی: «زۆرکات لە سۆشیال میدیا بابەتی فرتوفێڵاوی بڵاو دەکرێتەوە،یان هەر بەهۆی سۆشیاڵ میدیاوە ڕۆژانە ئاگاداری وردەکاریی ژیانی زۆرینەی خەڵکی دەبیت و، شتێك نامێنێت بە ناوی تایبەتمەندیی تاکە کەسی، تەنیاش ڕووی باشی خەڵکیت بۆ دەردەکەوێت، چونکە هیچ کەس ئامادە نییە ڕوویەکی دیکەی خۆی پیشان بدات. وەك نەخۆشییەکی دەروونی تاك تووشی قەلەقی و دوودڵی دەبێت، بە بەراوردکردنی ژیانی کەسانی چواردەوری لەگەڵ خۆیدا.هەروەها لاوازیی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و کەمبوونەوەی تێکەڵی لێ کەوتووەتەوە و، هەواڵپرسین و هاتوچۆی خزمانیشی کەم کردووە، نامەیەکی ئەلکترۆنی جێگەی گرتووەتەوە، ئەوەش بە هۆی کاریگەرییە خراپەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بووە».

**ئێستا قۆناغی ئیفلاسی میدیایە و سۆشیال میدیا بەتەواوی شوێنی میدیای بینراو، بیستراو و خوێنراوی گرتووەتەوە، تەنانەت میدیاکانیش ئەگەر سۆشیال میدیایان نەبێت، لە قۆناغی ناشتنندان**

نووسەر و ڕۆژنامەوان ئاسۆ حاجی، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «باشترین ڕێگا بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی ئەنتەرنێت لە سەر تاکەکان، لە ناسینی ئەنتەرنێەوە دەست پێدەکات، ئەنتەرنێت جیهانێکی گریمانەییە و ڕەهەندەکانی دیارنین، بۆیە خۆبزرکردن لە ناویدا ئەگەرێکی بەهێز و کراوەیە، تاکەکان چەند لە ناو ئەو جیهانە گریمانەییە ڕووبچن، هەستی پێناکەن و، هەست بەوەش ناکەن کە تێیدا بزر بوون، بۆ ئەوەی وێنەکە ڕوونتر بێت، دەکرێ ئەو پرسیارەی مارشال ماکلۆهان دووبارە بکەینەوە: ((ئایا کە ماسی لە ناو ئاوە هەست دەکات تەڕە؟)) بێگومان هەست ناکات، چونکە ژینگەکەی ئاوییە و بەشێکە لە هەبوونی ئەو، بۆیە تا هەست بکات کە تەڕە، دەبێ لە ئاو دەربهێندرێ». گوتیشی: «بۆ ئەوەی تاکەکان بزانن ئەو ژینگەیەی ئەنتەرنێت بۆی خولقاندوون، ژینگەیەکی ناتەندروستە و جیهانێکی ڕاستەقینە نییە، دەبێ پێکهاتە و ڕەهەندەکانی ئەو جیهانە باشتر بناسن، چونکە دابڕاندنی تاکەکان لە ئەنتەرنێت، واتا دابڕاندن لە یەکێك لە پێداویستییە گرنگەکانی ژیان، کە لە چەند ساڵی داهاتوو دەبێتە کارێکی نەکردە، چونکە لەگەڵ زیاتر پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا کە شتێکی حەتمییە ئەوە جیهان بە تۆڕی ئەنتەرنێت ڕوومال دەکرێت».

**قۆناغی سۆشیال میدیا قۆناغێکی یەکجار مەترسیدارە لەسەر کۆمەڵگە دواکەوتووەکان، کە کۆمەڵگەی ئێمەش هێشتا ئەو قۆناغەی تێنەپەڕاندووە**

ئاسۆ حاجی جەختی لەوە کردەوە کە «تەنیا دەرفەت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی لایەنی نێگەتیڤی بەکارهێنانی ئەنتەرنێت، دەبێ لە ناوەوە بێت. زۆر وڵات ڕێکاری دیکەیان گرتەبەر، وەك دانانی یاسای تایبەت و سنووردارکردنی ئەنتەرنێت، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون». گوتیشی: «ڕێگای سەرکەوتن ئەوەیە لە ناوەوەی ئەو جیهانە گریمانەییە ڕووبەر و پێگەی گەورە و کاریگەر دروست بکرێن، کە بە دوو ئاراستە کاربکەن، یەکەمیان بەرهەمهێنانی بیر و بەرهەمی پۆزەتیف، دووەم بەگژداچوونەوەی بیری خراپ و بەرهەمی خراپ کە دەرهاویشتەی خراپیان لەسەر کۆمەڵ و تاکەکانی ناو کۆمەڵگەهەیە».

**ئێستا لەناو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا کۆمەڵەیەکی دواکەوتووی نەزان وەکوو مێش و مەگەز ئاراستەی میدیا و میدیاکاران دەکەن و خەریکە میدیاکاری باش و ئەرێنی لە میدیاکان دەردەپەڕێنین**



## مامۆستا هەستی:

# بە ئارام گرتن و قەناعەت هێنان بە دەوروبەرم توانیم بەربەستەکان ببەزێنم

**هاجەر ئیسماعیل ناسراو بە «مامۆستا هەستی» وەك خۆی باسی دەكات،لە تەمەنی سێ ساڵی تووشی ئیفلیجی بووە، بەڵام کەمئەندامبوونی نەبووەتە ڕێگر لەبەردەم ویست و ئامانجەکانی، ئەو ئێستا مامۆستایە لە زانکۆی سلێمانی و ڕاهێنەرە لە بواری گەشەپێدانی مرۆیی وچالاکە لە بواری مافەکانی کەمئەندامان و مافەکانی ئافرەتان لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی.لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باس لە هەوڵ و تەقەلاکانی لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانی دەکات.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

هاجەر ئیسماعیل ناسراو بە «مامۆستا هەستی» ساڵی ١٩٧٤ لە گەڕەکی شۆریجە-ی شاری کەرکووك لەدایك بووە. ئێستا مامۆستایە لە زانکۆی سلێمانی، بەمجۆرە باسی بەسەرهاتی خۆی دەکات: «لە تەمەنی سێ ساڵی تووشی ئیفلیجی بووم و،تا تەمەنی شەش ساڵیم نەمتوانی لەسەر پێیەکانم بوەستم. لە خوشك و براکانم و منداڵانی دەوروبەرم جیاواز بووم. لە ژینگەیەکی تاڕادەیەك میللی گەورە بووم، واتا ئەو دەوروبەرەی کە من تێیدا پەروەردە بووم، ئەوندە ڕۆشنبیر نەبوون کە کەسانی کەمئەندام وەکو کەسانی ئاسایی قبووڵ بکەن، بەڵکو هەمیشە بە چاوێکی کەمتر لە منداڵانی دیکە سەیر کراوم، زۆر جار ئیهانە کراوم و قسەی ناشیرینم پێ گوتراوە، لە تەمەنی حەوت ساڵی چوومە قوتابخانە، ئەو کات بە پێ دەڕۆیشتم زۆربەی کاتیش خوشکەکانم بەپێ دەیانبردم، چونکە نەمدەتوانی زۆر ڕێ بکەم، تا قۆناغی سەرەتاییم تەواو کرد، ئازاری زۆرم چەشت، چونکە ڕۆژانە دوچاری گاڵتەپێکردن و سووکایەتی پێکردن دەبوومەوە لەلایەن قوتابییەکانەوە، تەنانەت زۆرجار مامۆستاکانیش نەیاندەزانی چۆن مامەڵەم لەگەڵ بکەن، نەمدەتوانی بەشداریی وانەی وەرزش بکەم، نەمدەتوانی بچمە حانوتی قوتابخانە و بە دڵی خۆم شت بکڕم، بە حوکمی ئەوەی ئەوکات وا باوبوو کچان دوای تەواوکردنی پۆلی شەش لە خوێندن دەردەهێندران، باوکیشم پەروەردەی ئەو کۆمەڵگەیە بوو، ئەویش منی لە مەکتەب دەرهێنا، زۆر هەوڵم دا خوێندن تەواو بکەم، بەڵام باوکم بڕوای بەوە نەبوو کە ئافرەت بخوێنێت، بەڵام لە خوێندنەوە دانەبڕام، بەردەوام کتێبم دەخوێندەوە، دواتر ویستم تاقیکردنەوەی دەرەکی پۆلی

سێی ناوەندی ئەنجام بدەم بەڵام، بەهۆی ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٩١ و کۆڕەوەکە نەمتوانی ئەوە بکەم، بەڵام ئەو حەزە لە ناخمدا هەر مابوو، وێڕای سەختی و ناخۆشیی بارودۆخی ئەوکات.

لەساڵی ٢٠٠٠ لەگەڵ باوکم هەوڵی ئەوەمدا کە بەوە ڕازی بێت بگەڕێمەوە قوتابخانە، خۆشبەختانە بە شێوازێك لە شێوازەکان قەناعەتی هێنا، بەڵام ئەوکات بارودۆخی داراییمان باش نەبوو، بۆیە دوای ئەوەی خولێکی فێربوونی دروومانم بینی، مەکینەیەکی دروومانم کڕی بۆ ئەوەی خەرجی خۆم و خوێندنەکەم بەخۆم دابین بکەم.ئەوکات لە پۆلی یەکی ناوەندی دەستم کردەوە بە خوێندن و شانبەشانی ئەوەش دروومانم دەکرد، سەرەڕای هەموو سەختییەکان قۆناغی ئامادەییم تەواو کرد و، لە کۆلیژی زانستە مرۆییەکان خوێندنم تەواو کرد، خوێندنی کۆلیژیشم ئاسان نەبوو، چونکە ئەو بینایەی کە من لێم دەخوێند، شەش قات بوو، دەبوو ڕۆژانە بەم پێیە بێ هێزانەم و بە دارشەقێکەوە ١٠١ قادرمە ببرم، بەڵام تمووح و ئیرادەم لە بینای باڵەخانەکە زۆر بەرزتر بوو، توانیم ئەو قۆناغەش بە پلەی یەکەم تێپەڕێنم، دواتر لە ڕێگەی بەرنامەی توناناسازییەوە کە ئەوکات حکومەتی هەرێم یەکەمەکانی دەنارده دەرەوەی وڵات،توانیم لە وڵاتی میسر ماستەرەکەم بە پلەی ئیمتیاز بە دەستبێنم، دوای ئەوە هەستم کرد پەیامی من لێرەوە دەستپێدەکات و بەرپرسیارێتیم کەوتووەتە ئەستۆ و پێویست دەکات بۆ کەسانی دیکە هەوڵ بدەم، کەمئەندامان بە گشتی و ژنان بەتایبەتی، لەم پێناوەدا بەشداریی چەندین خولم کرد لە دەرەوە و ناوەوەی وڵات، بڕوانامەی دیپلۆمم لە وڵاتی میسر دەربارەی مافەکانی ئافرەت وەرگرت، تا وام لێهات ئاشنایەتیم لەگەڵ زۆرێك لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و ناوخۆییەکان پەیدا کرد و توانیم ببم بە ڕاهێنەر لە بواری گەشەپێدانی مرۆیی، هەموو ئامانجیشم خزمەتکردن و هاوکاریکردنی ژنانی کەمئەندامە.لە ڕێگەی موحازەرەکانمەوە توانیومە ئافرەت لە نەخوێندەواری و گۆشەگیری دەرباز بکەم و بیانهێنمە گۆڕەپانەکە بۆ ئەوەی بە مافەکانیان ئاشنا بن و بە دەستی بێنن».

**ئەو کات وا باو بوو کچان دوای تەواوکردنی پۆلی شەش لە خوێندن دەردەهێندران، باوکیشم پەیڕەوەدەی ئەو کۆمەڵگەیە بوو، ئەویش منی لە مەکتەب دەرهێنا**

مامۆستا هەستی لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئایا ئەو هۆکارانە چی بوون کە وایانلێکردی ئەو هەموو بەربەستە بشکێنیت؟ گوتی: «هۆکار زۆرە بۆ ئەوەی بگەی بە مافەکانت، یەکێك لەو هۆکارانە ئەوەیە کە دەبێت مافە سەرەتاییەکانی خۆمان بناسین، ئینجا لەسەر بەدیهێنانی مافەکان سووربین، هاوکات ئامانجێکیش هەبێت، کە ئەو سێ خالە هەبوو، ئافرەت دەتوانێت هەموو بەربەستەکان بشکێنێت. بەداخەوە زۆرێك لە خانمان نازانن مافەکانیان چیین و نازانن بۆچی هاتوونەتە دونیاوە، زۆرێکیان هەر بەو ڕێتمە تەقلیدییە کە دایکیان و داپیرەیان پێیدا هاتوون، هەندێکیشیان هەوڵ دەدەن، بەڵام دەوروبەریان ڕێگرە، بەڵام لە هەموو حاڵەتەکاندا دەبێت ئافرەت لەسەر بەدیهێنانی مافەکانی پێداگر بێت و دەوروبەری لەوە هۆشیار بکاتەوە تاوەکو ڕێگری لێنەکەن.من بەشبەحاڵی خۆم ترسانم لە کۆمەڵگە تێپەڕاندووە، بەڵام کەمئەندامان بە گشتی ترسی چوونە دەرەوە، ترسی تەواوکردنی خوێندنیان هەیە، چونکە تێڕوانینی کۆمەڵگە بۆ ئەوان نەرێنییە و زۆرجار تەریق دەکرێنەوە، هاوکات زۆرجار خێزان نەیتوانیوە هاوکار و پاڵپشتی منداڵە کەمئەندامەکەی بێت، تاوەکو وەکو خوشك و براکانی بگاتە مەبەست و ئامانجی خۆی، زۆرجار گۆشەگیریان کردووە،زۆرجار ترساندوویانە، هەندێك خێزان هەن شەرم لە کەمئەندامیی منداڵەکەیان دەکەن، هەندێك جاریش کەمئەندام خودی خۆی تەسلیمی ئەو واقیعە دەبێت کە بۆ ئەوە دروست بووە، ئینجا لە ماڵەوە بێت و دەوروبەری خزمەتی بکەن.»

**دوای ئەوەی خولێکی فێربوونی دروومانم بینی، مەکینەیەکی دروومانم کڕی بۆ ئەوەی خەرجی خۆم و خوێندنەکەم بە خۆم دابین بکەم**

مامۆستا هەستی لە درێژەی وتەکانیدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە «پێویستە کۆمەڵگە و خێزانەکانیش لەوە وشیار بکرێنەوە کە کەمئەندامیش هەموو مافێکی ژیانی هەیە، بۆ ئەوەی بە ئاوات و ئامانجی بگات، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا پێویستە دەسەڵات بایەخی زیاتر بە دۆخی ژیاری کەمئەندامان بدات، بۆ ئەوەی ئەوانیش وەك هەر تاکێکی کۆمەڵگە مافەکانی خۆیان بەرجەستە بکەن». گوتیشی: «سوپاس بۆ خوا من لە ژیانی کۆمەڵایەتی تا ئاستێکی باش توانیومە خۆم پێ بگەیێنم،بە ئارام گرتن و قەناعەت هێنان بە دەوروبەرم توانیم بەربەستەکان ببەزێنم، ئێستا وەك هەر کەسێکی ئاسایی ڕۆژانە دەچمە سەرکارەکەم و دێمەوە، تەنانەت لە پرۆسەی سیاسیش بەشدارم، وەکو هەر کچێکیش پرۆسەی هاوسەرگیریم بە دڵی خۆم پێکهێناوە و لە ژیانی هاوژینیشم سەرکەوتوو بووم».

**ئەو بینایەی کە من لێم دەخوێند، شەش قات بوو، دەبوو ڕۆژانە بەم پێیە بێ هێزانەم و بە دارشەقێکەوە ١٠١ قادرمە ببرم، بەڵام تمووح و ئیرادەم لە بینای باڵەخانەکە زۆر بەرزتر بوو**

لە وەڵامی دواپرسیاریشدا کە ئایا ئافرەت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگ و ڕێگرییەکان، بۆ دەرباز بوون و سەرکەوتن پێویستە چی بکات؟ گوتی: «پێش هەموو شتێك پێویستە ئافرەت بزانێت کە وەك مرۆڤێك مافی خۆی هەیە، ئەویش بۆی هەیە ئامانجی هەبێت و بۆی تێبکۆشێت، بۆی هەیە چێژ لە ژیان وەربگرێت، هەروەها دەبێت ئامانجێکی دیاریکراوی هەبێت، دوای ئەوە پێویستە بەربەستەکانی بەردەمی بشکێنێت، بۆ شکاندنی بەربەستەکانیش پێویستە بەر لە هەموو شتێك کەسێکی چاونەترس بێت، واتا سڵ لە ترس و شەرم نەکاتەوە، چونکە ئەوانە گەورەترین بەربەست و ڕێگرن لەبەردەم ئافرەت، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا پێویستە هەوڵ و تەقەلای زۆری هەبێت و هەوڵی خۆپێگەیاندن بدات، هاوکات لەگەڵ کەسانی بەهێز و بەتوانا و گەشبین تەعامول بکات».

برادەر :

# هونەر تەنیا بە پارە و ڕیکلام پێش ناکەوێ



**ساڵی ١٩٥٨ هونەرمەند برادەر لە ناوچەی مێردین لە خانەوادەیەکی هونەردۆست هاتووەتە دنیا، لە ساڵی ١٩٧٦ لە شاری وان بە تۆمەتی گوتنی گۆرانیی کوردی زیندانی کراوە، دوای ١٢ ساڵ ناچار بوو کوردستان جێبهێڵێت و ڕووی لە وڵاتی هۆڵەندا کرد، جگە لە گۆرانیگوتن، شیعر دەنووسێت و چەندین فیلمدا وەك ئەکتەر بەشداریی کردووە، ماوەیەکی زۆر لە هۆڵەندا و ئێستاش هەر لە کوردستان ژیان بەسەر دەبات.**

* برادەر تیشك دەخاتە سەر بارودۆخی ئێستای هونەری کوردی و دەڵێت: «بەداخەوە هەموو شتێك بووەتە ڕیکلام و پارە، هونەریش تەنیا بە پارە و ڕیکلام پێش ناکەوێ، ئەم هونەرە کاتییە و دوای ماوەیەك لەبیر دەکرێ، ئەگەر یاسایەك نەبێت وەکو هونەرمەند مافەکانت بپارێزێت، چۆن هونەر پێش بکەوێت، من چەند بەرهەمێکم لە کوردستان تۆمار کرد، دوای ماوەیەك لە زۆربەی کەناڵ و ڕادیۆکان گۆرانییەکەم بڵاوکرایەوە بێ ئەوەی یەك دۆلاریشم بۆ بگەڕێتەوە، ڕەنگە هونەرمەندانیش هۆکارێك بن لەو بارودۆخەی ئێستای هونەری کوردی، چونکە بەشێك لە هونەرمەندان گۆرانییەکانیان بەردەوام نمایش دەکرێت لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، کە ڕەنگە لە ئاستی پێویستیشدا نەبن، بەڵام گۆرانیش هەیە لە بەرزترین ئاستە و نمایش ناکرێت».

بۆ پێشخستنی هونەری کوردی برادەر دەڵێت: «گرنگترین کار بۆ پێشخستنی هونەر بریتییە لەوەی کە بەردەوامی پێ بدرێت، لە کوردستانی ئازاد دەرفەتی باش هەیە، پێویستە ئێمە هەوڵ بدەین ئەوەی لە دەستمان هەیە بەکاری بهێنین، بەڵام هونەر و هونەرمەندان پێویستیان بە یارمەتی هەیە بۆ بەردەوامی، هەروەها گرنگترین شت ئەوەیە کە ڕێز لە هونەرمەندان بگیرێت و ئەرك و ماندووبوونەکەیان لەبەرچاو بگیرێت».

سەبارەت بە ئاستی سینەمای کوردی کە چۆنە، دەڵێت: «خۆم لەگەڵ مۆسیقا کاری شانۆ و سینەماش دەکەم، لە زۆر فیلم




لەگەڵ هۆڵەندی و ئەڵمانییەکان ڕۆڵم بینیوە، بێگومان سینەمای کوردی ئێستا هەنگاوی باشی ناوە و جۆرێك لە دەرکەوتنی سینەمای کوردی بە ئاشکرا هەستیی پێ دەکرێت و بەردەوام فیلم بەرهەم دەهێنرێت و، لە فیستیڤاڵە جیهانییەکاندا بەشدارییان کردووە و گەیشتوونەتە فیستیڤاڵی کان ئەمەش کارێکی زۆر باشە، بەڵام سینەما ئەو بەشە گرنگەی هونەرە کە پێویستیی بە پارەیەکی زۆر، پسپۆڕی، فێربوون وخوێندن خەبات ماندووبوونێکی زۆر هەیە، بۆ ئەوەی پەرەی پێ بدرێت.

سەبارەت بەوەی بۆچی دەرکەوتنی لە فیلمە کوردییەکاندا وەکو پێویست نییە، دەڵێت: «ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی پێنەدانی میدیاکانی کوردستان بە کارەکانمان، چونکە من پێشتر بەشداریم لە زنجیرە درامایەکدا کردووە بە ناوی (کولانەکانی غەریبی) کە پێنج ئەڵقە بوو و نمایش کرا، لێرەدا دەمەوێ باسی ئەوە بکەم کە لە ساڵی ١٩٩٥ بۆ یەکەم جار بەشداریم لە فیلمێکی درێژی هۆڵەندیدا کرد، کە ماوەکەی ٩٠ خولەك بوو، ئەم فیلمە حەوت خەڵاتی بەدەست هێنا، دواتر بەشداریم لە فیلمی (شۆڕش و شیرین) کرد کە باس لە هەڵەبجە دەکات، لە بەرهەمهێنانی زانکۆی هامبۆرگ بوو، ئینجا لە فیلمێکی دیکە بەشداریم کرد بە ناوی (گەنگستر بۆی) و چەندین فیلمی دیکە کە هەموویان بە زمانی هۆڵەندی بوون.

لەبارەی چوونی بۆ نێو بواری سینەما لە هۆڵەندا، برادەر دەڵێت: «کاتێك لە باکووری کوردستان بووم بواری شانۆم خوێند، بەڵام چوونم بۆ نێو بواری سینەما بە ڕێکەوت بوو، لە هۆڵەندا ساڵی ١٩٩٥ فیلمێك بەرهەم هات بە ناوی (ئەو منداڵەی قسە ناکات) ویستیان کوڕەکەم ڕۆڵی تێدا ببینی، بەڵام کاتێك هاتنە ماڵی ئێمە و کوڕەکەمیان بینی، گوتیان ئەمە گەورەیە و بۆ ڕۆڵەکە گونجاو نییە، ئەو کات دەرهێنەری فیلمەکە کە ناوی (بەنسۆن بۆخارت) کە یەکێکە لە دەرهێنەرە ناسراوەکانی هۆڵەندا، گوتی کە تۆ فەیسێکی سینەماییت هەیە، بۆچی نایەیت بەشداری بکەیت؟ منیش وتم لە سینەمای بەشداریم نەکردووە، بوڵام چوومەتە سەر شانۆ، ئەویش گوتی ئاساییە ئێمە ژمارەیەك منداڵمان دۆزیوەتەوە، بەڵام هەندێکیان نازانن بە کرمانجی قسە بکەن و هەندێکی دیکەشیان کورد نین، حەز دەکەین یارمەتیمان بدەی بۆ ئەوەی فێرە زمانی کوردییان بکەین، منیش چووم لە بواری وەرگێڕان و فێرکردن هاوکاریم کردن، بەڵام دەرهێنەرەکە گوتی حەز دەکەم تۆ ڕۆڵی باوك ببینیت، بەم شێوەیە هاتمە نێو بواری سینەما، لە هۆڵەندا نووسینگە هەن سیڤی لە ئەکتەرەکان وەردەگرن کاتێك ڕۆڵێکیان هەبێت و بزانن ئەو ئەکتەرە بۆ ئەم ڕۆڵە دەشێت، بانگی دەکەن».

سەبارەت بەوەی کە زیاتر چ ڕۆڵێکی پێ دەسپێرن، دەڵێت: «ڕۆڵی بیانی و غەریبە، چونکە ئێمە لە ڕووی زمانەوە ناتوانین بە تەواوی وەك کەسێکی هۆڵەندی ڕۆڵەکان ببینین، بە هەمان شێوە کەسێکی هۆڵەندیش ناتوانێت ڕۆڵی کەسێکی بیانی، یان پەنابەر ببینێت، بەداخەوە میدیای هۆڵەندی زیاتر گرنگی بە کارەکانمان دەدات و لە میدیای کوردی بەو شێوەیە نییە، جگە لە سینەما من لە شانۆش بەشداریم کردووە .

# بێدەنگ مەبن



**د. ئامانج غازی**

**بۆ گوڵانی نووسیوە**

**(٢-٢)**

لە ئاکامی زۆربوونی کەناڵ و میدیاکانی جیهان بۆ نێوەندی کولتووری کوردی، کە جۆرە تەوژمێکی نێگەتیڤانەی سەبارەت بە کاریگەریی موزیکی گەلانی دراوسێ بە عێراق و کوردستان دروستکردووە.

دوای ڕاپەڕین و پەرتەوازەبوونی هونەرمەندان و لێکترازانی ڕۆحی نەتەوەیی و بەبادانی ڕەنجی ساڵانی نەهامەتیی سیاسی، خەریکە ئایدیا و فیکرەیەکی نامۆ بە تێگەیشتن لە کەلەپووری نەتەوایەتی لە تاراوگەی هونەرمەندان و هەندەرانی جێنشینی ئەوان، بەرەو کوردستان گوزەر دەکات و بەبێ چەمکی حاڵی بوون و توێژینەوە لەسەرکردن، بەرە بەرە لە ژێر سێبەر و چەتری بەرهەمە ڕەسەنەکان دێتە دەرەوە و بەرەو مەنزڵگەیەکی هونەری وێرانکاری دەڕوات، بۆیە دەبێ زۆر بە ڕاشکاوانە لەو خاڵانە بدوێین کە تەوژمە خەتەرناکەکەی وەکو هەورێکی بەهاری بەسەر سرووشت و ئاکاری موزیکی کوردیدا داوە، بە کورتی و بەکوردی دەڵێین لە پاڵ کۆمەڵی شاکاری هونەری کوردیدا کە بە ڕاستی خەریکە لە نێو ئەو تەپوتۆزەدا بخنکێنن، ئەم خاڵانە دەخەینەڕوو بۆ دیالۆگ و گفتوگۆی زانستییانە:

١- لە ئاکامی سوود وەرنەگرتن و نەگەڕانەوە بۆ میلۆدییە ڕەسەنەکانی کوردی، خەریکە کۆمەڵی ئاوازی دانراو و دەستکرد و دوور لە تێگەیشتنێکی فەلسەفییانەو ڕۆشنبیریانە لەدایک دەبن و، بە کاریگەری و گوێگرتنی بەردەوام لە ئاوازەکانی (تورك و عەرەب وفارس) دەبنە هەوێنی دەنگە چاکەکانی ئەمڕۆمان.

٢- بە گوێگرتن لە تەکنیکی ژەنیارانی (فارس و تورك) بە ڕێژەیەکی بەرچاویش

(ژەنیارە عەرەبییەکان) خەریکە هەیبەت و باڵا دەستیی ئامێرە ڕەسەنەکانمان دەکەونە پەراوێزی کارە هونەرییەکانمان و، لاساییکردنەوەی ئەو ژەنیارانە بووەتە وێردی دەست و پەنجەکانیان، لێرەدا پرسیارێکی زۆر کۆن، بەڵام زۆر کاریگەر دەکرێت، ئەویش ئەوەیە: ئایا تائێستا کێ گوێبیستی ژەنیارێکی (تورک، فارس یان عەرەب) بووە، تا بتوانێت مۆرك و ئەدایەکی کوردییانەمان بۆ بکا؟، کەواتا شتی ڕەسەن لێهاتوویی دەوێت و، بلیمەتیی ژەنیار دەتوانێت بە پەنجەکانی، ئاوازی ئەفسوناوی بدا بە گوێماندا و چۆکمان پێ دابدات.

٣- لە نێوان پێشکەشکردن و لەدایکبوونی گۆرانییەکی کوردیدا کە ئێستە ڕەواجی هەیە، دابڕانێکی گەورە لە نێو پەرەگرافەکانی گۆرانییەکەدا هەیە، ئەوی (پێشەکییەك کە بە هیچ کلۆجێك ناچێتە نێو خانە زیندووەکانی گۆرانییەوە، لەگەڵ ڕیتم و دابەشکردنێکی کۆمپیوتەرانەی دەنگەکان و (solo) ی ئامێرە مردووەکان، کە بە هەناسەی (TRITON) زیندوو دەکرێنەوە و بەیەکەوە دەژەنرێن، دەنگە بەستەزمانەکەی گۆرانیبێژ ش ناتوانێت بەرگەی ئەم هەموو تەکنەلۆژیایە بگرێت و، ناچار بە ڕووزەردی دەخلیسکێتە نێو (ئەداو مۆرك)ی غەیرە کوردییەوە.

٤- لەبەر ئەوەی قۆناغی گوێگرتن و چێژی هونەریمان نەگەیشتۆتە ڕادەی ئەوەی گوێ بۆ پارچە موزیکێك شل بکەین و، چەمکە هونەرییەکانی بخەینە بەر ڕۆشنایی شیکردنەوە، ناچارین لە بواری هونەری موزیکی کوردیدا هەمیشە پەنا بۆ گۆرانی ببەین، مەبەستم (ئاواز + دەنگ + دەقی شیعر)ە، بۆیە لە هەڵبژاردنی دەقی شیعریدا دەبێ زۆر وریا بین و، ناکرێ بەو وشە و ڕستە و دەقی قسەکردنەی نێو بازاڕیش بیڵێین کە خەڵك ڕۆژانە بەکاریان دەبات و گفتوگۆ و دیالۆگی بەردەوامی پێ دەکات، بۆیە دەرەنجامی ئەو کارانە ئەوەیە کە ماوەی لەدایکبوون و سەرنانەوە و مردنی گۆرانییەك لە (مانگێك تا دوو مانگ) زیاتر ناخایەنێت و خەڵك ناچار بە دوای کۆرپەلەیەکی دیکەدا دەگەڕێن.

٥- هۆکارێکی دیکەی لەیەکتر حاڵی نەبوونی (دەنگ و ئەدای گۆرانیبێژ لەگەڵ سیماو ڕوخساری ئاوازی ڕەسەنی کوردی)دا، لە ناسینەوە و شارەزا نەبوونی گۆرانیبێژ بە میانە و چینە دەنگی خۆی لەکاتی گوتنی گۆرانیدا، گۆرانیبێژی کورد تا ئەزبەری ئاوازێك دەکات، ئاوازدانەر دەخاتە ئازار و ژانێکی جەستەیی و ڕۆحیی زۆر گەورە، چونکە گۆرانیبێژ لە هەردوو کۆڵەگە سەرەکییەکەی پێکهاتەی موزیکدا (زمانی نۆتە و گوێچکەی هونەری موزیك)ی بێبەشە و، بە دەگمەن گۆرانیبێژێك دەبینی بە پەرۆش و ئەکاییمانە (مواکەبەی) ڕۆحی سەردەم و تێگەیشتنی قۆناغەکانی هونەری میللەت و گەل و تەنانەت خۆشی بێت، کەواتا کاتێ پرسیارمان لێ دەکەن و بەڕاشکاوی دەڵێین بۆ موزیکی کوردی تەمەنی کورتە؟ نابێ بێدەنگ بین، کاتێك هۆکارەکانی بە بەردەمماندا گوزەر دەکات، چونکە (خاچا توریان) گوتەنی: «هونەری موزیك پێش ئەوەی جیهانی بێت، دەبێ نەتەوەیی بێت».



هونەرمەند یەکبوون بو گولان:

# وەک ئەرک دخوازم پیتر لسەر زمانێ خوە کار بکەم

هونەرمەند یەکبوون ژ بلی کو گرنگییەکا زور ب هونەرێ رەسەنێ کوردی ددەت د هەمان دەمدا گرنگییەکا زور ب موزیکا کوردیش ددەت، ئەو ب رێکا سۆشیال میدیایا خو هەردەم د گەل هەوادار و حەز ژێ کرێین دەنگێ خوە د پەیوەندێیدا بیت. ل دەرفەتەکێدا مە رووبرووی چەند پرسیارەکێن هونەری کر و ب ڤی رەنگی بەرسڤا مە دا.

■ دیدار: خەلیل بلەیی

*** تو بوچی یا دویری ل کارێن هونەری؟؟**

- ب راستی گەلەك جاران دبێژن تە ژ كارێ هونەری خوە دوور خستیە لێ نە وسا یە. گەر كوو مرۆڤ دووری وەلاتێ خوە بە چالاكبوونا مرۆڤ ژی كێم دبە. وەكی دن هەتا بەری سالەكە من قەت گرینگی نەددا سۆشیال میدیایێ. ژ بۆ وێ كارێ كۆ من دكر خویا نەدكر. نها ئەز پتر هەول ددم كوو بەرهەمێن خوە بینم بیرا گوهدارڤانێن خوە و بەرهەمێن نوو پارڤە بكەم.

***كۆرۆنایێ چ باندورە هەبوو لسەر هونەرێ كوردی هەبوو؟**

- كۆرۆنا نە تەنێ هونەرا كوردی ل سەر مرۆڤاهیێ باندۆرەك گەلەك نەخوەش هێشت. ژ بۆ كارێ هونەری وەكی كۆ هوون دزانن تو مسۆگەری ئان سگۆرتا كەسێن كوو ب كارێ هونەری مژوول دبن توننەیە. كەسێن كوو ژیانی خوە ب كارێ هونەری دكەن پەریشان بوون.

*** تو چەند گرنگیێ ب سۆشیال میدیایێ ددەی؟**

- وەكی من سەری دە بەحس كر، من گەلەك گرینگی نەددا سۆشیال میدیا. نها نرخێن هونەرمەندا مخابن ب هەژمارا شۆپینەران تێ داین. ئەز ژی نها هەول ددم كوو ل سەر مالپەرا خوە یا فەرمی چالاك بم. لێ بێگومان هنەك كەس "شۆپینەران" دكرن. ئەز ب خوە ریەك واها ناخوازم هەلبژێرم. دخوازم كوو شۆپینەرێن من راستی بن. هەروەها، ژ بۆ من بكار ئانینا میدیایا جڤاكی زەحمەتە ژ بۆ شۆپینەرێن من ژی تشتەك نویە. ل گۆر هەژمارا شۆپینەران كەسێن كوو فیدباكێ ددن گەلەك كێمن. ئان ل سەر یۆوتوبە من ستاتستكا خوە نەری گوهدارڤانێن من ٩٠٪ ی ئابۆنە نە. ژ بۆ مە پلاتفۆرمەك گەلەك گرینگە. مرۆڤ دیرەكت خوە دگهینە گوهدارڤانێن خوە.

*** رەوشا هونەرێ كەردی چەوا دبینی؟**

- ل گۆر من رەوشا چاند و هونەرا كوردی تەڤی كوو بێ دەرفەت و بێ سەكتۆر ئە ژی، مرۆڤ دكارە بێژە ئاستەك گەلەك باش دایە. مرۆڤ نكارە كورد و وەلاتێن ئازاد و سەربخوە بدە بەر هەڤ. راستیەك هەیە ئەم د ناڤ سستەما دنیایێ دە نە مللەتەك فەرمینە. ژ بۆ وێ ژی سەركەفتنێن مە هەر جار ل سەر عێراق، ئیران، سوریا و توركیا تێ حەسباندن. مرۆڤ دڤێ ڤێ ژ بیر نەكە. ئەم چقاس رەوشەنبیر و هونەرمەندێن خوە بچووك بكەین ئەمێ وەك مللەت ژی نەبین چ. دڤێ ئەم وەك وەلاتێن شارەزا قیمەتێ بدن هەڤ.

***پێتڤیە هونەرمەندێن كورد چ بكەن ژ بو پێشختستنا هونەرێ كوردی؟**

- ئەز دبێژم هونەرمەندێن كورد ل گۆر دەرفەتا خوە كارێن پر باش دكن. داخوازیا منا هەری مەزن ئەوە كوو ئەم دەڤ ژ گازنان بەردەین و خەیالێن مەزن بكەین. زۆری بدن دەردۆرا خوە و دوو خەیالێن خوە هەرن. نەبێژن كەس فاهم ناكە یان مللەت نە حازر ئە. هوون بئافرینن، ئیرۆ نەبە چەند سالێ دن ئەو بەرهەم وێ بێ دیتن.

*** ئاریشێن هونەرێ كوردی چنە؟**

- پرسگرێكا هەری مەزن ئەوە كوو ئەم خوە و دەردۆرا خوە گەلەكی بچووك دبینن. دڤێ سەری دە ئەم ژ خوە و دەردۆرا خوە باوەر بین. قیمەتێ بدەین دەردۆرێ. پۆزەتیڤ بنێرین. ل سەر كێماسیێ خوە بسەكنن. ئالیكاریا هەڤ بكەین. نەهێلن كەس نەهەقی ببینە.

*** باندورا تەكنۆلۆژیایێ ل سەر هونەرا كوردی ب گشتی باش بووە یان نەرێنی بوویە؟**

- ب راستی ژی تەكنۆلۆژیا ؛ۆ نها هەیە ژ بۆ مە گەلكی باشە. مرۆڤ دكارە ب تەلەفۆنەكە خوە بگەهینە داویا دنیایێ. بەس ئەم دڤێ خوە هینی ڤێ سستەمە بكن كوو تەكنۆلۆژیە ژ بۆ بەرژەوەندیا خوە و ژ بۆ ملەتێ خوە بكار بینن. تەنێ لسەر سۆشیال مەدیا مرۆڤ دكارە شۆرەشەك ریڤە ببە. گەر كوو هوون باش بشۆپینن ژیانا خوە دكارن هێسانتر بكن. مرۆڤ دڤێ ژ تەكنۆلۆژیێ نەرەڤە نەترسە لێ كۆنترۆلا خوە ژی وندا نەكە.

*** ب نەرینا تە چ دەمی هونەرمەندێ كورد دكارە ب رێیا هونەرێ ژیانا خو مسوگەر بكەت؟**

- ئەز باوەر دكم ب ریا موزیكێ مرۆڤ نها نكارە ب هێسانی ژیانا خوە مسوگەر بكە. ئەڤ تشت گرێدایی سستەمەكی یە. ئەو سستەم ژی بێیی دەولەتبوون، تە قەبوول ناكە. دەولەتەك سەربخوە ژی مخابن توننە.

*** هونرمەندێن كورد ب رێیا زمانێن دی وەک عەرەبی، فارسی، توركی یان هەر زمانەكێ دی دكاریت پتر خزمەتا هونەر و چاندا كوردە بكەت؟**

- ل گۆر كوو ئەز دزانم گەر هونەرمەندەك كورد، سترانێن بیانی بسترێ وێ خزمەتا وی زمانی بكە لێ دكارە وەك هونەرمەندەك كورد بێ ناسین "گەر كوو خوە وەك كورد بدە ناسكرن." ئەز كەسێ گۆ عەرەبی، فارسی یان تركی دسترێ رەخنە ناكم. بێگومان ئەو كەس دكارە بێتر رەوشا خوە باش بكە و دەرفەتێن باش ببینە. لێ ئەز ب خوە وەك ئەرك دخوازم كۆ ل سەر زمانێ خوە پیتر كار بكەم.

گەلەك سپاس ژ بۆ ئەڤ پرسێن دەلال و خوەش. سلاڤ ژ بۆ خوەندەكارێن كۆڤارا گولانێ...





**کالێ رەئوف:**
**راهێنەری لەشجوانی**

# یانەکان بارودۆخیان باش نییە دەڵێن بۆچی بە خۆڕایی تیپ دروست بکەین



**سەنتەری شارە گەورەکانی کوردستان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمارەی هۆڵەکانی وەرزشی تێیاندا زیاتر دەبێت، خانمانی کوردستانیش لە ئێستادا زیاتر ڕوو لە وەرزشیی لەشرپێکی و لەشجوانی و هێزی لەش دەکەن و، ئەم یارییانە لە گەشەسەندن دایە و، پێشبینی دەکرێت لە داهاتوودا ببێتە یەکێك لەو یارییانەی کە ئافرەتانی وەرزشکار بە ڕێژەیەکی زۆر ڕووی تێ بکەن و، لە پاڵەوانیتییەکاندا کێبڕکێ لەسەر ئەنجامی گەورە بکەن، لە ئێستادا هۆڵەکانی شارەکانی کوردستان خاوەنی چەندین ئافرەتی بەتوانان لەم وەرزشەدا، یەکێك لەو خانمە ڕاهێنەر (کالێ ڕەئوف)ـە، کە ماوەی چەند ساڵێکە ڕاهێنەری لەشجوانی و یاریی تۆپی دەستە، کاڵێ لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٥ی پارێزگای سلێمانییە، دەرچووی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشییە لە زانکۆی سلێمانی، پێشتریش یاریزانی تۆپی دەستی یانەکانی سیروانی نوێ و ئەفرۆدێت بووە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان لێکرد، ئەویش وەڵامی سەرجەم پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

**دیمانە: کارزان کانەبی**

*** چۆن بوو بواری ڕاهێنەری لەشجوانیت هەڵبژارد؟**

- پێشتر خۆم هەر لە ناو ئەم وەرزشەدا بووم، پێش چوونە زانکۆ یاریی تۆپی دەست و باسکەم دەکرد، دواتر چووە کۆلێژی وەرزش، کە کۆلێژم تەواو کرد هیچ دامەزراندنێك نەبوو، بۆیە هەر چوومەوە ناو کارەکەی خۆم کە وەرزشە، حەزیشم لە بواری جیم بوو، لەوێوە دەستم پێ کرد، جگە لەوەشدا پێشتر تووشی پێکانی ئەژنۆ بووم، ڕاهێنەرێك نەبوو چارەسەرم بکات، ئەوەش هانی دام کە بتوانم لەم بوارەدا سەرکەوتوو بم.

*** هەست ناکەیت وەرزشێکی قورست هەڵبژاردووە؟**

- هەست ناکەم قورس بێت بۆ من، چونکە دوای چوار ساڵ بەردەوام بوونم لەم وەرزشە، هەست دەکەم وەرزشێکی تەندروستم هەڵبژاردوە هەر چەندە هەموو بوارێك قورسیی خۆی تێدایە.

*** دوو وەرزش لە یەك کاتدا ئەنجام دەدەیت، تۆپی دەست و لەشجوانی، لەکامیاندا زیاتر سەرکەوتووتریت ؟**

-زیاتر لە یاریی لەشجوانیدا سەرکەوتووترم، بەڵام ماوەی دوو ساڵە تۆپی دەستی ئەفرۆدێت نەماوە، بۆ کاتی خۆی لە تۆپی دەست سەرکەوتووتر بووم، ئێستا زیاتر پەرە بە لەشجوانی دەدەم.

*** پێشوازیی خانمان لەم یارییە لە چ ئاستێکدایە، کە ئێستا خۆت یەکێکیت لە ڕاهێنەرانی ئەم یارییە؟**

- لە هەردوو شاری سلێمانی و هەولێر پێشوازیی باشی لێ کراوە، پێشتر ئافرەتان بۆ کەمکردنەوەی کێش ڕوویان لە هۆڵەکان دەکرد، ڕێژەشیان کەم بوو، بەڵام ئێستا لە ناو سلێمانی زۆر کەس ڕوویان لەم یارییە کردوە و وەرزش چووەتە قۆناغێکی باشتر، لە دەرەوەی شارەکانیش وەکو پێویست نییە بەهۆی کەمیی هۆڵی وەرزشی، بە تایبەت بۆ خانمان.

*** ئاستی یاریی لەشجوانی چۆن دەبینی لە کوردستان؟**

-ئێستا لە چاو پێشتر لە ئاستێکی باشدایە، بەڵام پێویستی بە پێشڤەچوونی زیاتر هەیە.

*** وەکو خانمە ڕاهێنەرێك بەرنامەت چییە بۆ داهاتوو؟**

- دەمەوێت لەم کارەی خۆم بەردەوام بم و، ببمە ڕاهێنەرێکی سەرکەوتوو و دیارتر و، خزمەتی زیاتر بکەم، هەوڵدەدەم نامەی ماستەرەکەشم هەر لەم بوارەدا بەدەست بهێنم .

*** بە گشتی ئافرەتان بۆ چ مەبەستێك سەردانتان دەکەم؟**

- ئافرەتان جیاوازن هەرکەسە و ئامانجێکی هەیە، بە شێوەیەکی گشتی بۆ کەمکردنەوەی کێش دێن، وەك ئەوانەی نەخۆشییان هەیە بڕبڕەکان و سەوەفان و ئەوانەی دەیانەوێ کێشیان زیاد بێ و هەشیانە بۆ خۆشی دێت.

*** گرفتان چییە لەم یارییە؟**

-گرفتی ئێمە نەبوونی ڕاهێنەری باش و تایبەتمەند و پرۆفیشناڵ بەم یارییە، کە زانیاری و شارەزایی تەواوی هەبێت.

*** خانەوادەکەت تا چەند هاوکارن بۆ وەرزشکردنت؟**

- پێشتر خانەوادەکەم ڕێگر بوون، بەڵام من هەر بەردەوام بووم، کە چوومە کۆلێژ دواتر زۆر هاوکارییان کردم و، کە زانییان وەرزش چەند سوودی هەیە، ئێستا بە پێچەوانەوە هانی دەوروبەریش دەدەن.

*** وەکو ڕاهێنەرێك بەنیازی ئەوە نیت تیپێکی کچان دروست بکەی؟**

-پێشتر حەزم دەکرد ڕاهێنەری تۆپی دەست بم، ئێستاش ئەو حەزم هەرماوە، یانەکان بارودۆخیان باش نییە دەڵێن بۆچی تیپ دروست بکەین بە خۆڕایی، ئەگەر یانەکان هاوکاربن حەزم دەکەم.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتایدا؟**

-زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ پشتگیریکردنی وەرزشکارانی شارەکانی کوردستان.

# ئەستێرێکی خولی ئینگلیزی دەچێتە خولی ئیسپانی




سادیۆ مانێ ئەستێرەی سەنیگالی و یانەی لیڤەرپووڵی ئینگلیزی، بیر لە داهاتووی دەکاتەوە و دەیەوێت لە دەرەوەی ئینگلتەرا یاری بکات.
ڕۆژنامەکانی ئیسپانیا بڵاویان کردەوە کە سادیۆ مانێ دەیەوێت ڕووبکاتە خولی ئیسپانیا و، ئەزموونێکی نوێ لەو خولەدا تاقی بکاتەوە، بۆ ئەوەش یاریزانەکە دوو بژاردەی لە بەردەمدایە، کە یەکێکیان ڕیاڵ مەدریدە و ئەوەی دیکەشیان یانەی بەرشلۆنەیە، کە یاریزانەکە دەیەوێت پێش وازهێنان بۆ یەکێك لەو دوو یانەیە یاری بکات.
گرێبەستی سادیۆ مانێ لە هاوینی ٢٠٢٣ لەگەڵ یانەی لیڤەرپووڵ تەواو دەبێت، یاریزانەکە تاوەکو ئێستا داهاتووی لەگەڵ یانە ئینگلیزییەکە دیارنییە و، بڕیاری خۆی بۆ مانەوە، یان ڕۆیشتن لە یانەکە نەداوە.
مانێ تەمەنی ٢٩ساڵە، لە ساڵی ٢٠١٦ لە یانەی سا و سا مپتۆ نی ئینگلیزییەوە پەیوەندیی بە ڕیزەکانی یانەی لیڤەرپوولەوە کردووە، لەگەڵ یانەکە نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا و نازناوی خولی ئینگلتەرا و جامی سوپەری ئەوروپا و جامی جیهانیی یانەکانی بردووەتەوە و، ئێستا نرخی گواستنەوەی دەگاتە ٨٠ ملیۆن یۆرۆ.
پێشتر دەنگۆی پەیوەندیکردنی مانێ بە یانەی ڕیاڵ مەدریدەوە چەند جارێك بڵاوبووەتەوە، بەڵام یۆرگن کلۆپ ڕاهێنەری یانەی لیڤەرپووڵ ئامادە نەبوو دەستبەرداری ئەستێرە سەنیگالییەکە ببێت.
سادیۆ مانێ پێشتر لە خولی فەرەنسا یاریی بۆ یانەی مێتز کردووە، دواى ئەوە چووەتە یانەی ڕێدبوڵ سالزبۆرگ، لەوێشەوە بۆ یانەی ساوسامپتۆنی ئینگلیزی و دوای ئەوەش چووەتە لیڤەرپووڵ.



## کێشە کەوتە نێوان ڕیاڵ مەدرید و جۆنیۆر


بە هۆی ئەوەی ڕیاڵ مەدرید پارەیەکی زۆری بۆ گرێبەست لەگەڵ ئێمباپێ داناوە، ڤینیسیۆس جۆنیۆری هێرشبەری یانەکە گفتوگۆی نوێکردنەوەی گرێبەستەکەی ڕاگرتووە.

گرێبەستی ئەستێرە بەڕازیلییەکە لەگەڵ یانەی ڕیاڵ مەدرید، لە هاوینی ٢٠٢٤ تەواو دەبێت، ئێستاش جۆنیۆر یەکێکە لە یاریزانە سەرەکی و گرنگەکانی یانە ئیسپانییەکە، تا ئێستا لەم وەرزەدا ١٥ گۆڵی تۆمار کردووە، کە هەمان ژمارەی گۆڵە کە لە سێ وەرزی یەکەمی لەگەڵ یانەکەدا تۆماری کردووە.

یانەی ڕیاڵ مەدرید بۆ پاراستنی ڤینیسۆس بڕیاری دا بە خێرایی گفتوگۆ لەگەڵ بریکاری یاریزانەکە بکات، بۆ ئەوەی گرێبەستەکەی نوێ بکەنەوە، بەڵام ڕۆژنامەی سپۆرتی کەتەلۆنی ئاشکرای کردووە ڤینیسۆس دانوستانی نوێکردنەوەی گرێبەستەکەی ڕاگرتووە، دوای ئەوەی بڕی ئەو پارەیەی زانیوە کە ڕیاڵ مەدرید بۆ گواستنەوەی کیلیان ئێمباپێی ئەستێرەی فەرەنسی ئامادەی کردووە.

ڕۆژنامەکە ئاماژەی بەوە کردووە ئەگەر ئێمباپێ بچێتە ڕیاڵ مەدرید، بڕی ٣٠ ملیۆن یۆرۆ وەك مووچەی ساڵانە وەردەگرێت، جگە لە پاداشتی مۆرکردنی گرێبەستەکەی، کە لە نێوان ٦٠ بۆ ٨٠ ملیۆن یۆرۆ دەبێت.

ئەمەش لە کاتێکدایە ڤینیسیۆس یەکێکە لەو یاریزانانەی کەمترین مووچە لە یانەکە وەردەگرێت، کە ئێستا تەنیا ٣,٢ ملیۆن یۆرۆ لە وەرزێکدا وەردەگرێت و، ڕیاڵ مەدرید ئامادەیە بۆ جۆنیۆر مووچەکەی بۆ ١٠ ملیۆن یۆرۆ لە وەرزێکدا بەرز بکاتەوە، بەڵام یاریزانەکە پێی وایە ئێستا ئەو یەکێکە لە یاریزانە سەرەکییەکانی ڕیاڵ مەدرید، بۆیە پێویستە مووچەکەی لە نزیکی مووچەکەی ئێمباپێ بێت.



## کێشەیەکی گەورە لە یانەی مانچستەر یۆنایتد هەیە

کۆمەڵێك لە یاریزانە سەرەکییەکانی یانەی مانچستەر یۆنایتدی ئینگلیزی زۆر بێزارن لەو ئەنجامە خراپانەی، کە یانەکەیان بەم دواییە بەدەستی هێناون.

هەندێك سەرچاوەی نزیك لە مانچستەر یۆنایتد باس لەوە دەکەن، کە ئەو ئەنجامە خراپانەی یانەکە بەدەستیان دێنێت، کۆمەڵێك یاریزانی یانەکەی تووڕە کردووە، بە تایبەتی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ، کە نایەوێت چیدی دۆخی خۆی و یانەکەی بەمشێوەیە ببینێت.

مانچستەر یۆنایتد دوای ئەنجامدانی ٢٤ هەفتەی خولی نایابی ئینگلیزی، تەنیا ٤٠ خاڵی کۆکردووەتەوە و، لە پلەی پێنجەمی ڕیزبەندییەکەدایە، کە کریستیانۆش شەش یارییە بەسەریەوەکەوە ناتوانێت گۆڵ بکات، تەنانەت ئەو یاریزانە لە ساڵی ٢٠٢٢ هیچ گۆڵ و هیچ ئاسیستی نییە.

ئەو سەرچاوانە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە ناکۆکی کەوتووەتە نێوان کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ و ڕالف ڕانگنیکی ڕاهێنەر، دەشڵێن نە ڕۆناڵدۆ و نە هاوڕێکانیشی ڕازی نین بەو پلانەی ڕالف لە یارییەکاندا جێبەجێ دەکات.

ئەو سەرچاوانە، دەڵێن: ئەستێرەی پۆرتوگالی ڕازی نییە بەو شێوازی یاریکردنە، کە ڕانگنیك پەیڕەوی دەکات و، لە کارکردن لەگەڵ ئەو ڕاهێنەرەدا هەست بە ئاسوودەیی ناکات، کە چەندین یاریزانی دیکەش هەمان هەستی کریستیانۆیان بەرانبەر بە ڕاهێنەرەکەیان هەیە.

تەنانەت هەندێك سەرچاوە باس لەوە دەکەن، کە ئەگەری هەیە ڕۆناڵدۆ سەرکردایەتیی شۆڕشێك بکات، بۆ ناچارکردنی کارگێڕیی مانچستەر، بۆ لەسەر کارلادانی ڕالف ڕانگنیك و ڕاسپاردنی ئەرکی ئەو بە ڕاهێنەرێکی دیکە، تەنانەت ئەگەر بەشێوەیەکی کاتییش بێت.





### ڕاهێنەری یانەی هەولێر:

# خۆمان لەم نەهامەتییە ڕزگار دەکەین

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی هەولێر لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان ئەم وەرزە ئەنجامەکانی بەدڵی هاندەرانی یانەکەی نەبووە، سەرەڕای ئەوەی یانەکە گۆڕانکاریشی لە ڕاهێنەرانی تیپەکەیدا کرد، بەڵام ئەنجام هەر وەکو خۆی بوو، کارگێڕیی یانەی هەولێریش بڕیاری داوە بە شێوەیەکی فەرمی (بژار ئەکرەم)ی ڕاهێنەری پێشووی یانەی برووسك و یاریزانی یانەکەی بکاتە کەسی یەکەمی تیپەکە، لە یەکەم دەستبەرکاربوونیشی ئاست و ئەنجامی یانەی هەولێری گۆڕی بۆ گەڕانەوە بۆ ڕیزی یانە گەورەکانی کوردستان، لەم بارەشەوە بژار ئەکرەم ڕاهێنەری تازەی یانەی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێستا لەگەڵ یانەی هەولێر دەست بەکاربووم و تەنیا بیر لەوە دەکەمەوە کە تیپەکە لەو نەهامەتییە ڕزگار بکەین، ئەوکات بیر لە بەرنامەی داهاتووش دەکەینەوە بۆ باشتر بوونی ئاست و دۆخی تیپەکەمان، بەردەوام کار لەسەر ئەوە دەکەین تیپەکە باشتر بکەین و ئاست و ئەنجامیشمان باشتر بێت»، لە بارەی هەنگاوی داهاتووش بژار ئەکرەم گوتی: «بۆ باشتر بوونی دۆخی تیپەکەمان و کێبڕکێکردن لە سەر بەدەست هێنانی ئەنجامی باشتر، هەنگاوی باشتر دەهاوێن، لە یەکەم یاریدا وەکو ڕاهێنەری فەرمیی یانەکەش یانەی هەولێر یەکەم سێ خاڵی گرنگی بەدەست هێنا، بۆیە هەموو هەوڵێکی یانەی هەولێر و جەماوەرەکەی مانەوەیە لەم وەرزەی خولی نایابی یانەکانی کوردستان، لە ئێستادا یانەی هەولێر بیر لە دورستکردنی پێکهاتەیەکی تۆکمە دەکاتەوە بۆ ئەوەی تیپەکە بارودۆخی وەکو تیپێکی خولی نایابی کوردستانی لێ بێت».

# پێشمەرگەی سلێمانی کۆڵ نادات

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی پێشمەرگەی سلێمانی بەردەوامە لە ئەنجامدانی یارییەکانی لە خولی یانە پلە یەکەکانی عێراقی، ئامانجی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی لەم وەرزە، بەدەستهێنانی پلێتێکی سەرکەوتنە بۆ خولی نایابی یانەکانی عێراقی، پێشمەرگەی سلێمانی دەیەوێ ئەم وەرزە بە هەر جۆرێك بێت یەکێك بن لە یانەکانی گەیشتن بە خولی نایابی عێراقی، لە بارەی ئاستی تیپەکە و هەوڵی بەدەستهێنانی ئامانجەکەیان لەم وەرزە، (هەرێم بورهان) یاریدەدەری ڕاهێنەری یانەی وەرزشیی پێشمەرگەی سلێمانی بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئامادەکارییەکانمان بەردەوامە و ڕۆژانە مەشق و ڕاهێنان دەکەین بۆ سەرکەوتن بۆ خانەکانی پێشەوەی ڕیزبەندی یانەکان، ئەم کۆمەڵەیەی ئێمە سەرجەم یانەکان ئاست و ئەنجامیان لە یەکتری نزیکە، هەر شکستێك، یان یەکسانبوونێك کەمێك دوورت دەخاتەوە، بۆیە ئێمە بە وریاییەوە مامەڵە دەکەین و لەگەڵ یانەکانی کەربەلا و ناسرییەش لە کێبڕکێ داین بۆ ئەوەی خاڵ لە دەست نەدەین، لە بارەی گرفتەکانیش هەرێم گوتی: «هیچ گرفتێکمان نییە تەنیا چەند یاریزانێکمان پێکانیان هەیە و هیواداریین ئەوەش نەبێتە گرفت بۆمان لە یارییەکان، لە بارەی گۆڕانکارییەکانیش تەنیا یەك یاریزانی یانەی هەولێرمان هێناوەتە ڕیزی یانەکە، ئەویش هەرێم تەحسینە، هەموو هەوڵێك دەدەین ئەم وەرزە ئاستێکی شایستە پێشکەش بکەین و، دڵی هاندەرانی یانەکەشمان خۆش بکەین، خولی پلە یەك خولێکی دووروودرێژە و دەبێ پشوودرێژ بین، ئێمەش هەوڵ دەدەین یاری بۆ یاری ئاست و ئەنجامان باشتر بکەین و خاڵی باشتر کۆبکەینەوە، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە تیپەکەمان لە ڕیزی یانە گەورەکانی عێراق یاری بکات».



## نیاز محەمەد:

# نزیک بوومەتەوە لە گەیشتن بە ئامانجەکەم



ئەستێرەکانی کوردستان لە ئاسمانی یاریگەکانی خولی نایابی یانەکانی عێراقی دەدرەوشێنەوە و، سەرجەم یاریزانە پیشەگەرە کوردەکانیش چاویان لە پۆشینی درێسی هەڵبژاردەی نیشتمانیی عێراقییە، نیاز محەمەد یاریزانی پێشووی یانەی هەولێر و ئێستای شورتە، یەکێکە لەو یاریزانانەی خاوەن ئاستێکی بەرزە لەگەڵ یانەی شورتەی پێشەنگی یانەکانی عێراقی، لەم بارەشەوە نیاز محەمە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «لەئێستادا لەگەڵ یانەی شورتە زۆر ئاسەودەم، ئەو ماوەیە دوورکەوتنەوەشم بەهۆی پێکان بوو، یانەکەش زۆر هاوکارییان کردم و هەڵوێستی جوانیان نواند لەگەڵم»، نیاز گوتیشی: «دەمەوێ لەگەڵ یانەی شورتە نازناوی خولی نایابی عێراقی بەدەست بهێنم، وەکو یاریزانە کوردەکانیش کە من و یاسین کەریم لەوێن، هیچ گرفتێکمان نییە و بگرە زۆریش ڕێزمان دەگرن، زۆرترین خاڵمان هێناوە لە یەك قۆناغ بەبێ دۆڕاندن، ئەوەش بۆ یەکەم جارە لە مێژووی خولی نایابی عێراقی لە یەك قۆناغ ئەو ئەنجامە دروست ببێت، ئێستاش نزیك بوومەتەوە لەوەی بگەمە ڕیزی هەڵبژاردەی نیشتمانیی عێراقی، ئەگەر ئەو ماوەیە تووشی پێکان نەهاتبمام، بە دڵنیاییەوە لە ڕیزی هەڵبژاردەی عێراق یاریم دەکرد، پێشیان گوتبووم بۆ ڕیزی هەڵبژاردەی عێراق، ئەوەش خێری تێدایە، هەموو هەوڵێك دەدەم بۆ ئەوەی باشترین ئاست و ئەنجامم هەبێت لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی لەگەڵ یانەی شورتە، ئەوەی لە توانام بێت پێشکەشی ئەو یانەیەی دەکەم».

# ئایا بۆیەی قژ زیانی هەیە؟

زۆربەی جۆرەکانی بۆیەی قژ Hair dye لەوانەیە کە ببنە ئەگەری هەستەوەری و هەوکردنی پێستی سەر و دەموچاو، هەستەوەریی چاو، هەروەها هەناسەتەنگی و کۆکە، بەتایبەتی لەو کەسانەدا کە نەخۆشی، یان گرفتیان لە کۆئەندامی هەناسەدا هەیە، بەڵام هەندێك جۆری بۆیەی قژ لەوانەیە کە ماددەی کیمیایی وا لەخۆبگرن کە، زیان بە تەندروستی بگەیەنن، بۆ نموونە: پیرۆکسیدی هایدرۆجین H2O2، هەروەها قورقوشم، فینۆلەکان Phe-nols، ئامۆنیا، جیوە، PPD، کە دەبنە ئەگەری هەستەوەریی توند و قژهەڵوەرین، یان نەخۆشیی پێست و گرفت لە کۆئەندامی هەناسەدا. پیرۆکسیدی هایدرۆجین (کە بە ئۆکسجین ناسراوە) بۆیەی میلانین Melanin تێك دەشکێنێت، کە بە شێوەیەکی سرووشتی لە قژ و پێستدا هەیە. بەکارهێنانی بۆیەی قژ بۆ ماوەیەکی زۆر، ئەگەری زیانە تەندروستییەکان زیاتر دەکات، بۆنموونە: هەستەوەری و پەڵەی سووری پێست کە لەوانەیە هەموو پێستی سەر و هەندێك جاریش هەموو پێست بگرێتەوە، وشکبوون و لوولبوونی Frizziness هەمیشەیی قژ، هەناسەتەنگی و نیشانەکانی هاوشێوەی نەخۆشیی ڕەبو. لە لایەکی دیکەوە ئاژانسی بەرنامەی ژەهرزانیی نیشتمانیی ئەمریکی NTP جەختی کردووەتەوە کە چەند ماددەیەکی کیمیایی ناو هەندێك جۆری بۆیەی قژ لەوانەیە کە ببنە ئەگەری شێرپەنجە.





# چۆن خۆت لە ئەگەری نۆرەی دڵ دەپارێزیت؟

بۆ خۆپاراستن لە ئەگەری ڕوودانی نۆرەی دڵ بۆ یەکەم جار، یان ئەگەری دووبارەبوونەوەی، ئەگەر جارێك لە ڕابردوودا ڕووی دابێت، پێویست بە گۆڕینی ستایلی ژیان دەکات، بۆنموونە خۆراك و چالاکیی فیزیکی لەگەڵ جگەرە و ئەلکهول ..تاد.

هەنگاوەکانی خۆپاراستن لە نۆرەی دڵ:

- دوورکەوتنەوە لە هۆکارە هاندەرەکانی وەکو جگەرەکێشان، کۆنترۆڵکردنی شەکرە لە کەسانی تووشبوو بە نەخۆشیی شەکرە، کۆنترۆڵکردنی کۆلیستیرۆڵی بەرز، کۆنترۆڵکردنی پەستانی بەرزی خوێن.
- هەڵبژاردنی خۆراکی تەندروست وەکو بڕی زیادی سەوزە و میوە، پاقلەی سۆیا، پاقلەمەنییەکان، دانەویڵەی تەواو، ماسی، چەورییە ناتێرەکان، لەگەڵ دوورکەوتنەوە لە چەورییە تێر و چەورییە نێوەندییەکان Tran-fats.
- ئەنجامدانی مەشقی وەرزشی کە هاندەرە بۆ بەهێزکردنی ماسوولکەی دڵ و دابەزاندنی ئاستی کۆلیستیرۆڵ و بەرزکردنەوی ئاستی وزەی لەش و جێگیرکردنی مەزاج.
- پەیڕەوکردنی هەنگاوەکانی خۆخاوکردنەوە Relaxation و سووککردنی سترێس.



# هۆکارەکانی ساردبوونی پێیەکان

ساردبوونی پێیەکان Cold feet زیاتر لە وەرزی زستاندا بەدی دەکرێت، بەتایبەتی لە ئافرەتدا. هەموو هۆکارەکانی ساردبوونی پێیەکان دەبنە ئەگەری گرفت لە سووڕی خوێن لە پێیەکاندا، بۆنموونە: کەمخوێنی، نەخۆشیی شەکرە، نەخۆشیی ڕایناند Raynaud's disease. چارەسەرکردن بریتییە لە دۆزینەوە و چارەسەرکردنی هۆکارەکان. ئەگەر هیچ هۆکارێك بۆ گرفتەکە نەدۆزرایەوە، دەتوانرێت کە بە پەیڕەوکردنی چەند هەنگاوێك نارەحەتیی ساردبوونی پێیەکان کەم بکرێتەوە، کە بریتین لە: ڕشاندنی بڕێکی کەم لە پاودەری بیبەری تیژ لە ناو کەفش و گۆرەویەکاندا، ئەنجامدانی مەشقی وەرزشیی ڕۆژانە بۆ هاندانی سووڕی خوێن لە قاچ و پێیەکاندا، دوورکەوتنەوە لە جگەرەکێشان و کێشانی نێرگەلە، چونکە نیکۆتین بۆڕییەکانی خوێن تەسك دەکاتەوە و سووڕی خوێن لە پێیەکاندا کەم دەکاتەوە، دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی گۆرەوی و کەفشی تەسك، کە ئاستەنگ بۆ سووڕی خوێن لە پێیەکاندا دروست دەکەن، ڕۆژانە دانانی پێیەکان لە ناو ئاوێکی کەمێك گەرم بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، ئینجا پۆشینی گۆرەویی گەرم.

# تووشبووانی نوێی ئۆمیکرۆن زۆر زوو ڤایرۆس بڵاودەکەنەوە

پسپۆڕان جەخت دەکەنەوە کە تووشبووانی نوێی گۆڕدراوی ئۆمیکرۆنی کۆڤید١٩ لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا زۆر بە خێرایی ڤایرۆس بۆ کەسانی دەوروبەریان بڵاودەکەنەوە. لە ٢٦ی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٢١ دا ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی گۆڕدراوی B.1.1.529ی کۆڤید ١٩ی بۆ یەکەم جار لە باشووری ئەفریقیادا ناساند و، بە ناوی وشەی یۆنانی ئۆمیکرۆن ناوزەد کرا، ئێستا لە زیاتر لە ١٢٠ وڵاتی جیهاندا بە خێرایی بڵاو بووەتەوە، بەڵام خۆشبەختانە هەوکردنەکان بەگشتی سووکن و زوو چاك دەبنەوە. ئاماژە بەوەش کراوە کە لە ڤایرۆسی ئۆمیکرۆندا زیاتر لە ٣٠ جۆر گۆڕان لە نوکە پرۆتینەکانی ڤایرۆسەکەدا بەدی دەکرێن، کە وای لێ دەکات توانای هەبێت بۆ بەرگەگرتنی سیستمی بەرگریی لەش و، تەنانەت تووشکردنی ئەو کەسانەی کە ژەمی تەواوی ڤاکسینی کۆڤیدیان وەرگرتووە. توێژەرانی زانکۆی هۆنگ کۆنگ ڕوونیان کردووەتەوە کە گۆڕدراوی ئۆمیکرۆن ٧٠ جار خێراتر لە گۆڕدراوی دێلتا بڵاودەبێتەوە، هەروەها دابەشبوون و گەشەکردنی ڤایرۆسەکە لە شانەی سییەکاندا بەراورد بە جۆری ڤایرۆسی یەکەمی سەرهەڵدانی پەتای کۆڤید١٩ ١٠ جار کەمترە.





# چۆن بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن کاری

بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن ئەگەر کۆنترۆڵ نەکرێت، لەوانەیە ببێتە ئەگەری چەند ئاڵۆزییەك کە مەترسی دەخەنە سەر ژیان. ئەو گرفتانەی کە لە ئەنجامی کۆنترۆڵ نەکردنی پەستانی بەرزی خوێن ڕوودەدەن، ئەمانەن: تێکدانی خوێنبەرەکان، بەتایبەتی ڕەقبوونی خوێنبەرەکان کە بریتییە لە نیشتنی چینێك چەوری لەسەر ناوپۆشی خوێنبەر، کە دەبێتە هۆی تەسکبوونەوە و کەمبوونەوەی هاتووچۆی خوێن، بۆقکردنی خوێنبەر Aneurysm کە بریتییە لە لاوازبوونی دیوار و فراوانبوونی بەشێکی خوێنبەر، کە



# کێ پێویستیی بە ژەمی چوارەمی ڤاکسینی کۆڤید هەیە؟

سەنتەری ئەمەریکی بۆ خۆپاراستن و کۆنترۆڵکردنی نەخۆشییەکان CDC جەخت دەکاتەوە، کە زۆربەی خەڵك پێویستیان بە ژەمی چوارەمی ڤاکسینی کۆڤید ١٩ نییە، بەڵام بۆ هەندێك کەس گرنگە. لە ئێستادا، پسپۆڕان ئاماژە بەوە دەکەن کە وەرگرتنی ژەمی چوارەمی کۆڤید پەیوەستە بەوەی کە تا چەند بەرگریی لەشی کەسێك کزە، لەبەر چەند هۆکارێکی زانراوی وەکو نەخۆشیی ئایدز، تووشبووانی شێرپەنجە کە چارەسەری کیمیایی وەردەگرن، پاش نەشتەرگەریی گواستنەوەی ئەندامەکان، بەکارهێنانی بەردەوامی دەرمانە ستیرۆیدییەکان...تاد، بۆ ئەم حاڵەتانە ژەمی چوارەمی ڤاکسین پێویست دەکات، چونکە لەم حاڵەتانەدا ئاستی کاردانەوەی سستمی بەرگریی لەش بۆ خۆپاراستن لە کۆڤید١٩ بە وەرگرتنی دوو ژەمی ڤاکسینی فایزەر، یان مۆدێرنا ناگاتە ئاستی پێویست، بۆنموونە: ماوەی چەند مانگێك یان زیاتر، بۆیە وەرگرتنی ژەمی سێیەم و چوارەم بۆ ئەم حاڵەتانە گرنگ و پێویستە. بە ڕای زانایان، لە ئایندەدا ژەمی ڤاکسینی چالاککەرەوە بە شێوەیەکی (دەوری) دەبێتە بەشێك لە خشتەی ڤاکسینی کۆڤید١٩.



# ...گەریی دەکاتە سەر ئەندامەکانی لەش؟

لەوانەیە ببێتە ئەگەر تەقین و خوێنبەربوون، ئەمەش زیاتر لە شاخوێنبەردا ڕوو دەدات، نەخۆشیی دڵ، یان نەخۆشیی خوێنبەرەکانی تاجی دڵ CAD، نۆرەی دڵ کە حاڵەتێکە مەترسیی زۆری بۆ ژیان هەیە، نەخۆشیی خوێنبەرەکانی دەوروبەر، پەککەوتنی دڵ، گەورەبوونی قەبارەی دڵ، جەڵتەی مێشك Stroke، پەککەوتنی گورچیلە، گرفت لە چاودا، لاوازبوونی ئێسك چونکە بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، دەبێتە هۆی زیاد دەردانی کانزای کالسیۆم لە کۆئەندامی میزەڕۆدا، هەناسەتەنگی لەکاتی خەودا Sleep apnea.

# باشترین وێب کەم

**وێب کەم webcam بە واتایەکی دیکە کامێرای تایبەت بە جیهانی مەجازی و ئینتەرنێت گرنگیی خۆی هەیە. هەرچەندە ئێستا وەك پێشوو نییە و گشت مۆبایل و لاپتۆپێکیش کامێرای تایبەتیی خۆی**



## کامێرای لاجتیک جۆری C920S HD Pro



گشت بەرهەمەکانی کۆمپانیای لاجتیك (Logi-tech) لە ریزی پێشەوە دێن. وێبکەمی جۆری C920S HD Pro لە ریزی دەستەبژێرەکانی جیهانی وێبکەم دێت. شێوازی نیشاندان لەم کامێراوێبەدا full HDیە. بە خێرایی ٣٠ فرێم لە چرکەیەکدا. دەنگەکەی لەجۆری ستریۆیە. ستاندی تایبەت بەخۆی لەگەڵدایە کە دەکرێت لە مۆنیتۆر بخرێ یان بەجیا دابندرێ. فۆکۆسی خۆکاری زۆر بەرزە.

## وێبکەمی لینۆڤۆ جۆری :Essential FHD

لینۆڤۆ کە کۆمپانیایەکی هاوبەشی چین و ئەمەریکایە، بە گەورەترین کۆمپانیای بەرهەمهێن و دابەشکەری لاپتۆپ و تەبلێت لە جیهاندا دێت، وێبکەمی جۆری Essential FHD بەرهەمهێناوە، هەروەك لەناوەکەی را دیارە وێبکەمەکە بە کوالیتی فوول ئیچ دی فیلم دەگرێت. مایکێکی دوو لایەنەی هەیە. لە بواری دیزاینەوە سەرنجڕاکێشە.

## وێبکەمی جۆری Elgato Facecam




کۆمپانیای (ئیلگاتۆ) یەکێکە لە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی ئامێری لاوەکی کۆمپیوتەر. بەتایبەتی میمۆری کارت. وێبکەمی جۆری Elgato Facecam بەرهەمی نوێی کۆمپانیایە. بە کوالیتی فول ئیچ دی فیلم هەڵدەگرێتەوە ٦٠ فرێم لە چرکەیەکدا. تەنانەت دەکرێت ڕێکخستنی کامێراکە لەناو خودی خۆیدا بەبێ ئەوەی پێویست بە پرۆگرام یا کۆمپیوتەر بێ ئەنجام بدەی.

کامێراکە لەو شوێنانەی کە رووناکیش کەم بێت فیلم هەڵدەگرێتەوە. ستاندێکی لەسەرە کە دەکرێت لەسەر مۆنیتۆر دابندرێ یان بە جیا. دەریچەیەکی هەیە لەوکاتەی پێویستی نەکرد دادەخرێت.

# ـــــــەکانی ساڵی ٢٠٢٢

**هەیە. بەڵام کوالیتی و تایبەتمەندی کامێرا تایبەتەکانی وێب زۆر گرنگترن و کارایيان زۆر زیاترە. لێرەدا باسی تایبەتمەندیی دەستبەژێرێك لەباشترین webcamەکانی ساڵی ٢٠٢٢ دەکەین.**

## وێبکەمی جۆری4K CAM PW513




ئەگەر پێویستت بە کامێرایەکی تایبەتە کە وێنە بە کوالیتی بەرز لەخۆت هەڵبگری و ئەوە دەکرێت بڵێن کامێرای جۆری AVer-Media Live Streamer 4K CAM PW513 لە ریزی باشترینەکان دێت. چونکە بە کوالیتی ٤k وێنە هەڵدەگرێتەوە. کامێراکە خێرایی فیلم هەڵگرتنەوەی ٣٠ فرێم لە چرکەیەکدایە و دەکرێت هەتا ٦٠ فرمێش بڕوات ئەگەر بە کوالیتی فول ئێچ دی فیلم هەڵبگریەوە. مەودای دیدی ٩٤ پلەیە و خاوەنی ستاندێکی تایبەتە کە بە هەرچوارلادا دەسوورێتەوە.

## وێبکەمی جۆری Razer Kiyo

ئەگەر بە ریکلام نەبێت دەکرێت بڵێی وێبکەمی جۆری Razer Kiyo لە ریزی باشترینەکان دێت. کوالیتی فول ئیچ دییە. خێراییەکەی بە فول ئیچ دی ٣٠ فرێمە لە چرکەیەکدا، بەڵام ئەگەر کوالیتی بۆ 720P دابەزێنی دەکرێت بە خێرایی ٦٠ فرێم لە چرکەیەکدا فیلم بگری. ئەگەر بەردەوام سەیری یاری ڤیدیۆیی دەکەی و وێبکەمت بۆ ئەم مەبەستەیە، وێبکەمەکە وێنەیەکی بچووکی خۆشت نیشان دەدات.

گڵۆپێکی بازنەیی هەیە کە روخساری بەکارهێنەرەکەی بە باشی نیشان دەدا، تەنانەت ئەگەر ژوورەکەتان رووناکی کەمیش بێت.



## وێبکەمی مایکرۆسۆفت مۆدێرن

مایکرۆسۆفت بۆ کەس ناوێکی نامۆ و شاراوە نییە، چونکە خۆی خاوەنی ویندۆزی کۆمپیوتەرە، هەربۆیە کاتێك وێبکەمێکیش بەرهەم دێنێت دەبێت بگونجێت لەگەڵ سیستەمەکەی خۆی. وێبکەمی جۆری مۆدێرنی مایکرۆسۆفت لە ریزی یەکەمەکان دێت.

وێنەکان بەکوالیتی Full HD و بەخێرایی ٣٠ فرێم لە چرکەیەکدا نیشان دەدا. خۆی رووناکی هەیە، چوارچێوەی دیتنی ٧٨ پلەیە، بەکارهێنەر پێویست ناکات سەری خۆی لەکاتی قسەکردندا دانوێنێ بۆ ئەوەی بەرامبەرەکەی بیبینێ. دوگمەیەکی تایبەتی بە وێنەگرتنیشی هەیە.





## تابلۆی وێنە بۆ شەحنکردنەوەی مۆبایل



ئەو ئامێرانەی پێویستیان بە شەحنکردنەوەیە لە رۆژدا گەلێکن، هەم شەحنکرەوەکانیش جۆراوجۆرن. شەحنکەرەوەی بە وایەر، بێ وایەر، هەتاوی، کارەبایی... لە بواری چوارچێوە و دیزاینەوەش جۆراوجۆرن.

ئەم شەحنکەرەوەی لێرەدا وێنەکەی دەبینن، بەجۆری PowerPic ناسراوە. ناوەکەی بەخۆیەوە. بارگاوی کردنی وێنە. خۆی هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ چوارچێوەی وێنەیەکی تابلۆیی، بەکارهێنەر بەویستی خۆی دەتوانێ وێنەی بۆ دابنێت، خۆی لەراستیدا چوارچێوەیەکی وێنەیە کە لە دار دروستکراوە، بەڵام لە پشت چوارچێوەکە شەحنێکی بێ وایەر داندراوە، چەند گلۆپێك لە پشتەوە نیشاندەدەن کە مۆبایلەکە چەندە شەحن بۆتەوە.

## داتاشۆکان جێگای تـ

لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی بەسەر تەلەڤزیۆیدا هات، تەلەڤزیۆنی تەنك، روون وەك ئاوێنەیەکی ساف، کوالیتی نیشاندانەکان بەرز. تەلەڤزیۆنی سێ رەهەندی، چەماوە، تەلەڤزیۆنی لەیزەری...تاد. ئێستاکەش داتاشۆی تایبەت کە شوێنی تەلەڤزیۆن دەگرنەوە و تایبەتمەندی زۆریان هەیە.

داتاشۆی جۆری JMGO O1 pro، پرۆژکتەرێکی بچووکە، توانای هەیە بە کوالیتی 4k وێنە بڵاو بکاتەوە بە مەودای سەد ئینج. سینەمایەکە



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت لە پرۆگرامی word و گشت ئەو پرۆگرامانەی سەر بە زنجیرەی ئۆفیسن، دوگمەکانی کۆنترۆڵ کردن وەك ئەو دوگمانەی بۆ کۆپی و پێوەنووساندن و کەرتکردن و ئەرکی دیکە بەکاردێن، کارناکەن و لەکارکەوتوون چ بکەم؟**

خوێنەری بەڕێز بچۆ بۆ سەر بەشی set-tings ی ویندۆز، دواتر کە کرایەوە بچۆ سەر بەشی Devices و دوای ئەوە کلیك لەسەر بەشی Typing بکە. بچۆ بۆ کۆتایی ئەو بەشە و کلیك لەسەر Advanced key-board settings بکە. دوای ئەوە سێ بەش دەکرێتەو و لەسەر بەشی ناوەوە ئەو شوێنەی کە نووسراوە Let me use a different input method for each app windows کلیك بکە. ئیدی کێشەکە بەتەواوی چارەسەر دەبێت.



## کامێرایەک بۆ وێنەی ٣٦٠ و سێلفیەکان

کاتێك باسی کامێرای وێنەگرتن دەکرێ، لە زەیندا وێنەی کامێرایەکت دێتەبەرچاو کە زیاتر نیوسەدەیە دیزاین و شێوەکەی بەمجۆرەیە. بەڵام لە سەردەمی دیجیتالی نوێدا، کامێرای دیجیتالی بە دیزاین و کارایی جۆراجۆرەوە بەرهەمهاتوون. بۆ نموونە کامێرای جۆری Ricoh THETA SC2. دیزاینێکی سەرنجراکێش و قەبارەیەکی بچووکی هەیە، بەکارهێنەر دەتوانێ بۆ هەموو شوێنێك و هەمووکات لەگەڵ خۆی بیبات. بەئاسانی لە بەرکدا جێگای دەبێتەوە. کامێرای ناوبراو بۆ وێنەگرتنی سێلیفی زۆر گونجاوە. وێنەی ٣٦٠ پلەیی دەگرێت. واتە ئەو وێنانەی گۆ شێوەن. کوالیتی وێنەکانی ٤Kیە. دوگمەیەکی تایمەری خۆکاری تێدایە کە ئەگەر بەکارهێنەر کەسی لەلا نەبێت دەتوانێ وێنەی خۆی بگرێ. سیستەمی face modeی تێدایە کە ئەگەر وێنەکان لەلای سەرەوە یان لە خوارەوە پەڕیبن، دەیخاتەوە ناو چوارچێوەوەوە. هەروەها خۆکار رووناکی کەم و زیاد دەکا.

کامێرای ناوبراو دەتوانێت وێنە لە ژێر ئاویشدا بگرێ.



# ـــــــیڤی پڕ دەکەنەوە

بۆخۆی. پێویست بەوە ناکات کە حەتمەن رووکاری دیوارەکە سپی بێت، بەڵکو خۆی زەمینەی سپی بۆ ساز دەکات. دەنگێکی ستریۆی سینەمایی هەیە. سیستەم بەگەڕخەری lunaیی لەسەرە. راستەوخۆ فیلم لە نێتفلێکس و هاوشێوەکانی وەردەگرێت و بڵاوی دەکاتەوە. دەتوانی هەر لە پرۆژکتەرەکەوە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بکەیەوە. کەش و هەوا نیشان دەدات. هەروەها دەتوانی لەو کاتانەی کە سەیری فیلم ناکەی، دیوارەکە بکەی بە پێشانگایەکی هونەری بۆ نیشاندانی تابلۆ و دیمەنە سەرنج راکێشەکان.

# راوتەری wi-fi6E و خێراییەکەی



کۆمپانیای TP-Link کە بە بەرهەمهێنی مۆدێم و راوتەر ناسراوە، لەم ماوەیەدا راوتەری جۆری WiFi 6E خستەڕوو کە هەم خێراییەکە و هەم دیزاینەکەی سەرنج راکێشە.

خێرایی ئینتەرنێت دەچێتە سەرێ، بۆ ئەوەی کە سوود لەو خێراییە وەربگیرێت پێویستە ئامێری تایبەتی هەبێ، ساڵانی پێشوو خێرایی گواستنەوە بە شێوەی WiFi تەنیا 4G بوو، بەڵام ئێستاکە ئەم سنوورەی بڕیوە و بۆتە 6G.

ئەم راوتەری کە دەبینن بۆ گواستنەوەی ئینتەرنێتە بە خێرایی 6G، لەیەکەم سەرنجدا، ئامێرەکە وەك هەموو رۆبۆتێك دەبینی تاکو راوتەرێك، وەك ئەو رۆبۆتانەی کە لە فیلمی خەیاڵی زانستیدا دیتوومانن.

راوتەری Archer AXE200 Omni زۆر بەهێزە و بۆ ئەو شوێنانە دەبێت کە پێویستیان بە ئینتەرنێتی خێرایە. خێرایی گواستنەوەی ١١ گیگابایت لە چرکەیەکدایە.



## ماڵپەڕێک بۆ خوێندنەوەی زەین

سەدان و هەزاران ماڵپەڕ هەن لە ئینتەرنێتدا کە تایبەتن بە سەرگەرمی و پرسیار و وەڵامی و خوێندنەوەی زەین و... یەکێك لەو ماڵپەڕانەش ماڵپەڕی www.transum.org ە. ماڵپەڕەکە زیاتر وەك سیحر و جادوو دەچێت و زەینی بەکارهێنەرەکەی دەخوێنێتەوە. لەسەرەتادا خشتەیەکی ژمارە دیاری دەکات و دەبێ یەکێك لەو ژمارانە هەڵبژێری پاشان چەندین جار ئەو پرسیارە دووپات دەکاتەوە و خشتەکە دەگۆڕێ، دوای ئەوەی کە چەندین جار ئەوەی دووپات کردەوە، ئەو ژمارەیەی لە زەینت گرتووە دەستنیشانی دەکا. دیارە لەو ماڵپەڕەدا هەر ئەو بەشە نییە بگرە بە دەیان بەشی جۆراوجۆر هەن، هەرکامیان تایبەتن بە شتێك بۆ کات بەسەربردن.

## پرۆگرامێک بۆ نووسینی یاسا و شیکاریە بیرکارییەکان

نووسینی یاسا و شیکاریە بیرکارییەکان گەلێك دژوارە، هەرچەندە بە پرۆگرامەکانی زنجیرەی مایکرۆسۆفت وەك word و exile دەکرێن. بەڵام ئەوانیش وەڵامدەرەوەی باش نین، بەتایبەتی ئەگەر بابەتەکە زانستی بیرکاری یا فیزیایی بێت و پڕ بێت لە فۆرمۆڵ (یاسا) و شیکاری ئاڵۆز.

پرۆگرامی MathType وەڵامدەرەوەیەکی باشە بۆ نووسینی بابەتە ئاڵۆزە شیکاری و یاسا پڕ لە هێماکان. بەکارهێنانی پرۆگرامەکە ئاسانە ئەمەش تایبەتمەندییەکی باشە بۆ ئەوانەی کە نیازیان هەیە بابەتە زانستییەکانیان ئامادە بکەن. چوار ڕیزی دوگمە بۆ نووسینی جۆری هێماکان، ڕیزێکیش بۆ نووسینی دەستەواژەی جەبر، ئەندازە، ماتریس..

نووسینی بابەتە بەم پرۆگرامە ئاسانە، تەنیا ئەوەندە بەسە لەسەر دوگمەی هێماکان کلیك بکەی و پاشان یاساکان بنووسی و دواتر کۆپی بکەی و لە هەر شوێنێك مەبەستتە دایبنێی.



# جلی کلاسیکی بووکێنی بۆ خانمانی کورد



خانمانی دەستگیراندار، یان ئەوانەی خەریکی زەماوەندی هاوسەرگیرین، لەو ماوەیەدا، ئەوەش بەهۆی هەڵبژاردنی جلوبەرگ و ماکیاژ و کەرەستەکان بۆ ڕۆژی ئاهەنگ، نیگەرانییەکی زۆر دایاندەگرێت، ئەمەش وا دەکات کە لە دەستنیشانکردنی پێداویستییەکان بە گشتی و جلی بووک بە تایبەتی، تووشی دوودڵی ببن، بۆیە ڤاناس مۆدە ئاسانکاریی بۆ هەڵبژاردنی جلی بووک کردووە، کە ئەم جارەیان بە کراسی جلی بووکێنیی کلاسیك ناسراوە، کە قۆڵەکانی کراوە و فراوانن، لە بەشی سینگەوە بە نەخش و موورو و کریستاڵ و قوماشی ساتان تۆڵ کراوە، جلی کلاسیك لە مۆدی سەدەکانی ١٨ وەرگیراوە، کە بەشێکی زۆری دیزاینەکەی سافە و بێ لاربوونەوە و چەماندنەوەیە، لە قوماشی ساتان دروست کراوە و کاری دەستیی سادەی بۆ کراوە، بۆ ئەوانەیە کە خولیای جلی سادە و بێ نەخش و نیگارن، زیاتر کراسەکانی بە نەخش و چەمانەوە بۆ وەرزی پاییز و زستان بەکار دەهێنرێن، جلی بووکێنیی سادەش بۆ بەهار و هاوین گونجاوە، شانەکانی بەرزن لە ئاستی گەردن دەبن، کە ئەمەش بە ستایلی کلاسیك و جلی کچە شا و شاژنەوەکان بەناوبانگە.

# چۆن چارەسەری پێڵاوە تەسکەکانت دەکەیت!



بەدەستهێنان و کڕینی کەرەستەکان هەندێك جار پێچەوانەی هەنگاوەکانت دەبن، وەك کڕینی جلوبەرگ کاتێك لە شوێنی کڕیندا هیچ کێشەیەکی نییە، بەڵام دواتر دەبینی گەورەیە، یان بچووکە، ئەوەیان لەلای بەرگدروو چارەسەر دەبێت، بەڵام ئەی ئەگەر پێڵاو و سەندڵێکت کڕی و لە ماڵدا بینیت بچووك و تەسکە، ئەوکات چۆن دەبێت؟، چارەسەر بۆ ئەو گرفتەش لەلایەن پسپۆڕانی جلوبەرگ و پێڵاوەوە دانراوە، بریتییە لە: سەرەتا دەتوانیت بەر لە لەپێکردنی پێڵاوەکە بە هەوای گەرمی سشوار(مجففة) ئاراستەی بەشی ناوەوەی پێڵاوەکە بکەیت، ئەو کاتە پێڵاوەکە بەهۆی گەرمییەوە بڕێك دەکشێت، هەروەها گۆرەویی تەنك لەپێ بکە، تا تەسکیی پێڵاوەکە کەمتر ببێتەوە، هەوڵ بدە پێڵاوەکە بۆ ماوەیەك لە ماڵەوە لەپێ بکەیت، تا لە دەرەوە بێزاریت پێوە دیار نەبێت، بڕێك ئاو بهێنە و لە ناو کیسێکی بکە کە نەدڕێت، بیخەرە ناو پێڵاوەکەوە بەر لەوەی لەپێی بکەیت، بیخەرە ناو بەفرگری ماڵەوە تا دەبێتە بەفر و قاڵبی پێڵاوەکە گەورە دەکات، پەتاتەیەك بهێنە و پاکی بکەو بە درێژایی شەو بیخەرە ناو پێڵاوەکە، ئەمەش وا لە پێستی پێڵاوەکە دەکات کە بکشێت، هەروەها دەتوانیت پارچە کاغەزی زۆر بهێنیت و لوولی بکەیت و بیخەیتە ناو پێڵاوەکە، کە کار لەسەر گەورەکردنی پێڵاوەکە دەکات.



# ئەتەکێت و پرۆتۆکۆڵی دەرچوون و بازاڕکردن

دەرچوون و بازاڕکردن خولیایەکی بەهێزی خانمانن، تەنانەت ئەگەر لە ماندووترین ساتیشیاندا بن، کاتێك باسی دەرچوون و بازاڕ دێتە ئاراوە، بێ دوودڵی ئامادەن، بازاڕکردنی ئافرەتان بەوە ناسراوە کە ماوەیەکی زۆر لە شوێنە گشتییەکاندا بەسەر دەبن، لەگەڵ ئەوەش بازاڕکردن ئەتەکێت و پرۆتۆکۆڵی تایبەت بە خۆی هەیە، کاتێك نیازی دەرچوون و بازاڕت هەیە، سەرەتا پێویستە لە هەستێکی باشدا بیت، کەرەستە و کەلوپەلەکانت ئامادە بکە، جل لەبەر بکە و سەرەتا بزانە چیت پێویستە، باشترە تا لە بیریان نەکەیت لەسەر کاغزێك، یان لە نۆتی مۆبایلەکەتدا بیان نووسیت، هەروەها کاتێك سەردانی شوێنێك دەکەیت، پێویستە بە ڕوویەکی خۆشەوە سڵاو بکەیت. بۆ ئەوەی خاوەن شوێنەکە پێشوازییەکی گەرمت لێ بکات، نابێت لە بەهای کەرەستەکان کەم بکەیتەوە، یان بە قسە و شێوازێکی ئاست نزم بدوێیت، ئاسایی بە و بزانە چیت دەوێت، ئەوە داوا بکە، پۆشاکی قەبارەی خۆت لەبەر بکە و، دوودڵ مەبە لە هەڵبژاردنی کەرەستەکانت، لە کاتی تاقیکردنەوە ئاگاداربە ماکیاژت بە جلەکانتەوە نەنووسێت نەوەك دواتر نەتەوێت و جلەکەش پیس ببێت، بیرت نەچێت لە کاتی سەردانی شۆپ و شوێنەکاندا، نابێت خواردن و خواردنەوەت بە دەستەوە بێت.

# ڤیدیۆكانی لارین چوار ملیۆن بینینی تێپەڕاندووە

**لارین منداڵێكی خەندە بەخش و قسە خۆشە، لە خۆشەویستی و شەنگیدا چەندین ئەكاونتی بەناوەوە دانراوە، تەنانەت زۆربەی قسە خۆش و گۆرانییەكانی لە تۆڕەكانی سۆشیاڵ میدیادا بڵاو دەكرێتەوە، لە لایەن باوك و دایكیەوە قسەی لەگەڵ دەكرێت و ئەویش بەو تەمەنە بچووكەوە قسەی گەورە و خۆش دەكات و بە گیتارەوە گۆرانی دەچڕێ، خاوەن جەماوەرێكی بەرچاوە لە تۆڕەكاندا، چەند پرسێكمان ئاراستەی باوكی لارین كرد، بەم شێوەیە وەڵامی گوڵانی دایەوە:**



*** لارین تەمەنی چەندە و لە كەیەوە هەستتان كردووە بەهرەی قسەی خۆش و گۆرانیگوتنی هەیە؟**

- لارین ڕێباز لەدایكبووی ١٥-٥-٢٠١٨یە، واتا تەمەنی سێ ساڵ و نۆ مانگە، لە تەمەنێكی زۆر بچووكەوە توانای قسەكردنی بۆ دروست بوو، بەهۆی كەمیی تەمەنی و زیرەكییەوە لەگەڵ بڵاوبوونەوەی یەكەم كورتە ڤیدیۆیدا بینەرێكی زۆری هەبوو، كە تیایدا سەدان كۆمێنتی زۆر جوانی بۆ دەهات و باسیان لە جوانی و قسەخۆشیی لارین دەكرد، ئێستا لە سۆشیاڵ میدیادا بە لارین قسە خۆش ناسراوە.

*** لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ڤیدیۆكانی لە سۆشیال میدیا و دەنگدانەوەی جەماوەر، لارین چ هەستێكی هەبوو؟**

- لە ڕاستیدا كاتێك یەكەم كورتە ڤیدیۆی لارینمان دانا، چاوەڕوانی ئەو دانگدانەوە گەورەیەمان نەدەكرد، كە بووە هۆی خۆشحاڵیمان، هەر بۆیە بڕیارماندا بە قسە خۆشەكانی لارین خان، بەردەوام بین لە ڕاكێشانی سەرنجی بینەرێكی زۆر.

*** ئەو قسانەی دەیكات پێی دەگوترێت، یان خۆی دەیكات؟**

- لارین خۆی منداڵێكی زیرەك و قسەخۆشە، ئێمەش وەكو خێزانی ئەو یارمەتیدەرێكی باشین و هاوكاریی دەكەین لە قسەكردندا، هەر ئەم قسە خۆشانەی لە سۆشیال میدیا بووەتە هۆی ڕاكێشانی بینەرێكی زۆر.

*** ئەو گۆرانییانەی دەیڵێتەوە، خۆی حەزی پێ دەكات، یان فێری دەكەن؟**

- بێگومان ئەو گۆرانییانەی كە خۆمان زیاتر گوێ لێ دەگرین، ئەویش لەگەڵ خۆماندا گوێبیستیان دەبێت و دەیڵێتەوە، بەدەر لەمانەش، كۆمەڵێك گۆرانیی منداڵانیشی گوتووەتەوە.

*** دەتەوێت لە داهاتوو لارین ببێت بە چی؟**

- وەك خێزانی لارین، حەز دەكەین لە داهاتوودا پەرە بە بواری خوێندن بدات، ئینشائەڵڵا هەموو هەوڵێكمان بۆ ئەوە دەبێت كە لە داهاتوودا وەك كەسێكی ئاسایی خۆی بڕیاردەری ژیانی خۆی بدات، لەو بوارەی كە خۆی دەیەوێت.

*** چەند فۆلۆوەر و جەماوەری هەیە لە سۆشیال میدیا؟**

- جێگەی شانازییمانە كە لە هەر چوار پارچەی كوردستان بینەر و جەماوەری لارین هەن، كە لایك و فۆلۆوەرزی لارین خانن، بۆ نموونە لە تیكتۆكدا ١٣٣ هەزار فۆلۆوەرزی هەیە، لە ئینستگترامیش نزیكەی ١٥ هەزار و، زۆرترین بینەری ڤیدیۆی لارین چوار ملیۆن بینینی تێپەڕاندووە.



*** هیچ داواكاری بۆ ڕیكلام و سپۆنسەر بۆ لارین هاتووە؟**

- بێگومان بەردەوام دەبین و هاوكاریی دەكەین، تا ئەو كاتەی خۆی دەیەوێت، وەكو ڕێكلامیش داواكاریی زۆرمان بۆ دێت، ئێمەش بەپێی توانا ڕێكلامی بۆ دەكەین، بەڵام وەكو سپۆنسەر تا ئێستا هیچ سپۆنسەرێكمان نییە، ئەگەر هەبێت كاری لەگەڵ دەكەین.




# بووک و زاوای کارێکتەری دیجیتاڵ

بەهۆی بڵاوبوونەوەی هەردوو ڤایرۆسی کۆرۆنا و ئۆمیکرۆن، دەسەڵاتی هیندستان کۆبوونەوەی جەماوەری و ئاهەنگەکانی گشتی و خێزانیی لە سەراپای وڵات قەدەغە کردووە، بەم دواییەش پیاو و ئافرەتێك نیازی زەماوەندی هاوسەرگیرییان هەبوو، بەڵام بەهۆی ئەو بڕیارەوە نەیانتوانی هیچ کەسێك داوەت بکەن، هەربۆیە ئەوانیش پەنایان بۆ وێنەی سێ ڕەهەندی و کارێکتەری دیجیتاڵ بردووە، تا ئاهەنگەکە ساز بکەن، هەر یەکە لە (دینس سیفاکۆمار و جانا گاناندیهینی) لە ویلایەتی تامیل نادۆ لە وڵاتی هیندستان داوەتی (٢٠٠٠) کەسیان کردبوو، بەڵام بەپێی ڕێو و شوێنەکان تەنیا (١٠٠) کەس بۆی هەبوو بەشدار بێت، بۆیە دەبوو بتوانن دڵی ١٩٠٠ کەسەکەی دیکە بشکێنن، پەنایان بۆ بیرۆکەی کارێکتەرەکان برد، وەك لاساییکردنەوەی زنجیرەکانی هاری پۆتەر، بۆ هەر کەسێك کارێکتەرێك لە هۆڵی ئاهەنگی هۆگۆوارتس کرایەوە، کە هەر تاکێك بە مۆبایل، یان لاپتۆپ دەیتوانی کارێکتەرەکەی بەشداریی ئاهەنگی ئەو بووك و زاوایە بکات.

# بچووکترین دیزاینەر و نمایشکاری جلوبەرگ



دیزاینەر و نمایشکارانی جلوبەرگ ساڵانێکی زۆر بە دوای پسپۆریدا دەبن، یان ئەوانەی لەو بوارەدا بڕوانامە بە دەست دەهێنن، دەتوانن نازناوێك لەو بوارەدا بۆ خۆیان بەدەست بهێنن، کەچی ئەو کچە بچووکە تەنیا نۆ ساڵە و هەر لە ئێستاوە کاری دیزاینەریی جلوبەرگ و ئامادەکاری دەکات، تا ببێتە ئایکۆنێکی بەناوبانگی نمایشکاری جلوبەرگ، (کایا ئاراگۆن) لە ویلایەتی کۆلۆرادۆی ئەمریکا دەژی، ڤیدیۆی دیزاین و نمایشەکانی لە تیکتۆك بڵاو دەکاتەوە و، تا ئێستا خاوەنی زیاتر لە (٢١) ملیۆن جەماوەر و فۆلۆوەرزە، دیزاینەران پێیان وایە، لە داهاتوودا جێدەستی خۆی لە بواری دیزاین و جلوبەرگدا دەدۆزێتەوە، چونکە خاوەن بیرۆکە و کاری سەرنجڕاکێشە، بەرهەمەکانیشی تا ئێستا قبووڵ کراون و جەماوەرێکی زۆریشی هەیە، بۆیە لە ئێستادا بە بچووکترین دیزاینەر و نمایشکاری جلوبەرگ دادەنرێت.



## کاریکاتێر


باس لە کەرەنتینە و مانەوەی خەڵك بە دەست ڤایرۆسەکانی کۆرۆنا و ئۆمیکرۆن، ئەمساڵیش بارینی بەفرێکی زۆر کە هاتوچۆ و دەرچوونی بۆ مرۆڤ ئەستەم کردبوو.

## جل شووشتن لە ڕووبار





هەمیشە دەگوترێت کە ئاوی ڕووبارەکان پاکترن و تەندروستن لە چاو ئاوی دەریاکاندا، بەهۆی ئەوەی ئاوی ڕووبارەکان بەردەوام دەڕوات و ئاوی دەریاش وەستاوە و خوێی تێدایە، بەڵام ئەوەی سەردانی وڵاتی هیندستان بکات و ڕووباری (یاموونا) ببینێت، بڕوا ناکات کە ئاوی ئەو ڕووبارە چەندە پیس و شێلووە، کە تا ئێستا بە پیسترین ڕووباری جیهان دادەنرێت، ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە، ئەوەیە کە نزیکەی (٦٠٠) کرێکار لەم ڕووبارەدا خەریکی جلشووشتنن، بەهۆی ئەوەی شوێن وکارگەیەکی خۆیان نییە، کارەکەشیان شووشتن و پاککردنەوەی جلی کۆن و جلوبەرگی خەڵکە بەرامبەر بڕێك پاداشت، کە شوێنی جلشووشتنەکانیان لە نێو پیسترین ڕووباری جیهاندایە.



## نــوکتــە

ڕەزیلێك ویستی خانووەکەی ڕەنگ بکات، نیوەی ڕەنگ کرد و لەسەر نیوەکەی دیکەی بە گەورەیی نووسی: سەیر مەکە، وابزانە هەمان ڕەنگی نیوەکەی دیکەیە!

## فیلم
## کەوتنی مانگ – Moonfall




فیلمێکی زانستی و ئەکشنە، باس لە هێرشی هێزێکی شاراوەی گەردوون دەکات، کە هێرش دەکاتە سەر مانگ، تا داگیری بکات و لەسەر ڕێڕەوی خۆی لای بدات، دوای ئەوەی چاودێرانی ناسا بەو هێرشە دەزانن، تیمێکی پێکهاتوو بە ناوی (جۆ) بە سەرۆکایەتی (جۆسیندا فاولەر) دەنێرنە بۆشایی ئاسمان، تا بەرەنگاری ئەو هێرشە ببنەوە و مرۆڤایەتی ڕزگار بکەن، ماوەی فیلمەکە دوو کاتژمێرە و بودجەی فیلمەکە ١٤٠ ملیۆن دۆلارە، لە دەرهێنانی (ڕۆلاند ئیمیریچ)ە، لە نواندنی (جۆن برادلی، پاتریك ویلسۆن، کەیلی یۆ) لەگەڵ ئەکتەرانی ناوداری ئەمریکی (هەیلی بێری، مایلك پێنا، دۆناڵد ساتریلاند).

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

ڕووداوەکان بە خێرایی تێپەڕ دەبن، بۆیە دڵکراوە بە، لەگەڵ هاوپیشەکانت چارەسەری کێشەکانت بکە و با زیاتر سەرنجت لەسەر کارەکانت بێت، هەوڵ بدە زیاتر خۆشەویستەکەت بەخۆتەوە پەیوەست بکەیت و ڕێزی لێ بگرە و گرنگیی پێ بدە، لە لایەنی تەندروستییەزوە ڕاهێنانی وەرزشی فەرامۆش مەکە.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

لە ڕووی مادی و مەعنەوییەوە هەوڵ بدە لە ڕێگەی تواناکانی خۆتەوە هەنگاوی نوێ بنێیت، بۆ ئەوەی هەست بە دڵنیایی بکەیت، لەگەڵ خۆشەویستەکەت پەیوەندیتان باشە و ڕۆژانێکی خۆش بەڕێ دەکەن، لە پێناو پاراستنی تەندروستیت هەوڵبدە ئارام و هێمن بیت.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

لە ڕووی پیشەییەوە هاوکاریی کەسانی دیکە بکە و بەرە و سەرکەوتن هەنگاو بنێ، لە ڕووی سۆزدارییشەوە دوای ناکۆکییەکی زۆر کێشەکان چارەسەر دەبێت و پەیوەندیت لەگەڵ خۆشەویستەکەت باش دەبێتەوە، ڕێگە مەدە فشاری دەروونی کاریگەریی بخاتە سەر جەستەت.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

چاودێریی دەوروبەرت بکە و بزانە ئەوان چۆن کار دەکەن، کەسێکی ڕاستگۆیت، بۆ ئەوەی بەرەوپێش بچیت گرنگە لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا لەگەڵ تەکنەلۆژیا خۆت بگونجێنیت، لەڕووی سۆزدارییەوە هەوڵ بدە ڕاستگۆبیت بۆ ئەوەی خۆشەویستیتان بەردەوام بێت، سیستمی خۆراکی تەندروست پەیڕەو بکە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

هەنگاوەکانت بە ڕێکی بنێ، کەسانێك هەن کە خۆشیی تۆیان دەوێت، فەرامۆشیان مەکە، ڕووبەڕووی هەندێك کێشە دەبیتەوە و دەبێت بە خێرایی چارەسەری بکەیت، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر خۆشەویستەکەت خۆشتر دەوێت و پەیوەست دەبیت پێیەوە، لەڕووی تەندروستییەوە ڕاهێنانی وەرزشی فەرامۆش مەکە.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

لە ڕووی پیشەییەوە بڕیاری کۆتایی کەمێك قورسە و دەبێت زۆر بە ئاگا بیت، بەتایبەت لەو بڕیارانەی کە پەیوەندییان بە داهاتووەوە هەیە، پەیوەندیت لەگەڵ خۆشەویستەکەت جێگیر نییە و دەبێت چارەسەری کێشەکان بکەیت، لە رووی تەندروستییەوە ڕەنگە تەندروستیت تێکبچێت، پێویستە ئاگات لە خۆت بێت.

بۆ زانیاریت

# قەرزی ئەمریکا

قەرزەکانی سەر ئەمریکا ژمارەی پێوانەیی تۆمار کرد، قەرزەکانی سەر ئەمریکا (٣٠) ترلیۆن دۆلاری تێپەڕاند، واتە هەر هاووڵاتییەکی ئەمریکی (٩٠٢٢٤) نەوەد هەزار و دووسەد و بیست و چوار دۆلار قەرزارە، ئەم قەرزانە لە دۆخێکدا زیاد دەکەن کە ئەمریکا نزیکەی سێ ترلیۆن دۆلار کورتهێنانی بودجەی هەیە. ئەگەر ئەم قەرزانە بەراوردی بکەین بە GDP تێکڕای بەرهەمی ناوخۆی ئەمریکا کە (٢٢,٩)ترلیۆن دۆلارە، ڕێژەکەی (١٢٨٪) زیاترە، ساڵی ٢٠٠٠ ڕێژەی قەرزەکان (٥٨٪) بەرهەمی ناوخۆ بوو، ساڵی ١٩٨٠ (٣٤,٥٪) بوو، ئەگەر سەرنج بدەین، دەبینین کە ساڵانە ڕێژەی ئەم قەرزانە زۆر زیاد دەکەن بەراورد بە GDP ی ئەمریکا.





## پەند و وتە

ئەلدۆس لیۆنارد هێکسلی، نووسەری بەریتانی و فەیلەسووف، کە خاوەنی (٥٠) کتێب و ڕۆمانە، لە ساڵی ١٨٩٤ لە شاری گودالمینگ لە بەریتانیا لەدایکبووە و لە ساڵی ١٩٦٣ لە ئەمریکا کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی درۆ و ڕاستی دەڵێت: درۆکردن ڕاستییەکان ون ناکات، بەڵام بۆ ماوەیەکی کاتی، یان بۆ ماوەیەکی زۆر دەیشارێتەوە، درۆکردن بەندە بە کاتەوە، بە تێپەڕبوونی کات ئاشکرا دەبێت.



## یاریی وێنە

لە وێنەکەدا دوو پشیلە هەن، یەکێکیان نێرە و ئەوەی دیکەیان مێیە، بە سەیرکردن لە ڕۆیشتن و شێوەی ڕوخساریان هەوڵ بدە بزانیت کامەیان نێرەکەیە و کامیان مێیە.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

کارەکانت ڕێك بخە و لە پێناو ئەنجامی باشتر، داوای هاوکاری لە هاوپیشەکانت بکە، بۆ ئەوەی گرفتەکان چارەسەر بکەیت و هەنگاوی نوێ بنێیت، متمانەت بەخۆشەویستەکەت هەبێت، چونکە دەیەوێت یارمەتیت بدات و پشتیوانت بێت، ئەگەر ماندویت، پێویستە پشوویەك وەربگریت.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

کەسێکی نزیکت لەگەڵتە بۆ هەموو کارێك، گرنگە کارەکانت ڕێك بخەیتەوە و پلان بۆ داهاتوو دابنێیت، بۆ ئەوەی سوود لەو چانسانە ببینیت کە دێنە بەردەمت، پێویستت بە کاتی زیاترە بۆ ئەوەی خۆشەویستەکەت بناسیت، واز لە خواردنەوە گازییەکان بهێنە، دەنا کاریگەری نەرێنییا لەسەر تەندروستیت دەبێت.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

گرنگە هەمیشە بەشێوەی هاوبەشی کار بکەیت و هەنگاوی نوێ بنێیت، بۆ ئەوەی لەڕووی پیشەییەوە سەرکەوتوو بیت، ڕەنگە هەندێك کەس بەهۆی خۆشەویستەکەتەوە دژایەتیت بکەن، بەڵام سەرکەوتو نابن ئەگەر تۆ نەتەوێت، لە ڕووی دەروونییەوە ڕەنگە کەمێك ماندوو بیت.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩


ڕێزی ئەوانە بگرە کە پێویستیان بە هاوکاری هەیە و یارمەتییان بدە، بۆ ئەوەی هەمیشە پشتیوانیت بکەن، کاتێك تەرخان بکە بۆ کۆبونەوە کۆمەڵایەتییەکان و باشترکردنی پەیوەندییەکانت لەگەڵ هاوڕێکانت، بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی سەختییەکان ببیتەوە، هەوڵ بدە بەشێوەیەکی ئەرێنی بیربکەیتەوە.


### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

خەمی داهاتووت نەبێت، بەرەو خۆشبەتی دەچیت و بە پەرشەوە هەوڵ دەدەیت کارەکانت جێبەجێ بکەیت و هەنگاوی نوێ دەنێیت، وا باشترە ڕێگە نەدەیت خەیاڵ و وەهم زاڵبێت بەسەر پەیوەندیی سۆزداریتدا، بەڵکو دەبێت زۆر لۆژیکی بیت و، متمانەت بە تواناکانی خۆت هەبێت.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

لە ڕووی پیشەییەوە کارەکانت بە جوانی جێبەجێ بکە، پێش ئەوەی هەر پرۆژەیەك جێبەجێ بکەیت، هەوڵ بدە پلان دابنێ و کارەکانت ڕێك بخەرەوە، لە ڕووی سۆزدارییەوە لە هەنگاوەکانت مەترسە و سوود لە چانسەکان وەربگرە، لە پێناو تەندروستیت هەمیشە خواردنی تەندروست هەڵبژێرە.







بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:


https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone

## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT,
Croporation Computerizing and Implementation of
Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:
Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:
گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626